

# ژنان

٤٨

گۆڤاری یەکیەتیی ژنان دێموکراتی کوردستان

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ

بەفرانباری ١٣٩٧ - January 2019

بەرەو داهاتوو

وەفایەک بۆ شەهید

هێندێک کارەسات هەن زۆر دڵتەزێن و جەرگبڕن

دوایین بزەی سەر لێوتان سیمبولی نوێی بەرخودانە

قەڵافەتی سەرڤ و جوانی سنوبەر و باڵای بەرزی قەڵا

وتووێژی گۆڤاری "ژنان" لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## پێرست


- وتووێژی گۆڤاری ژنان لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ٤-٥
- مرۆڤ هزر و بیری هەیە ٦-٧
- وەفایەک بۆ شەهید ٨-٩
- هێندێک کارەسات هەن زۆر دڵتەزێن و جەرگبڕن ١٠
- دوایین بزەی سەر لێوتان سیمبولی نوێی بەرخودانە ١١
- کۆستی گەورەی بنەماڵە ١٢
- بەرەو داهاتوو ١٤-١٥
- قەڵافەتی سەرو و جوانیی سنۆبەر و باڵای بەرزی قەڵا ١٦
- درووود بۆ رۆحی بەرزەفڕی شەهیدانی (١٧)ی خەرمانان ٢٤
- خوێنی سوری ئەو شەهیدانە لەسەر خەبات سورتری کردین و سورتریشمان دەکا ٢٥
- ئەفسانەی ئەوینێکی ئەهورایی ٢٦-٢٧
- بۆ شەهید جەماڵ ئەکبەری ٢٨
- ئەو رۆژەی «پێشەوا»م ناسی ٣٢
- ژنان و پێگەیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا ٣٣
- مەنسوور ئەکبەرپوور و هەستێکی شۆڕشگێڕانە ٣٤
- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی چلەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان ٣٥



**دەستەی بەیوەبەری**

**موژگان عەلیپوور،شلێرمەحموودی**

**هاوکاران: سروشت مووساپور**

ژنان

وەرزانەیەکی
سیاسی، کۆمەڵایەتی،
فەرهەنگی و ئەدەبییە

دیزاینی بەرگ:

ئەیوب شەهابیراد

دیزاینی ناوەوە:

نەسرین یوسفزادە



ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی:

009647518770093

# سەروتار

**شلێر مەحموودی**

مانگی خەرمانان، مانگی هەڵگرتنەوەی خەلەوخەرمان، مانگی داکردنی بژیوی ژیان و پاشەکەوتکردنی دانەوێڵەیە لە کوردستان!

لە بەربەیانیەکی ڕۆژێکی خەرمانان، کە سەرەتای مالاوای بوکی دڵگەرمی هاوین لە پێدەشتەکانی گەرمێنی وڵاتەکەمە. کاتێک، کەوا وەرزی هاوین، هەروا بە تین و گوڕ، دار و بەرد و خاک و خۆڵ و گیانلەبەرانی ئەم دەڤەرە، بە تیشکی خۆری پڕ لە هێزی گەرما دەدا، لە سەروبەندێکدا، کە بووکی وەرزی هاوین وردەوردە بەرەو ماڵی باوان بارگە و بنەی دەپێچێتەوە و چاوەڕوانی وەرزی پایزە بەڕێی بکا. لە بارەگاکانی دیمۆکراتی باوانم، لە هەواری دڵسۆزانی گەل و نیشتیمانم، هەروا جەمەی هاتو چۆیە، بەربەیانیە و ڕۆژی شەممەیە، هاوکارەکان دوای پێنجشەممە، یەکتریان نەدیتوتەوە. ئەم بەیانیە، بەیانی یەکتردیتنەوەیە، سلاو و ئەحوالپرسیە، لە باوشگرتن و هەست و خۆشەویستی هاوکارانە و دۆستانە دەربڕینە. ئەوە پەردەکانی شانۆیەکن، کە ڕۆژانە و بە تایبەتی شەممانە لە بارەگاکانی دیمۆکرات و لە هەوارگەی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتم لە قەڵا و دەوروبەری خۆدەنوێنن دوبارە دەبنەوە. منیش ئەمڕۆ لەم ڕۆژەدا، دەگەمە هەر کام لە هاوڕێیان دەگەڵ بزەی خۆشی و شادی و یەکتر دیتنەوە بەرەوڕوو دەبمەوە، ئای کە چەندە هەست بە خۆشی دەکەم، کە دەبینم هاوڕێیان و هاوبیرانم، دەست لە ملانی شادی و خۆشین و بە دڵەوە بۆ دڵ خۆشی دایکی نیشتیمان و بۆ سەربەستی و بە ئازادی ژیان هەوڵ دەدەن. ئەوان ڕازاوە و دڵ پڕ لە گڕی نیشتیمانن، وەک پۆلە گەنجێک دەچن، کە بۆ زەماوەندی دۆستێکی خۆشەویستیان بانگهێشتکرابن، ئاخر لای ئەوان لە نیشتیمان ئازیزتر نییە. دەگەمە هەرکامێکیان دڵخۆش و سەرمەستن، ئەمڕۆ شتێک، کە جیاوازی بوو لە گەڵ ڕۆژانی تر، دڵخۆشیەکە زیاتر و بەرچاوتر بوو، ئەوەش زیاتر لە بەرگی جوان و والای کوردی هاوڕێیانمان دا خۆی دەنواند، ئاخر ئەمڕۆ ١٧ مانگی خەرمانانە و پلنیۆمی کۆمیتەی ناوندی حیزبەکەمانە، ئەمڕۆ لە قەڵای پێشەنگان، لە قەڵای شۆڕش و بەرخۆدان، لە قەڵای پێگەیاندن و تێگەیاندن، هاوڕێیانمان لە کۆبونەوەی وەرزانەی کۆمیتەی ناوەندی حدکدا بەشدارن. ئەم بەیانیە، کە هاوڕێیانم دەبینم، لە دڵەوە بە خۆم دەڵێم، ئای کە چەندە شانازییەکی گەورەیە، لەگەڵ ئەو تێکۆشەرانە لە گەڵ ئەو خوشک و برا لە خۆبردوانە هاوبیر و هاوخەبات بی. خۆشەویستی گەل و نیشتیمان لە بالای والا و ڕازاوەیان، بە جل و بەرگی کوردیدا بەدیدەکەم، من گیانم موچورکێک دایدەگرێ، موچڕکی خۆشی و شادی، لەو کاتەدا، ڕێبەر و مامۆستام و بەرپرسی ڕێکخراوەکەمان و ئەندامی ڕێبەری حدک خاتو سوهەیلا قادری دەبینم، بە هەڵەداوان وەک هەمو کاتەکان خۆم دەگەیەنمە لای و دەباوەشی دەگرم، ئای کە ئەم بەیانیە، بۆن و بەرامەی سوهەیلا چەندە بە تام و چێژ بوو، بۆنێک کە لە شادەمارەکانی بۆنکردنم گوزەراو نەخشی بەستە سەر هز و بیر مێشکم، نەخشێک کە باوەر بە لەناوچوون و لە بیرکردنی ئەستەمە. ئەم بەیانییە سوهەیلا بە لیباسی کوردی جوانەوە ڕازاوە وەک بوکی داستانەکانی عەشق و خۆشەویستی، ئاخر ئەو یەکێک بوو لەو کەسانە، کە لە عەشقی خۆیدا وەفادار بە قەول و بەڵێنی بوو، ئەو لە یەکەم ڕۆژەکانی فامکردنەوەی لە کۆشی دایکێکی نیشتیمانپەروەردا و لە سێبەری باوکێکی شۆڕشگێردا قەولی دا بە نیشتیمانەکەی. قەولی دا تا ئەچێتە باوەشی هەرمانی نێو خاکی پاکی نیشتیمان، بۆ ئازادی، هەر لە هەوڵ و کۆشان دابێ. سالانێکی زۆر تێپەڕین، ژیانێکی زۆر دژوار و ڕوداوی زۆر دڵتەزێن هاتن و ڕابردن. ئەو، هەروا گراوەکەی نیشتیمان و قەولی خۆی بوو. ئەمڕۆش هەر بە وەفاداری بەو قەولەوە، خۆی ڕازاندۆتەوە و دەچێتەوە ژوانی نیشتیمان و ڕاز و نیازی سەرکەوتنەکانی دەدەلە دەکا. ئەو ئەمڕۆ یەکێک لە بەشدارانی ئەم کۆبەنەوەیەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. قەڵای دیموکرات، ئەو شوێنەی، کە دەیان ساڵ بەر لە ئێستا لە لایەن بەعسە فاشیستەکانەوە درووست کرا، بۆ ئەوەی مەبەستەکانی خۆیان جوانتر بپێکن، درووست کرا، بۆ ئەوەی تێکۆشەرانی نەتەوەیەک، لەوێوە بە چۆک دابێنن و ئیرادەیان بخەنە ژێر پێ و دەنگی ئازادی تێدا کپ کەن، بەڵام ئێستا ئەم قەڵایە، تەواو بە پێچەوانەی ئەو مەبەستانەی بۆی درووست کرا بۆتە، مێژویەک لە دیموکراسی و بەرخۆدان و پێگەیاندن، ئیرادەی نەتەوەیەک لەوێوە هاوار دەکا و بە هیچ زولم و زۆرییەک لە کپ کردن نایە. ئەو قەڵایەی، کە دوژمنی نەتەوەکەمان درووستی کرد، ئێستا بۆتە چقڵی چاوی هەرهەمان دوژمن و دوژمنەکانی تری نەتەوەکەمان و داروودەستەکانیان. قەڵا، ئێستا قەڵای ڕازاوە و جوانییە، لە سەر دەروازەی چونەژورەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە شەکانەوە دایە، وێنەی گەورە ڕێبەرانی کورد بە سەر دیوارەکانەوە، سەوزای و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و دارە بالا بەرز و سێبەرپڕەکان، قەڵایان کردۆتە قەڵای پێگەیاندن و تێگەیاندن و بەرخۆدان و خۆشی و خۆشەویستی، لەوێدا وانەی ئازادی و بەئازادی ژیان دەگوترێتەوە. ئەمڕۆ کە گەیشتینە نێو قەڵا، بەرەو دەفتەری کارمان، واتا سکرتاریای یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان وەرێکەوتین، من و چەند هاوڕێ و هاوکارێک، ڕێبەر و مامۆستامان سوهەیلا قادری هاوهەنگاومانە، لە ژووری کاردراین و کاتژمێری سەر دیوارەکەمان، ترپە ترپ، سانیەکان دەور دەکاتەوە، ساتەکان دەڕۆنە پێش و کاتی ئەوەی دێ، سوهەیلاش بەجێمان بێڵێ، بۆ بەشداری کردن لە پلینۆمدا. ئەو هەڵدەستێ، دانە بە دانە دەمانگرێتە باوەش، ئەڵێی خەبەرێک هەیە ئێمە نازانین، واقم وڕ دەمێنێ، ئەو مالاوای دەکا و لە گەڵ مالاوای پێمان دەڵێ یەکیەتیی ژنان بە ئێوە دەسپێرم. دڵنیام سەرکەوتوو دەبین. من دڵم دادەخورپێ، سوهەیلا بۆ وا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو مالاویمان لێ دەکا؟ بۆ یەکیەتی ژنانمان پێدەسپێرێ؟ بڵێی لە پلینۆمدا بڕیارێک بدرێ کە سوهەیلا لە شوێنێکی دیکەی حیزبدا، ئەرکدار بکرێ؟ لە دڵی خۆم دا دەڵێم، نا سوهەیلا، ئەوە یەکێک لە خەسڵەتەکانیەتی، هەمیشە وەک دایک و دۆستێکی نیزیک و خوشکێکی دڵسۆز، ئەگەر بەرەو مالیش دەچێتەوە هەروا گەرم و گوڕ پڕ لە هەستی خۆشەویستی لە ئێمە قوتابیەکانی مالاوای دەکات. دڵی خۆم قانیع دەکەم. سوهەیلا ڕۆیشت. مالاوای و ڕازاوەی و ڕەنگ و ڕوخساری گەشاوە و قسەخۆش و ورەبەخشەکانی و ڕێنوێنیەکانی، وەک فیلمێکی سینەمای دێن و بە بیر و هزرمدا گوزەر دەکەن. کات بە پەلە تێپەڕ دەبێ و ئێمە وێڕای هاوڕێیانی دیکە، لە دیوی سکرتاریای یەکیەتی ژنان دانیشتوین، هەرکەسە و بە ئەرکی خۆیەوە خەریکە و لەو بەینەشدا هەمووماون چاوەڕوانی پشووی هاوڕێیانمان دەکەین، بۆ ئەوەی لە یەکەم پشوودا مامۆستا و ڕیبەرمان سوهەیلا بە هاوڕێیەتی مامۆستا نەسرین حەداد بێنەوە لامان و بە تامەزرۆییەوە تۆزێک لە هەواڵەکانی نێو پلێنۆم پرسیار بکەین. هەر چەند کات دەڕوات ترپەی دڵەکان توندتر و توندتر دەبنەوە، پشوودان نیزیکە و چای ئامادەی تێکردن دانراوە، لە پڕ

دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز پەردەی گوێچکەکانمان دەگرێ و ئەوەی هەستی پێدەکەین، تەنیا کوترانی سەرتاپای لەش و گەرمای خوێنی تازەی لە برینان چۆڕاو خاک و خۆڵ و بۆنی سوتان و باڕوتە. من دەستە کوتە دەکەم، وا هەست دەکەم، هیچ شتێک بە چاو نابینم و دنیایەک لە تاریکی و خۆڵ و تۆز. ئەوەی هەستی پێدەکەم، گەرمی خوێن و کەمێک ئازاری برینە گەرمەکانە، لەم کاتەدا ویستم هاوار بکەم و بزانم چی بووە؟ لە پڕ تەقینەوەی دووهەم هەر بە هامان تەوژم و ئەگەر بڵێم توندتریش. من وام هەست دەکرد کە هەمووی ئەو ڕووداوە، لە چەند چرکەیەکدا بوو. ئێستا هەوڵدەدەم خۆم لانیکەم لەو تاریکی و تەپ و تۆزە ڕزگار بکەم، هەموو هاوڕێیانیشم هەروا، دەگەینە بەر دەرگا، ئاسەوارێک لە وێرانی و تێکرمان دەبینم، هاوڕێیانیشم هەموو بریندارن، خەبەرێکم نییە لە هیچکامێکیان بە درووستی، تەنیا ئەوانەی دەیانبینم، کە لە گەڵماندا سواری ماشێن دەکرێن و دەگەیەندرێنە نەخۆشخانە. لە نێو هەموو بریندارەکاندا چاو دەگێرم، بۆ بینینی قەڵافەت و باڵاکانی تا چەند چرکە لێرەوە پێش بە دیدەم ئاشنا بوون. هیچیان ناناسم. سووتان، بریندار‌بوون و هەڵتەکاندنی لەشی ناسکیان و تۆزاوی و خۆڵاوی و خوێناوی بونیان هەموویانم لێ نائاشنا دەکات. هەواڵەکە جەرگ برە، نێو کۆڕی هاوڕێیانمان ئارام دەبێتەوە و لە نەخۆشخانە دەبیستم، کە شەهید و بریندارێکی زۆرمان هەیە، ڕێژیمی سێدارە و خوێن و نامرۆڤایەتی، بە موشەک هێرشی کردۆتە سەرمان و وەک ئەوەی ئێمە، بۆمبی ئەتۆمان هەبێ و تەواوی ئێرانمان خستبێتە ژێر خەتەری لەنێوچوون. ئای کە چەندە دڵم دادەمێنێ و بەری فرمێسکەکانم پێناگیرێ و ئێشو ئازاری برینەکانم لە بیر نییە، چوون کورد دەڵێ ئێشێک کە دڵ و دەرون، ئازارم دەدا زۆر بە ژانترە لە ئێشی برینی جەستە. خەبەرەکان دڵتەزێنن، چەندین کادری ڕێبەریمان و چەندکەسیش لە ئەندامە دێرین و پێشمەرگە بوێرەکانمان لەم کردەوە تڕۆریستیەدا لە دەست داون. سوهەیلای سکرتێری یەکیەتی ژنان و مامۆستامان و هەروەها مامۆستا نەسرین سکرتێری پێشوتری ئەو یەکیەتییە لە نێو شەهیدەکان دان. دەردێکی بە ژانە. ئەوان وەک دوو شێرەژنی نێو بێشەی ژیان و خەباتی نەتەوایەتی، بێجگە لە خەباتی نەتەوایەتیان، خەبات بۆ بەرەوپێش بردنی مەسەلەی ژنیان بەلاوەگرینگ بوو بە کردەوەش هەوڵیان بۆ دەدا، جێ پەنجەی ئەم دوو ئازیزە لە دەستچووەمان بە کار و باری ڕێکخراوەکەمان و بە تایبەتی بە سەرکەوتنەکانیەوە دیارە. سوهەیلا لەم دواییانەدا یەکێک لەو ژنانە بوو، کە بۆ پێگەیاندنی کاری لاوەکی هەوڵی زۆری دا و هەروەها بۆ دامەزراندنی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو. باوەڕ هێنان بە نەدیتنەوەی ئەو باڵا والآیانەی هەروا کاتژمێرێک پێشتر دیتبومن، زۆر سەختە، بەڵام لەویش سەختتر ئەوەیە، کە دەبێ، ڕێگای ئەم شۆڕەسوارانە وەک خۆیان ویستیان بگرینە بەر و وەک ئەوان، سەربەرزانە سەر بنێینەوە لە پێناو ئەرکێکی پیرۆزتر لە ژیانی خۆمان، ئەرکی ئازادی و بە ئازادی ژیان بۆ نەتەوەیەک دا ئامادەی مردنیش بین. ئەوە وانەیەکە، کە من و هاوکارانم لە یەکیەتی ژنانی دیموکرات لە مامۆستا و ڕێبەراکانمان سوهەیلا و نەسرین فێریان بووین، ئەوان هەر هەموو ژیانیان لە پێناوی ئەم ڕێبازەدا بەخت کرد و بوونە سونبولی خۆڕاگری و کۆڵ نەدان. سوهەیلا و نەسرینەکان و هاوڕێیانی دیکەمان بە دانی گیانی پاکیان ئەوەیان بە دوژمنانی نەتەوەکەمان سەلماند، کە ئەگەر ئەوان بە جەستە لە ئارا دا نەبن، هزر و بیری ئازادی و بە ئازادی ژیان، زۆر لەوەش زیاتر بەرەو بەرزای دەکشێ و دەیان و بگرە سەدان گەنج و لاوی دیکەی نیشتیمانەکەمان هەوڵی شانازی بوونی درێژەدانی ڕێگای ئەوان بۆ خۆیان موسۆگەر دەکەن، ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەمان لە ڕۆژێکدا ڕاست بە پێچەوانەی هاژوهوژی موشەکی کۆماری ئیسلامی سێدارە، لە بێدەنگیەکی کەم وێنەدا، بە نەیارانیان سەلماند، کە نە موشەک و تۆپ و تانک و تیرۆر و ڕەشەکوژی تۆزقاڵێک لە هزروبیری ئازادی لە دڵماندا لاواز دەکا نە لەدەستدانی باشترین ڕۆڵەکانی ئەم نیشتیمانە لە هەوڵ و توانامان دەخات بەرەو سەرکەوتن. ڕاست بە پێچەوانەوە ئەم کارانە سوورتر و شێلگیرترمان دەکەن لە سەر ڕێبازی ڕیبەرەکانمان و تەوژمی زیاتر بە خەباتی نەتەوایەتیمان دەدەن. هاوخەمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هیز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەروەها سەردان و هاو خەمی زۆریەک لە ڕێکخراوە بەشەردۆست و سیاسیەکانی ناوچە و جیهان و دەوروبەر هاتنە مەیدان هەروەها پشت و پەنایی کوردەکانی باشوور لە دەورو بەری بارەگاکانی حدک وایان کرد کە ئێمە لە ژێر خەمی قورسی لە دەستدانی ئەو ئازیزانەماندا بە سەر بەرزی پشت ڕاست کەینەوە و درێژەدەری ڕێبازی پیرۆزیان بین. بۆیە هاوخەمی و هاوفکری و پشتیوانیان جێگای ڕێز و پێزانینە. ئێمە دڵنیاتان دەکەینەوە، تا کچێکی ئەم نیشتیمانە دڵ پڕ لە برینە مابێ، تا لاوێکی بە هەستی ئەم نیشتیمانە دڵی بۆ ئازادی لێ بدا، دوژمنانمان ناتوانن بیر و باوەڕی دیموکرات و مرۆڤ دۆستانەمان لە مێشکدا بشۆنەوە. دڵنیام ڕۆژێک دێ، ئەم دیکتاتۆرە نامرۆڤانەش وەک ئەوانەی پێش خۆیان، بە دەستی بە هێزی ئازاد و ئازادیخوازانی نیشتیمانی سوهەیلا و نەسرین و سەرجەم شەهیدانی ١٧ خەرمانان دەخرێنە نێو زبڵدانی مێژووەوە. سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ١٧ خەرمانان و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان. مەرگ و نەمان و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی ئازادی و مرۆڤایەتی و هاودەستەکانیان.

## بۆ خوێنەرانی گۆڤار

هەر وەک هەمووومان ئاگادارین لە ڕۆژی ١٧ی خەرماناندا کارەساتێکی قەرەبوونەکراو ڕوویدا و قەڵای دیموکرات بوو بە ئامانجی مووشەکبارانی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامدا ١٤ کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕیبەری ئەو حیزبە شەهید بوون و چەندین کەسیش بریندار بوون. ئێستا هەریەک لە کچی ئەو شەهیدانە نامەیەک، یان دڵنووسێکیان بۆ باب و دایکیان لە ژێر ناوی (نامەی کچەشەهیدێک) نووسیوە کە ئێمە لەم ژمارەیەی «گۆڤاری ژنان» کە سەبارەت بەو خەسارەیە کە لە حیزبی دیموکرات و ژنان وەک ژنە شەهیدەکان، ژنانی بریندار و کچە شەهیدەکان کەوتووە، بە مەودای لاپەڕە لە زۆربەی لاپەڕەکاندا بڵاویان دەکەینەوە.



## مستەفا مەولوودی:

# تەنیا بە کاری بەردەوام و شێلگیری لە ئامانجەکانتان دەتوانن جێگەی شەهیدان سۆهەیلا و نەسرین پڕ بکەنەوە

[وتووێژی گۆڤاری ژنان لەگەڵ بەڕێز مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەبارەت بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، کە تێیدا ١٤کەس شەهید و زیاتر لە ٤٠ کەس بریندار بوون کە لە نێو ئەواندا دوو ژنی پێشمەرگە لە سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات، خاتوو سۆهێلا قادری و خاتوو نەسرین حەداد شەهید بوون کە سکرتێری یەک لە دوای یەکی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوون.]



سەرەتا لە لایەن دەستەی بەڕێوبەریی گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سپاستان دەکەین کە ئەم دەرفەتەتان بە ئێمەدا.

**هەر وەک هەموولایەک ئاگادارین لە ١٧ی خەرماناندا بە هۆی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پۆلێک کادر و پێشمەرگەمان شەهید بوو و زیاتر لە ٤٠کەس بریندار بوون و هاوکات ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بەتەواوی ڕووخا و زیاتر لە ٧کەس لەوێدا بریندار بوون و هەر لەو ڕووداوەشدا بە داخەوە دوو سکرتێری لە دوای یەکی ئەم ڕێکخراوەیە شەهید بوون، ئەوە لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکا ئەو هێرشی کردووەتە سەر بنکەی نیزامیی ئەو حیزبە و کەسانی مەدەنی لەوێ نەبوون. ئێوە لەو بارەوە دەڵێن چی؟**

هەر وەک ئێوە باس دەکەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، بنکەی سەرەکیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەو کاتەدا کە کۆمیتەی ناوەندی لە حاڵی کۆبوونەوەدا بوو خستە بەر هێرشی مووشەکی و لەو پەلامارە ١٤ کادر و پێشمەرگەی حیزبی ئێمەی شەهید بوون و زیاتر لە ٤٠ کەسیش بریندار بوون. لە نێو شەهیدەکاندا دوو تێکۆشەری ژن، خاتوو نەسرین حەداد و خاتوو سوهێلا قادری، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبیندرێن. ئەو دوو خاتوونە تێکۆشەرە لە ژیانی سیاسیی و پێشمەرگانەی خۆیاندا سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتیش بوون.

ئەوەی ڕوونە ئەمەیە کە قەڵای دێموکرات ناوەندی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە هاوکات کۆمەڵێک ڕێکخراوی سێنفی و مەدەنیی وەک یەکیەتیی ژنان، یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی خوێندکاران، ناوەندی منداڵپارێزی، ئەنجوومەنی زیندانیانی سیاسی و ناوەندی بەرگری لە مافی مرۆڤی لێرە هەن و چالاکن. بۆیە دەشتوانین بڵێین حکومەتی کۆماری ئیسلامی بێ ڕەچاوکردنی هیچ پرەنسیپێکی یاسایی و نێودەوڵەتی و ئەخلاقی تەنانەت بێگوێدان بە چالاکیی مەدەنیی کەسانێک کە لەو ڕێکخراوانەدا کار دەکەن؛ ناوەندی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی مووشەک باران کردوە و دوو تێکۆشەری بواری ژنان کە هاوکات پێشمەرگەش بوون شەهید و زیاتر لە ٧ ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە و تەنانەت منداڵیشی بریندار کردوە.

**لەو پەلامارەی کۆماری ئیسلامیدا دوو ژنی پێگەیشتوو، شەهید سۆهیلا قادری و شەهید نەسرین حەدادمان لە دەست دا. ئێوە چەندین ساڵە لە نیزیکە دەتانناسین و هاوکاریان بوون. دەکرێ لەسەر کەسایەتیی ئەم شەهیدانە بۆمان بدوێن؟**

ئەگەر بە نۆرە باسیان بکەم ئەمن زیاتر لە ٣٠ ساڵە خاتوو نەسرین حەداد دەناسم و لە نیزیکەوە ئاشنا بووم بە کارەکانی و تەنانەت لە چەند ئۆرگانی حیزبیشدا پێکەوە کارمان کردووە.

کاتێک نەسرین خاتوون لە قوتابخانەکانی شۆڕشدا مامۆستا بوو، یەکێک لە مامۆستا هەرە چالاک و خۆشەویستەکان بوو. منداڵەکان ئەویان وەک مامۆستا و هاوڕێ و خەمخۆری خۆیان زۆر خۆش دەویست. مامۆستا نەسرین بۆ منداڵەکان پەناگا و ئۆمێد و قەڵا بوو، بۆ بنەماڵەکانیش خۆشەویست و ڕووح سووک و کەسێکی ئەمین بوو کە منداڵەکانیان پێ دەسپارد.

لە کارەکانی ئۆرگانیشدا تا بڵێی کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی چالاک و مەیدانی بوو. هەر کارێکت پێ ئەسپاردبا دڵنیا بووی کە زۆر جیددی و لە کاتی خۆیدا ڕایدەپەڕاند، تەنانەت زۆر کاتیش لەلایەن ئۆرگانەکانی سەرەوەترەوە لە سەر تایبەتمەندیی بەرز و چالاکی و لەخۆبوردوویی بێوێنە، کاری زیاتر لە مەئموورییەتی خۆی پێ ئەسپێردراوە. ئەویش لە زووترین کاتدا و بە توانایەکی بێوێنە جێبەجێی دەکرد.

خاتوو سۆهەیلا قادریش یەکێک لە ژنە تێکۆشەر و پێشمەرگەی لێهاتوو و چالاک و پێگەیشتووەکانی حیزبی دێموکرات بوو، چالاک و هەڵسوور، دڵسۆز و بەتوانا. لە هەر بوارێکدا بڵێی چالاک بوو. لە کاری پێشمەرگانەدا، لە بواری ڕاگەیاندندا تا بڵێی بەکەڵک و هەڵسوور بوو.

لە کاری ڕێکخراوەییدا جیا لەوەی یەکێک لە بەرپرسانی هەرە چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بوو، نەخش و دەوری لە کۆکردنەوەی ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان چ لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان و چ لە ئاستی کوردستاندا ئەوەندە دیار و بەرچاو بوو کە هەموو چاوەکانی لەسەر کۆ ببۆوە. لە هەر کۆبوونەوەیەکی کۆڕ و ڕێکخراوەیی ژناندا کە بەشدار بووایە، سۆهەیلا لە ڕوخسارە دیارەکانی ئەو کۆبوونەوانە و تەنانەت زمانحاڵیان بوو. جەسارەتێکی کەموێنەی هەبوو بۆ وەرگرتنی مەسئولییەتە سەختەکان. پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی ئەو دوو خاتوونە شەهیدە یارمەتیی زۆری بە گەرموگوڕیی کۆڕی ژنانی نێو حیزب دابوو. ئەوان پشتیوان و سێبەر و سایە بوون بۆ ئەو کچانەی دەهاتنە ریزەکانی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان و حیزبی دێموکرات.

**شەهیدبوونی ئەم ژنە تێکۆشەرانە خەسارێکی گەورە بوو هەم بۆ بزووتنەوەی ژنان بە گشتی و هەم بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد. کەوابوو بوونی ژنانی پێگەیشتوو چەندە پێویستن لە نێو ئەم بزووتنەوەیەدا؟**

سروشتییە بوونی ژنی تێکۆشەر و پێشمەرگەی ئازا زۆرزۆر پێویست و زەروورییە لە نێو بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی لەرێکخراوەکانی ژناندا.

ئەو دوو خاتوونە شەهیدە (شەهید نەسرین حەداد و شەهید سۆهەیلا قادری) بە خەبات و تێکۆشانیان لەنێو بزوتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان و ریزەکانی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەی ژناندا جوانترین نموونەی ژنی سەرکەوتوویان لە هەموو ئەو بوارانەدا نیشان دا. وە بە شەهیدبوونیان لەگەڵ پۆلێک لە هاوبیر و هاوسەنگەرکانیان بە خوێنی گەشی خۆیان نیشانیاندا کە دەتوانن چ نموونە و ئەزموونێکی جوان و بەنرخ بن کە کچ و ژنانی کوردستان ئیلهامیان لێ وەربگرن. کار و تێکۆشانیان، ئازایەتییان، خەباتی پێشمەرگانەیان، بەوەفابوونیان بۆ هاوسەرەکانیان هەموو مایەی لێ فێربوونن. ئەوان دایکێکی نیشتمانپەروەریش بوون کە منداڵە چاوگەشەکانیان بە جوانترین شێوە و بە کەمترین ئیمکانات پەروەردە کردن و پێیان گەیاندن.

وەک ئەندامی چالاکی حیزبی سیاسی لە پلەی خوارەوەی ڕێکخراوەی حیزبیڕا بگرە تا دەگاتە ئاستی ڕێبەری چالاک و سەرکەوتوو بوون. هەروەها بەرێوەبەرێکی بەتوانای یەکیەتیی ژنانی دێموکرات و هەوێنی تەبایی و هاوکاریی ژنان و ڕێکخراوەکان بوون لە هەموو بوار و ئاستەکاندا. بۆیە ئەوان دەتوانن وەک سەمبول و گوڵی نەخشاوە بین بە سەرچاوەی ئیلهام وەرگرتن و چاولێکردن، هیواداریشم کە زۆر زوو کەلێنی بەتاڵیان بە ژن و کچە تێکۆشەرەکان پڕ بکرێتەوە.

**ڕێژەی بەشداری ژنان لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تا ئێستاش بەو ڕادەیە نەگەیشتووە کە پێویستە. بەڕای جەنابت ژنان خۆیان بایەخ بەو پرسە نادەن یا حیزب لەو بارەوە کەمتەرخەمە؟**

ئەو قسەیە ڕاستە کە ڕادەی بەشداریی ژنانی چالاک تا ئێستاش نەگەیشتووەتە ئاستی چاوەڕوانیی ئێوە و ئێمە و خەڵکی کوردستانیش. بەڵام ئەمن لەگەڵ ئەو قسەیە زۆر هاوڕا نیم کە ژنان بایەخ بە بوونی خۆیان لە نێو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان و حیزبەکان و ڕێکخراوەی ژناندا نادەن یان حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بایەخ بەو بوارە و بە ژنان نادا، بۆ ئەوەی لە نێو بزوتنەوەی سیاسیی کورددا دەربکەون و نموونەیان زۆر بێ. ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێ، ئێمە شاهیدی پێگەیشتوویی، دەرکەوتن و چالاکییەکانی ئەو دوو شەهیدە بەرزە دەبووین، نەخێر نەدەبووین. بۆیە ئەمن پێموایە هەم ژنان دەرکیان بەو موهیم و پێویستییە کردوە و هەمیش حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆیە شاهیدی ژنی وا جەسوور و چالاکن لە ریزەکانیدا کە هەر یەک زیاتر لە ٣٠ ساڵە تێکۆشەر و پێشمەرگەی مەیدانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و بواری ژنانن. بەتایبەتی هەر ئەو دوو خاتوونە زۆر قوتابیی شۆرشگێریان لە هەر دوو ئاستی نەتەوەیی و سیاسی و هەروەها خەباتی یەکسانیخوازیدا پەروەردە کردوە کە دڵنیان سەنگەریان بەتاڵ نابێ.

**لە دوای موشەکبارانی قەڵای دێموکرات ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەربلاو پشتیوانییان لە حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی کرد، پێتان وانییە کە نوختە گۆڕانێکی تازە لە بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵات هاتووەتە ئاراوە؟ حیزبی دێموکراتی کوردستان چ بەرنامەیەکی هەیە بۆ پرسی ژن لە داهاتووی کوردستاندا؟**

وەک بەرێزت باست کرد منیش ئاگاداری ئەوە هەم کە دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەربلاو و لەو ڕێگایانەی بۆیان گونجاوە و لەو شوێنانەی بۆیان کراوە، هاودەردییان لەگەڵ حیزبی دێموکرات کردووە و پشتیوانییان لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کرد و بۆ لەدەستدانی دوو ژنی تێکۆشەر تازیەبار بوون. ئەمن پێم وایە ژنانی ڕۆژهەڵاتیش دەرکیان بە ئەرک و بەرپرسایەتیی خۆیان بەنیسبەت بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کردووە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هاوکار و بەشداریی ئەو خەبات و تێکۆشانە بوون. بەڵام سروشتییە کاتێک لە ڕووداوێکی ئاوادا کە دوو ژنی پێشمەرگە و تێکۆشەر لە مەیدانی تێکۆشاندا شەهید دەبن، ئەوە ببێ بە نوختە گۆڕانێک لە هزر و بیرکردنەوەی ژنانی وڵاتی ئێمەدا. یەکەم سروشتییە ڕق ئەستوورتر دەبن بەنیسبەت دوژمن، دووهەم ئەرکدار دەبن کە پێویستە و دەبێ جێگای بەتاڵی ئەو خەباتکارە ماندوو نەناسانە پڕ بکرێتەوە. لە کۆتاییدا ئەوان دەزانن لە هەلومەرجێکی وا تایبەتدا چ ئەرکێکی قورسیان دەکەوێتە سەرشان و، دەبێ چالاکانە ڕاپەڕینن.

**بە ڕای ئێوە لە ئێستادا و لە دوای شەهیدبوونی سکرتێری ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، ئەرکی ژنان چییە تا بتوانن بۆشایی شەهیدانی ڕێبەریان پڕ بکەنەوە؟**

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەپێی ئەوەی لە بەرنامە و پێڕەوی خۆیدا دەستنیشانی کردووە، هەمیشە و بەدایمە ئەرکی قورسی لە سەرشان بووە و ڕێگای دژواری هەڵبژاردوە. ئەو دەیەوێ ژنان هان بدا و ڕێکیان بخا تا لە بزوتنەوەی سیاسی_ نەتەوەیی خەڵکی کوردستاندا بەشداریی چالاکانەیان هەبێ. ڕێگای سەختی بەشداریی خەبات و تێکۆشان بە دژی ڕێژیمی سەدەکانی نێوەڕاست و سوونەتە دواکەوتووەکان لە نێو کۆمەڵی کوردەواری بگرێتە بەر. یەکیەتیی ژنان دەبێ پەیام و داوای سیاسی و کۆمەڵایەتی و سێنفیی ژنانی کوردەواری هەڵگرێ و لێبراو بێ و بە ئەنجامی کۆتاییان بگەیەنێ. ئەوەی بەتوانا و هێزی ژنانی تێکۆشەر دەکرێ، ئێستا کە بەداخەوە دوو کەس لە تێکۆشەرە هەرە دیارەکانی بواری ژنان لە بزوتنەوەی سیاسی کوردستان شەهید بوون، ژنان دەبێ بەکاری بەردەوام و بەهاتنەمەیدانی تەواو کەلێنی دیار و بەتاڵی ئەو دوو شەهیدە پڕ بکەنەوە و، ئەرکی قورسی سیاسی _ کۆمەڵایەتی و سێنفیی بگرنە ئەستۆ. من ئۆمێدوارم و دڵنیام ژنان بە تێکۆشانی ئازایانە و بە یارمەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانن قوتابی و درێژەدەری ڕێگای سەرجەم شەهیدان بەتایبەتی خاتوو سوهێلا و خاتوو نەسرین بن.

# مرۆڤ هزر و بیری هەیە



عەلی فەتحی

مرۆڤ چییە کە فەیلسۆفەکان بە دەیان هەزار لاپەڕەیان لەبارەیەوە نووسیوە. جەستەیەکی پێکهاتوو لە گۆشت و ئێسقانە و خاوەن ڕووح و هزر و هەناسەیە. خەڵاتی سروشتە کە کاتێک لە بەرامبەر چیایەک دایدەنێین، وردیلەیەکە. چیاش بەو مەزنیە لە بەراورد لەگەڵ گۆی زەویدا، خرکە بەردێکە. بیچمی زەوی، ئەویش لە هەمبەر کاکێشانی خۆر و ئەستێرەکان نوختەیەکە. ئێستا با بزانین ئەو مرۆڤە کەوا خاوەن هزر و هەست و هەناسەیە، قەیاسی لەبەرامبەر ئاسمانی ئەستێرەکان چەندەیە؟ دەکرێ بڵێم بەقەرا ئەوان گەورەیە. چونکە دەتوانێ بیر بکاتەوە، هەر هەموویان ورد و درشت بخوێنێتەوە و بیاندۆزێتەوە.




هەر ئەو مرۆڤە کە لە بەرامبەر جیهانی کاکێشاندا بچووک و نادیارە، لەبەر ئەوەی خاوەن هزرە، ساحێبی ئەندێشە و بڕیارە. زەینی ئەو نە لەگەڵ دەشت و دەریاکان قەیاس دەکرێ و نە لەگەڵ جیهانی بێسنوور. لە هەمان کاتدا دەتوانێ قورسایی خۆرەکان، ئەژماری ئەستێرەکان، مەودای کاکێشانەکانیش دیاری بکا و بگرێتە بەر ڕێگاکانی سەخت و دوور. مرۆڤ دڵ و هەستی هەیە. لەو دووەش گرینگتر، خۆزگە و خولیای ئەو بوونەوەرەیە. کاتێک برسی دەبێ، نان دەخولقێنێ، وەختێک تینوو دەبێ ئاو هەڵدێنجێ، خاوەنی هەڵسەنگاندنە، لەبەرامبەر ناهەقیدا سەر هەڵدەبڕێ و ساحێبی لێکدانەوەیە. ئەگەر وەکوو زانایەک ڕووناکی دەدۆزێتەوە، ئەگەر وەکوو پزشکێک ئازارەکان چارەسەر دەکا، هاوتەرییش دەتوانێ لە پێناو ڕزگارکردنی نەک سەدان، بگرە هەزاران ئینسانی دیکەدا گیانی خۆی بەخت بکا. دە فەرموون بەسەرهاتی قارەمانەکان بخوێننەوە. با بزانین ئەوە کام هێزە کە ئەوان هان دەدا هەستی قارەمانەتییان ببزوێ و تا سنووری گیانبەختکردن پێشڕەو بن؟ پارە، مادییات، بەرژەوەندییە سووک و بچووکەکان، یا نەخێر مرۆڤایەتی؟ لە وەڵامی هەمووی ئەو پرسیارانەدا دەبێ بڵێم: ڕووحی نەمرییە و خۆشەویستی.

کورد وەکوو گەلێکی چەوساوە، هەرچەند لە پێشکەوتن و مافداری بێبەش کراوە، بەڵام خاوەنی هەزاران لەو مرۆڤانەیە کە بۆ دابینکردنی مافی ئینسانی بە شێوازی جۆراوجۆر لە شەرگەیە. ڕۆژئەژمێری کورد بە ڕۆژە خوێناوییەکانی، بە ژمارەی شەهیدەکانی، بەهێزترین بەڵگەیە.

با بروانینە ١٧ی خەرمانان. ئەو ڕۆژەی کە قەڵای دێموکرات لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە مووشەکباران دەکرێ و دەیان شەهید و برینداری لێ دەکەوێتەوە. با بزانین ئەو مرۆڤانەی بە ئاگری ساروخەکان گیانیان لێئەستێندرا کێ بوون؟ بەڵێ ئەوان پۆلێک کۆتری ئاشتی بوون، کە لە پێناو دەستەبەرکردنی ئازادی، ئینسانییەت و حورمەت و کەرامەت بۆ مرۆڤە چەوساوە و هەژارەکاندا تەواوی تەمەنی خۆیان بەخشیبوو. پۆلێک پەرەسلێرکەی دوورکەوتوو لە زێدی خۆیان، ئەو زێدەی کە چاوەڕوانی بەهارێکی خاوەن سەربەستی بوو. ئەوانە ئیرادەیان لە خزمەتی هزر و باوەڕیاندا ئەوەندە بەهێز بوو کە هیچ بەختەوەرییەکی ڕۆژئاوایی نەیتوانی بە ئاگری تاراوگەیی بیانسووتێنێ. ئەگەر نا تاراوگەی ڕۆژئاوا باخچەیەکی بەربەرین بوو بۆ نەسرینەکان، ئاسمانەکەشی ماڵێکی فەرەح بوو بۆ سوهەیلاکان. بەڵام، یەکیان ئاسمانی کوردستانی بە هیچ ئاسمانێک نەگۆڕییەوە و ویستی میوانی سیوەیلەکان بێ، دووهەمیشیان مێرگوزاری ئەوێی نەویست، چونکە ویستی هاوڕێی نەسرین و وەنەوشەکانی زێدی خۆی بێ. بۆیە دیسان دەگەڕێمەوە سەر هێزی باوەڕ. باوەڕی حەسەنپوور و نەسرین، سۆزی سوهەیلای مەنسوور بۆ نیشتمان، ورەی هاشم و هاوڕێ و برایم و ڕەحمان، لەخۆبووردەیی کەریم و مەنسوور و یاسر و فاروق وێڕای مام شێرکۆ و عوسمان، لەگەڵ ئاواتخوازیی موختار و جەماڵی جوانەمەرگی جوان، هەرهەموویان کۆمەڵێک مرۆڤ بوون کە بۆخاتری خۆزگەکانیان هیچ ئەستێرەیەکیان نەکوشت و لە کاکێشانی بێسنووری سەروەریدا بەدوای ئازادیی بستێک خاکدا حەودال بوون. ئەوان خاوەن هزر و ئەندێشە و هەست بوون، بۆیە توانییان ڕاپەڕن. ئەو سەرهەڵدانەی ئەوان دەستیان پێکرد، ئەمڕۆ وەکوو دارستانێکە کە ڕیشەی لە ڕەوەزە سەختەکان تێپەڕیوە و بە ئاوی ژێر خاکی کوردستان پاراو دەبێ. ئەوان ئەگەر سەریان هەڵپەرتێوراوە، ڕەگیان لەنێو دڵی خاکی ڕۆژهەڵاتدا داکوتاوە و چاوەڕوانی بەهاری دوای نەهامەتییەکانن. بەڵێ ئەوانە کۆمەڵێک مرۆڤی خاوەن هزر و ڕووحی نەمری و ئەندێشەکانن. ئەوانە قارەمانانی بیرکردنەوە بوون و هیمای هێز و بڕیارەکانن. ئەوانە ئینسانن.

**ئەو چەند پارچە شێعرەش پێشکەش بە نەمرانی قەڵاکراون:**

سێرەتان لە سەرمان گرت
ویستتان باوەڕەکان بکوژن
سێرەتان لە دڵمان گرت
ویستتان هەستەکان بکوژن
نەتانزانی ڕۆژ هەڵاتم خۆی
ئەمڕۆ یەکپارچە قەڵایە
سەر و دڵ و هەست و باوەڕیش،
هەمووی لە باوەشی ئەو دایە.

عەلی فەتحی

لەبیرت بێ ....
تێکۆشانی مرۆڤەکان
چەشنی ئەستێرەکانە.
لەکوێ بدرەوشێن،
لەوێ ڕادەخوشێن.

خریستۆس تووڤێ
و: عەلی فەتحی

وەختێک لەدایکبووم و چاوم بە خۆر کەوت، گوتم:
پێویستە بەر لە ڕۆیشتنم یادگارییەک جێ بهێڵم.
دۆزیمەوە،
بەرەو لووتکەی چیاکانت هەڵدەکشێم و
لەوێوە خاک گوڵباران دەکەم.

نیکیفۆرۆس ڤرێتاکۆس
و: عەلی فەتحی

ئەوەیان بەتایبەت بۆ نەسرین و حەسەنپوورە:

خۆشەویستم!
ئاخر,
من شتێکی پتر لە عەشق بە تۆ قەرزدارم
گۆرانییەک و هومێدێک
گریانێک و دیسان هومێدێک.
من لە کورتترین ساتدا،
لەلای تۆ،
درێژترین ماوەی تەمەنم ژیام.

تاسۆس لیڤادیتیس
و: عەلی فەتحی



---

# نامەی کچەشەهیدێک



**ئارەزوو پیرۆتی:**

ئەو دێرانەم بە دەیان جار نووسیون و لەبەرخۆمەوە بە فرمێسک شوتوومەتەوە، وشە ناتوانێ خەمم هەڵگرێ و ڕەستە توانای گەیاندنی پەیامی نیە. لە ١٧ی خەرمانانی ڕەشەوە هەر دەناڵێنم بەڵام دەنگم ناتگاتێ بابە گیان، هەرچەند دەزانم لە گۆڕیشدا مشوور لە منداڵەکانت هەر دەخۆی. دەزانم ناتوانی خەم لە نیشتمان و کەسوکارت نەخۆی، ئەگەر هەناسەشت لێ بڕابێ.
بابە گیان، هێشتا زۆری مابوو وەک پێشتر، دڵسۆزانە گوێمان لێ بگری و حەکیمانە ڕێنوێنیمان بکەی. زۆر زوو جێت هێشتین، بەڵام ڕۆیشتنت بە مانای نەبوونت نیە. سێبەری هەیبەتت، ڕەوشتی جوان، وەفا، ویقار و شەخسیەت لەسەر ژیانمان هەر دەمێنێ. هەتا بمێنین لەگەڵمان بە زیندوویی دەمێنیەوە. قەت لە دڵ دەرناچی و گڵ ناتوانێ لە دڵ دەرت بێنێ.
لە توانامدا نییە نیزیکی ئەو کەلێن و قوژبنانە بکەوم کە لە ڕێی ڕزگاریی نیشتمان و بەماف-گەیشتنی کورد، میرزا ڕەحمانی پیرۆتی سەری پێدا کردوە، بەڵام دەتوانم بەڵێن بە بابی شەهیدم بدەم وەک چۆن خۆی دوای شەهیدبوون و لە گۆڕیشدا ڕووی هەر لە قەڵای دیموکراتە، ئەمنیش سەر لە ڕێگا و ڕێبازی هەڵنەگرم.



شاناز کاکە ئازەر

# وەفایەک بۆ شەهید



دوای جەنگ جلوبەرگی شەهیدەکان بکەنە ئاڵا، زەمزەمی شەهیدەکان بکەنە شووشە عەتر با پڕی کەین لە وەفا و ناوی بنێین عەتری شەهید. ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوییە، دوو ساڵە بە ناچار کۆڕی یارانم جێ هێشتوە و ڕووم لە هەندەران کردوە. بە جەستە لێرەم بەڵام ڕووحم هەر لە کوردستانە و لە چواردەوری قەڵای قیبلەم دەسووڕێتەوە. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا گەلێکم تەنگوچەڵەمە هاتۆتە سەر ڕێگا و هەوراز و نشێوی زۆرم بڕیوە. بەڵام ئەوانە کەی خەمن؟ خەبات خۆش و کوردستان ئاوەدان بێ. هەموو ڕۆژێ چەندین جار لە ڕێگەی دنیای مەجازییەوە سەر لە ئازیزانی خاکی پۆشم هەڵدێنمەوە. هەموو سپێدەیەک کە چاو بە ڕووناکی هەڵدێنم، لە کاتی بەرچایی-خواردن، لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ڕۆژانە و تەنانەت لە گەرمەی فێربوونی زمان لە نێو پۆلدا بە دوور لە چاوی مامۆستاکان دەچمە سوێی مۆبایلەکەم و چاوێک بە هەواڵەکاندا دەخشێنم. ئەوڕۆ شەممەیە و ڕۆژی پشوویە. دڵخۆشم کە کاتم زۆرە و دەتوانم بە دڵی خۆم کات بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکەم. وەک عادەتی هەمیشەیی سەرەتا فەیسبووک دەکەمەوە، چی دەبینم؟! هاوڕێیەکم ستاتووسێکی داناوە بەو عینوانە: هەر ئێستا قەڵای دێموکرات کەوتە بەر پەلاماری دوژمن. من و هاوڕێیانی تر وەبەر پرسیارانی دەدەین. چۆن و بە چ شێوەیەک پەلامار دراون؟ هەموو لایەک سلامەتن؟ پەلاماردەر کێیە و سەر بە چ لایەنێکە؟ ئەو جار کەوتینە پاڕانەوە: تکایە زانیاریی زیاترمان بدەیە زۆر نیگەرانین. هاوڕێکەمان لە وڵامدا دەڵێ من لە سەر کارم و ئاگام لە وردەکاریی زیاتر نییە تەنیا دەزانم ئامانجی هێرشەکە پلۆنۆمی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. بەو هەواڵە زیاتر دەچرژێم، خەریکە ڕووحم لە جەستە بێتە دەرەوە. بەردەوام خەریکم تا بەڵکوو هەواڵێکی ڕوونتر وەدەست بێنم. لە زمان ئەندامێکی ڕێبەرایەتیی حیزبەوە تەنیا ئەوەندە ڕادەگەیەندرێ کە ئەم هێرشە پەلامارێکی مووشەکی بووە و شەهید و برینداریشمان هەیە و لە نێو شەهیدەکانیشدا چەند ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزب هەن. چەند تاڵە ئەو هەواڵە، چەندە قووڵە جێگای ئەو ڕووحە بە جۆرێک جێگەی خۆش کردوە کە هەر نایەوێ دەست لە یەخەی ئەو جەستەیە بەربدا. هەروا چاوەڕوانی زانیاریی زیاترم، ئاخۆ شەهید بوو کام لە هەڵۆکان زامدارمان دەکا و دڵ و دەروونمان دەڕووشێنێ؟ هاوڕێیەک تەلەفوون دەکا و نیگەرانیی خۆی لەم دۆخە دەردەبڕی، دەڵێم هەر ئەوەندەم زانیاری هەیە و لەوە زیاتر هیچم نەبیستوە. تەلەفوونەکە دادەخەمەوە، خەمێکی قووڵی تێکەڵ بە دڵەڕاوکێ تەواوی ناخمی داگرتوە. تۆ بڵێی ئاگری ڕق و قینی شەمشەمەکوێرەکان مۆمی تەمەنی کام ئازیزی کووژاندبێتەوە؟ بریندارەکان ئێستا لە چ دۆخێکدان؟ دڵم باش ناڵێ، بە ترس و لەرزەوە قامکە لەرزۆکەکانم دەگەیەنمە سەر فەیسبووکی هەمیشە دڵتەزێن! چی دەبینم؟؟؟ بڵێی چاوەکانم ڕاستگۆ بن؟ بڵێی ئەوەی دەیبینم کابووس نەبێ؟ ئەوە چ ژانێکی تاقەتپڕووکێنە قورسایی خستۆتە سەر سینگم و پشووم لێ دەبڕێ؟ بڵێی لە سەرەمەرگدا نەبم و ئەوەی دەیبینم تەنیا هوڕێنەی پێش مردن نەبێ کە بە مێشکمدا دێ؟ ئاخر زۆر سەیرە، ئەوەی دەیبینم وێنەی شێرەژنی قەڵای دێموکرات یای «سۆهەیلای قادری»یە، شەهید سوهەیلا قادری؟؟ سۆهەیلا و مەرگ؟؟!! شتی وا نابێ، نا نا درۆیە. دووبارە و چەندبارە چاوی لێ دەکەمەوە. شەهید سۆهەیلا قادری، بەو جلیقە سەوزەوە لە نێو دڵی دیمەنی شاخاویی کوردستاندا، بەو بزە شیرینەی سەر لێوی، داخی گرانم ڕاست بۆخۆیەتی. چاوەکانم چی تر نابینن، هەناسەم توندە، قوڕگم توندە و هەست دەکەم وا دەخنکێم. چارم نییە پڕ بە گەروو هاوار دەکەم، لە بانگ دەدەم لە نێو ئەو ئاپارتمانە بچووکەدا، بۆم گرینگ نییە دراوسێکانم

چی دەڵێن، ئەوان چووزانن چ ئاگرێک لە دڵم بەربووە. بیرەوەرییەکانی ئەو چەند ساڵە وەک پەردەی سینەما بە بەر چاوەکانمدا دێن و دەچن. دەگەڕێمەوە چەند ساڵ لە مەوبەر. پێشمەرگەی تازەم و چەند ڕۆژێکە سازماندەهی کراوم و لە قەڵای دێموکرات نیشتەجێیان کردووم. خاتوونێکی ڕووخۆش و ڕەزاسووک هەموو ڕۆژێ بە بەر دەممدا تێدەپەڕێ و دەچێتە یەکیەتیی ژنان. زۆر سەیرە هیچ نامۆیی لێ ناکەم، دەڵێی ساڵانێکە دەیناسم. زۆر زوو جێگەی خۆی لە دڵمدا دەکاتەوە، دەزانم دڵم درۆزن نییە، بە دڵنیایی دەبێ ئەو خاتوونە مرۆڤێکی زۆر مەزن بێ. ماوەیەک تێدەپەڕێ، یەکیەتیی ژنان دوو کەس دەنێرێتە لامان «من و هاوڕێیانی پێشمەرگەم»، بۆ بەخێرهێنان و بۆ ناساندنی ئەم یەکیەتییە. دوای چەند ڕۆژێک من و هاوڕێیەکم دەچینە سەردانیان و داوای فۆرمی ئەندامەتی دەکەین. خاتوو سۆهەیلا و چەند خاتوونێکی ڕەزاسووکی وەک خۆی لەوێ ئامادەن. بە ڕاوێژە خۆشەکەی خۆی لەگەڵمان دەدوێ. باسی ئەرک و کارەکانی یەکیەتیی ژنان دەکا، لە نێو قسەکانیدا باس لە گرینگیی ئەو یەکیەتییە بۆ حیزبی دێموکرات دەکا، باس لە یەکسانیی ژن و پیاو دەکا و هتد..... قسەکانی ئەوەندە شیرینن کە زۆر زوو سەرنجم بۆ لای یەکیەتیی ژنان ڕادەکێشن. باشە ئەو خاتوونە وێناچێ زۆر بەتەمەن بێ، ئەدی بۆ گفت و لفت و هەڵسوکەوتی تا ئەو ڕادەیە جیاوازە و وەک هاوتەمەنەکانی خۆی ناچێ؟ بێگومان ئەوە بۆ پەروەردەی دێموکرات دەگەڕێتەوە و ئەو جوورە پوختەبوونە تەنیا دەتوانێ ئەنجامی کوورەی خەباتی دێموکرات بێ و هیچی تر نییە. ساڵ و نیوێک تێدەپەڕێ، لەو ماوەیەدا بەردەوام بینیومە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گوێم لە بیروبۆچوونەکانی بووە و زیاتر بۆتە جێگەی ڕێز و خۆشەویستتر بووە لەلام. تازە ژیانی هاوبەشم لەگەڵ خۆشەویستەکەم پێک هێناوە، بە داخەوە حیزب بە هۆی چەندین گرفتەوە تووشی لەتبوون و لێک ترازان هاتوە. هەر لەنێو مەقەڕەکانی حیزبدا لەگەڵ هاوژینەکەم ژوورێکی بچووکمان ئاوەدان کردۆتەوە و لێی گیرساوینەتەوە. هاوڕێ سۆهەیلا وێڕای کۆمەڵێک لە خاتوونەکانی نێو ڕیزەکانی خەبات دێنە سەردانمان و هەر کامیان بە پێشکەشکردنی دیارییەک پیرۆزباییمان لێدەکەن. دیسان دێتە ڕاوێژکردن و جیاوازتر لە هەموو

لایەک بە گفتە شیرینەکانی خۆی ژیانی سادە و ساکاری پێشمەرگانەمان سەد ئەوەندە لە بەر چاوان مەزنتر و شکۆدارتر دەکا و بە گێڕانەوەی چەند بیرەوەرییەکی خۆش کۆڕی یاران گەرمتر دەکا. لەو بەینەدا بێ پسانەوە ئاگای لە کاتژمێرە، کاتێک پرسیاری هۆکارەکەی لێدەکەن دەڵێ ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە ڕادیۆی دەنگی کوردستان «دەنگی حەقبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان» بە فەرمی دەچێتە سەر ئانتێن و پەخشمان دەبێ، ئەو ڕۆژە چەند دڵخۆش بوو بەو سەرکەوتنە. ساڵانێکی دیکەش تێدەپەڕن، لە هەموو شوێنێک وەک ئەستێرە دەدرەوشێتەوە. لە شایییەکاندا ڕازاوە و جوان دەردەکەوێ و دەبێتە کەسوکاری پێشمەرگە، لە شینەکانیشدا وەک قەندیل پشت و پەنای دڵبریندارەکانە. ئاخ کە چەند مرۆڤێکی مەزنە. دوای تێپەڕکردنی چەندین قۆناغی پێشمەرگایەتی من لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی خزمەت دەکەم و خاتوو سۆهەیلای پشت و پەناش لە کۆمیسیۆنی ئامووزش ئەرکی ڕۆژانە ڕادەپەڕێنێ. هەموو بەیانییەک زووتر لە هەموو لایەک دەگاتە جێ و لە بەر دەرگای ئامووزش پیاسە دەکا. بە سڵاو و بەیانی باشێک تێدەپەڕێم و دەڕۆم بەرەو کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی. بانگم دەکا، دەچم بۆ لای، پرسیار دەکا دوانیوەڕۆیان ئیشت چییە؟ دەڵێم هیچ، هەر لە ماڵەوەم. پێشنیاری کاری دەرەوەم پێدەکا. دەڵێم پێم وانییە ئەوە کاری من بێ، زۆر نامۆیە بۆم. بەو هەیبەتە تایبەتەی خۆیەوە دەڵێ من پێت دەڵێم دەتوانی، هیچ کاتیش لە هەڵبژاردنەکانمدا هەڵەم نەبووە، کە وابوو دەتوانی. هانم دەدا، دڵگەرمیم پێدەبەخشێ و ئەوەی مەبەستیەتی پێی دەگا، پێشنیاری کارکردن لە ڕادیۆ و کوردکاناڵم پێدەکا، پاش ڕاهێنانێکی چڕوپڕ ڕێگای خزمەتی هەرچی زیاترم بە حیزبە خۆشەویستەکەم بۆ خۆش دەکا. نەقڵ وەردەگرم و بە ڕەسمی دەچم بۆ کوردکاناڵ. وەک مامۆستایەکی دڵسۆز هەرچی دەیزانێ دریغی ناکا و شەریکی زانستەکانی خۆیم دەکا، وەک هاوڕێیەک پشتم دەگرێ و وەکوو خوشکێک هاوبەشی شادی و خەمەکانم دەبێ. چەند ساڵێکی دیکەش تێدەپەڕێ، گرفتەکانی ژیان بەرۆکم دەگرن و وام لێدەکەن بڕیارێکی گەلێک دژوار بدەم. نازانم چۆنی پێ بڵێم، چۆن بڵێم جەوری زەمانە ناچارم دەکا قەڵای قیبلەم جێ بهێڵم؟ هەر چۆن بێ بەسەر خۆمدا زاڵ دەبم و لەگەڵی باس دەکەم. زۆر تێگەیشتووتر لەو شتەیە کە بیرم لێ

کردۆتەوە. بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی خۆم نە لۆمەم دەکا و نە دەڵێ مەڕۆ، گوایە ئاگای لە ناخی دڵم هەیە، تەنیا دەڵێ سەرکەوتنت بۆ دەخوازم. دەچم ماڵاوایی لێدەکەم، خوشکانە بەڕێم دەکا و ..... ئاخخخخ هەموو ئەوانە و بە سەدان بیرەوەریی دیکە بەبەر زەینمدا تەڕاتێن دەکەن، چۆن باوەڕ بە نەبوونی تۆ بکەم ئازیز؟ وەخۆ دێمەوە، چەند کاتژمێر تێپەڕیوە؟ لەگەڵ خۆم دەڵێم خۆ ئێمە تەنیا یەک شەهیدمان نەداوە، ئەدی ئەوانی دیکە دەبێ کێ بن؟ جگە لە وەش باس لە چەندین بریندار کراوە. بە ناچار بە دڵێکی پڕ لە زام و لەت لەتەوە دەست بۆ گووشیی مۆبایلەکەم دەبەم. چی دەبینم داخی گرانم، هەر وا شەهیدە و ڕیز کراوە. هەر وا خوێنە کە لە جەستەی زامداری هاوڕێیانم دەڕوا. هەر وێنەی شەهیدە و ناسۆرێک دەخاتە سەر دڵم، تا دەگاتە مامۆستا نەسرین حەداد. ئای لەو غەدرە، ئای لەو نەهامەتییە. ئەو دوو خاتوونە شەهیدە ڕێک ئەو کەسانەن کە شوێن پێیان هەم لە نێو حیزب و هەم لە یەکیەتیی ژناندا باش دیارە. هەر دووکیان ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سکرتێری یەک لە دوای یەکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوون. بێ گومان نە مێژوو هیچکات لە بیریان دەکا و نە ڕێبوارانی ئامانجە پیرۆزەکەیان ناو و یادیان ون دەکەن. ئەوەتا هاوڕێیانیان سەرەڕای زام و برینی قووڵی جەستەکانیان هەر وەک ڕابردوو بوێرانە لە سەنگەری خەباتدان. ئەوەتا ڕێبوارانی ڕێگاکەیان لە ڕۆژهەڵاتە داگیرکراوەکەمان و لە نێو جەرگەی دوژمندا بە هەموو شێوەیەک هاوار دەکەن هۆ سۆهەیلا و نەسرینی سوورخەڵات، ڕێگەتان ڕێگەمانە. کە وا بوو چۆن بڕوا بکەم ئێوە نەماون؟ مردوو ئەو کەسەیە کە هیچ ناوی نەمێنێ، بە پێچەوانە ئێوەی شێرەژن دووبارە لە دایک بوونەتەوە و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر و زیاتر ناوتان دەچێتە سەر زمانان. نا ئازیزان ئێوە قەت نامرن ئێوە لە دڵی گەلەکەتاندا دەژین. هیچ دوور نییە ببینین ڕۆژێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یاخود لە هەموو پارچەکانی ئەم نیشتمانە بەشبەش کراوە پەیکەرەی ئێوە وەک سێمبوولی ژنانی ئازا و شۆڕشگێڕ لە ناوەندی شارەکان دابنێن، تا نەوەکانی داهاتووش ڕێچکە و ڕێبازتان ون نەکەن. سوێند بە خوێنی پاک و بەناحەق ڕژاوتان تا ئەو ڕۆژەی بمێنم هیچکات لە یادتان نەکەم و ڕێبواری وەفاداری ڕێباز پیرۆزتان بم.

# هێندێک کارەسات هەن زۆر دڵتەزێن و جەرگبڕن



کوێستان فتوحی



کارەساتی ٨ی سێپتامبر یەک لەو کارەساتانە بوو کە دڵی هەموومانی تەزاند. قسە لەوە ناکەم بۆ کەسوکاری ئەو شەهیدانە چۆنە و ئێستا چ هەستێکیان هەیە، چونکە هەرکەسێک ئازیزێکی لەدەست دەدا ڕوونە چ هەستێکی هەیە و چ دەکێشێ. قسە لە هەستی خۆشم ناکەم کە دوو لە خۆشەویستترین هاوڕێکانم کە ساڵانێکی زۆر پێکەوە هاوڕێ و هاوکار بووین و زۆر بیرەوەریی خۆش و ناخۆشمان پێکەوە هەیە، کاتێک کە ناویانم لە نێو ناوی شەهیدەکاندا بیست، چم لێهات. هەر ئەوندە دەڵێم هەستم کرد لایەک لە ڕوح و جەستەم لێدەمەوێ زۆر بە کورتی باسی سوهەیلا و نەسرینی شەهید بکەم. نەسرین و سوهەیلا، من ناوم لێ ناون قەڵا. قەڵایەک بوون بۆ حیزبی دێموکرات و بۆ ژنان. قەڵایەک لە دڵسۆزی و خەمخۆری، قەڵایەک لە تێکۆشان و نەسرەوتن. هەڵبەت گومانم نیە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی ئەو ڕۆژە شەهید بوون، دڵسۆز و فیداکار بوون بۆ حیزب و میللەتەکەیان، بەڵام دەبێ بڵێم نەسرین و سوهەیلا تایبەتی بوون. کاریگەری ئەو دووژنە تێکۆشەرە لە لایەک و شەهیدەکانی دیکە لە لایەک. خەمەکەشیان هەوا. من تەنیا بۆ نموونە باسی هێندێک مەسەلە دەکەم لە پێوەندی لەگەڵ نەسرین و سوهەیلا:

لە کۆڕی شادی وغەمەکاندا لە کارو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، لە پێشوازی میوان و تەرتیب‌دانی بەرنامە جۆراوجۆرەکان، لەدڵدانەوە و خەمی بنەماڵەی شەهیدان و زۆر ئەرکی دیکە، کارت پێ‌سپاردبان و پشتت لێ‌کردبایەوە. نەسرین لەکاری خۆیدا کە ماوەی ساڵانێکی زۆر مامۆستا و مودیری قوتابخانەکانی شۆرش بوو، مودیرێکی دڵسۆز و فیداکار بوو. مناڵەکانی دوێنێ و لاوەکانی ئەمڕۆی دێموکرات شاهیدن نەسرین کێ بوو. نەسرین لە کاری خۆی‌دا مودیر بوو. سوهەیلای دڵسۆز هیچکات درێغی نەکرد لە هاندانی کچە لاوەکان ئەو کچانەی لە حیزبی دێموکراتدا لە دایک بوون و خوێندیان و پێ‌گەیشتن. ئەوان هەر کادری ڕێبەریی حیزبەکەیان نەبوون، دایک و خوشک بوون بۆ کوڕو کچە پێشمەرگە لاوەکان، بۆ بنەماڵەی شەهیدان، لە دەستچوونیان تەنیا خەسار نەبوو بۆ حیزبەکەیان، بەڵکوو بۆ ژنان و جووڵانەوەی ژنان لە کوردستان خەسارێکی کەم نەبوو. ئەوان زۆریان هەوڵ دا ڕێکخراوەکانی ژنان نەکەونە ژێر کاریگەری و هێژموونی ململانێ و کێشە حیزبییەکان. ئەو هەوڵانەی ئەوان تا ڕادەیەک لە کار و تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حیزبەکاندا ڕەنگی دابۆوە. هەر بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا ڕێکخراوەکانی ژنان زۆرتر لێک نزیک ببوونەوە بۆ کاری هاوبەش. بۆیە حیزبی دێموکرات ئەگەر بیهەوێ کەلێنی نەبوونی سوهەیلا و نەسرینی تێکۆشەر زووتر پڕ بکاتەوە، دەبێ لاپەڕێکی نوێ لە کار و تێکۆشانی بەرانبەر بە ڕۆڵی ژنان هەڵداتەوە. ڕێکخراوەکانی ژنان ئەگەر وەفادار بن بە هاوڕێ شەهیدەکانیان پێویستە ڕێگا و ڕێبازی ئەو دوو ژنە تێکۆشەرە ون نەکەن و زیاترلە جاران پێکەوە کار بکەن بۆ سەرکەوتنی ژنان لە پێناو وەدیهاتنی مافەکانیان. سڵاو لە شەهیدانی ٨ی سێپتامبر بەهیوای وەدیهاتنی ئامانجەکانیان.

---

# نامەی کچەشەهیدێک



**نەمام خوسرەوی:**

چەندە بەژانە بێ تۆیی دایە گیان، هەر کاتێک بیری لێدەکەمەوە، بیرم لێم وەدەنگ دێ و دەڵێ: "نوقمت کردم لە بیرکردنەوە، تێنەگەیشتم چیت دەوێ؟" قەڵەم بەدەست دەگرم، قەڵەم ئۆقرەی نیە و لەبەر دەستم هەڵدێ و دەڵێ هیچ پیتێک ناتوانم بێنمە کایەوە کە لێم تێبگەن. ڕوو لە کێو دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە، تۆ کە بە خاتری ئەو بەرزاییەت سووکناییەکم پێ ببەخشە، وەڵامم ناداتەوە. ڕووم لە دارستانەکان دەکرد، ڕووم لە ئاوە قووڵەکان کرد، هەموویان عوزریان بۆ هێنامەوە. ڕووم کردە پەرتووکە گەورەکان و وتیان لێمان ببوورە هیچ شتێک بەدی ناکەین وەڵامدەرت بێ. ڕوو لە ئەستێرەکان پرسیار دەکەم: "ئەرێ ونبوویەکم هەیە، هیچ سۆراغێکتان لێی نیە؟" ئەستێرەکان چاو لەسەر یەک دادەنێن و وەک بارانی بەهار فرمێسک دەرێژن و وەڵامم دەدەنەوە؛ دەتوانی لە باران بپرسی. نەبوونی دایکم بۆ من زامێکی گەلێک گرانە کە پێم وانیە بە هیچ شتێک و بە هیچ کەسێک وەسف بکرێ. شێرەژن، شۆرەژن، بە بیروباوەر، بە ئیرادە، لێوریژ لە بەرپرسایەتی، نەرم و نیان و لەسەرەخۆ، پەپوولەئاسا و لەپەنا هەموو وەسفی جوانیدا، دایکێکی بەوەفا، هاورێیەکی بە تەواو مانا و دڵسۆز کە پێم وابێ هەتا هەم ناتوانم باوەر بە نەبوونی بکەم.

# دوایین بزەی سەر لێوتان سیمبولی نوێی بەرخودانە



ئیبراهیم گەردی

ئەوەی من دەیگێڕمەوە، ئەفسانەی نێو داستانەکان نیە؟!! ئەوەی من دەیگێڕمەوە سەربردەی سوارچاکانی نەبەردەکانی ژیانە و ژانی ئازارێکی بەسۆیە، کە چل ڕۆژ لەمەوبەر کەوتە جەستەی بەرزو پیرۆزی نیشتمان و هەمووانی بە جارێک تاساند. لەو زامە پر ئێشەدا خوێنی کۆترە باڵنەخشینەکانی سەردەرانە و سوانەی قەڵا تێکەڵ بە خوێنی پۆلێک پێشمەرگەی ڕێبەر و ڕێبەری پێشمەرگە بوو کە تابلۆیەکی هەژێنەری بەسەر دارو دیواری قەڵای شێرانی دێموکراتەوە نەخشاند و ئەو ڕووداوەش چووە نێو تۆماری داستانی حەقیقەتی مێژوو. چل ڕۆژ لەمەوبەر پۆلێک ڕێبەری ڕێبواری ڕێی ئازادی و ئاواتەخوازی ژیانی سەربەستانە لە راوێژدا بوون تا دۆزی گەلەکەمان بخەنە ژێر تیشکی هەڵسەنگاندنی لۆژیکییانە بۆ داهاتوویەکی گەش بۆ وڵات، کەچی کەوتنە بەر گێژەڵووکەی پەلاماری ستەمکارانەی کۆندەپەپوو مێژەربەسەرەکان. ویستیان بە جێی کۆتری ئاشتی قەلەڕەشەکان لانە بکەنە نێو قەڵا و ئاسەواری ژیانی شارستانیی لێ بسڕنەوە. بەڵام خەیاڵیان خاو بوو. لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی موشەکەکان و بۆنی چرە دووکەڵ پۆل پۆل هاوخوێنەکانمان لە شاری حاجی قادر، مەلای گەورە و دڵداری شاعیر بە هاناوە هاتن و بە ڕووحێکی نیشتمانپەروەرانە و هەستێکی نەتەوەییانە باری قورسی سەر شانیان سووک کردن و بوونە شەریک و برابەشی ئەو کۆستە نوێیە. ئەو زامە نوێیە هەموو کوردستانی ماتەمبار کرد. هەر چەند ئاسمان تەماوی و وڵات غەماوی بوو، بەڵام ورەی بەرزی پێشمەرگە بۆ جارێکی تر گوڕ و تینی دایەوە هاوبیران و هاوسۆزانی. ئەمڕۆ چل ڕۆژ لە وەرێکەوتنی کاروانی ئەمجارەی شەهیدانمان بۆ نێو جیهانی سەروەری تێدەپەڕێ. لەم ساتەدا کە یادی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە دەکەینەوە جەستەی شەهیدەکان لەبەر چاومان بەرجەستە دەبن. هەر تەنیا چەند چرکە پێش ڕووداوەکە دوایین بزەی سەر لێوی سۆهەیلا پێمان دەڵێ: هاوڕێیانی پێشمەرگە من نەمردوم، من تەنیا بە جەستە لە ژیان دابڕاوم، ئەگینا هەموو ڕۆژێکی حەوتوو لە شاشەی کورد کاناڵ، دەنگ و ڕەنگی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، دەبمەوە میوانی ماڵەکانتان. شەهیدی نەمر سۆهەیلا چەندە لەگەڵ ئەو فەلسەفەیەی ژیان ڕاستگۆ درچوو کە دەڵێ: زۆر جار مەرگ دەبێتە میوانی مرۆڤ بێ ئەوەی هۆکارێکی مەنتیقی و ڕەوای بۆ دیار بێ، بەڵام مرۆڤ دەبێ ئەوەندە بە تەنگ ژیانەوە بێ کە لە بەرابەر ئەو دیاردانەی ژیان بەەرو مەترسیی لە نێوچوون دەبەن، ڕاستگۆیانەو ئازایانە بە پێشوازی مەرگەوە بچێ. لە لایەکی تر دوایین زەردەخەنەی سەر لێوی شەهید نەسرین پێمان دەڵێ: هۆ داگیرکەری خوێنرێژ، ڕاستە ئێوە منتان لە ژیان دابڕی بەڵام ناتوانن بیری من لە قوتابخانەکانی فێربوونی کوردایەتی بسڕنەوە. هەر بۆیە لە سۆهەیلاو نەسرینەکان ئەوە فێر بووین کە خەباتکردن بە تەنیا ئەرکی سەر شانی پیاوان نیە. ژن لە کۆمەڵگای نوێدا دەبێ ئەرکی خۆی شانبەشانی پیاوان بەڕێوە ببا. وەک چۆن شاعیری گەورەمان هێمن لە خەباتی ئەو جارەی کچە کوردەکان لە نێو شۆڕشدا دەڵێ: کچی کورد باسکی هەڵمەتی هەڵکرد..... ئاسکی ناسک ڕقەی لەگەڵ کەڵ کرد. لەم کاتە دا کە رووحی ١٦ خەباتکاری پێشمەرگە لە نێو ئاپۆڕای یارانی دێموکرات لەگەڵمان نین، بە بەخشینی ڕووحی خۆیان تینو وزەیان دا بە کوورەی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازانە. ئا لەم چرکە مێژووییەدا لە هەرمۆتە دروایسێی قەڵای شێران، ڕووحی بەرزی مامە سێوە دەکەوێتە ناڵەو دەیهەوێ شینێکی تر بە مەقامی سەحەرە بۆ کۆستی ئەو جارەی تێکۆشەرانی دێموکرات بکات. لە چلەمین ڕۆژی شەهیدبوونی ڕێبەرانی پێشمەرگە و هاوسەنگەرانیاندا، بە نیشانەی وەفاداری بە ڕێبازیان، چل چەپکە گوڵی ڕازاوە بە بەر دەرکی قەڵای دێموکراتدا هەڵدەواسین و تێکەڵ دەبین لەگەڵ هەستی حەماسەخوڵقێن و نەتەوەییانەی دڵداری شاعیر کە هاوار دەکا و دەڵێ: ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوورو شۆڕشین سەیری کەن خوێناوییە ڕابردوومان..



# کۆستی گەورەی بنەماڵە



**کەژاڵ عەزیزی:**

پێشەکی سڵاوێکی گەرم دەنێرم بۆ خوێنەرانی گۆڤاری ژنان و ماندوونەبوونی ئاڕاستەی بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەکەم. من کەژاڵ عەزیزی کچی شەهید سەید سەلام عەزیزی،ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات. لە ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی لە تاران لەدایک بووم. ساڵی ١٣٦٥ بە ناچاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان بەجێهێشت. بۆ ماوەی دە ساڵ پێشمەرگە بووم و وەک مامۆستای شۆڕش خزمەتم کردوە. ئەگەر باسی ڕووداوی ١٧ی خەرمانان بکەم دەبێ بڵێم ڕۆژێکی ڕەش بوو لە مێژووی جوڵانەوەی گەلی کورددا و بۆ هەتا هەتایە پەڵەیەکی رەشە لەسەر نێوچاوانی کۆماری ئیسلامی. لەم رۆژەدا قەڵای خۆڕاگری دێموکڕات کەوتە بەر پەلاماری دڕندانەی مووشەکی سوپای پاسداران و بەم هۆیەوە پۆلێک ڕۆڵەی بەوەج و قارەمان و شۆڕشگێری حیزب و گەلەکەمان شەهید بوون، یەکێک لە شەهیدەکان هاوسەری ئازیزم برایم زێوەیی بوو. شەهید برایم بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ هاوڕێ و هاوسەر و هاوسەنگەرم بووە و لەدەستدانی کۆستێکی گەورەیە بۆ من و بنەماڵەکەمان بەڵام ئەوەی کە بووەتە هۆی خۆڕاگری و ورەمان دەداتێ و هانمان دەدا بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان هاوخەمی و هاودەردیی خەڵکی بەشەڕەفی کوردستان و هاوسەنگەران و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی بووە، بەتایبەتی ئەو هاودەنگی و هاوخەمیدەربڕینەی لە ٢١ ی خەرماناندا خەڵکی خۆڕاگری کوردستان بە مانگرتن و داخستنی دوکانەکانیان نیشانیان دا، جارێکی تر سەلماندیان کە گەورەترین پشتیوانی حیزب و جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەیانن . هەر بۆیە لێرەوە دیسان داوا لە ئازادیخوازانی کوردستان و بەتایبەتی ژنانی ئازا و چاونەترسی کوردستان دەکەم کە هەروەک لە رابردوودا یار و پشتیوانی بزووتنەوەکەیان بوون لەمەودواش قایمتر و سوورتر لە جاران بە گژ سەرکوتکەرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا بچنەوە و داوای ماف و ئازادییەکانیان بکەن و لە هەمان کاتیشدا پاڵشتی یەکیەتی ژنان و شۆڕشە ڕەواکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن.

**ژینا ئیبڕاهیمی:**

من ژینا ئیبراهیمی کچی شەهید برایم زێوەیی، ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، یەکێک لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان کە بە هۆی مووشەکبارانی دڕندانەی ڕژێمی ئاخوندیی ئێران بۆ سەر بنکەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گیانیان لەدەست دا. ڕۆژی ١٧ی خەرمانان کە نۆیەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوە دەچوو ئێمە لە ماڵەوە بووین نزیک ١٠:٤٠ دەقەی بەیانی بوو کە گوێمان لە دەنگێکی بەرز بوو ، لەگەڵ هاتنەدەرەوەمان لە ماڵ دووکەڵێکی زۆرمان بینی لەلای قەڵای دێموکڕاتەوە ،زانیمان کە لەلایەن ئێرانەوە لە قەڵا دراوە، ئیتر خەڵک شڵەژابوو، دواتر بەرەو کۆیە بەڕێ کەوتین ،هەر خێزانە و ماڵێکی کۆیی دەیانبردن بۆ لای خۆیان ،کە هیچ کات ناتوانین چاکەی خەڵکی کۆیەمان بیر بچێتەوە. دواتر چووین بۆ نەخۆشخانە کە زۆربەی بریندارەکانمان لەوێ بینی ، ئەو دیمەنانەی کە بینیمان مەحاڵە لە مێشکمان بچنە دەرەوە ، بینینی ئەو کەسە ئازیزانەمان کە شەهید نەبوون بووە هۆی خۆشحاڵیمان بەڵام نەبوونی هیچ هەواڵێک لە باوکمان جێی نیگەرانیمان بوو. بە جۆرێک هەستمان کردبوو کە هەواڵێکی خۆشیان پێ نییە سەبارەت بە باوکم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەماندەویست باوەر بە هیچ شتێکی چاوەڕواننەکراو بهێنین . نزیک کاتژمێر ٢:٣٠ ی نیوەڕۆ بوو هەواڵێک هات کە باوکمیان بەڕێ کردوە بۆ هەولێر،ویستمان بەرەو هەولێر بەڕێ بکەوین بەڵام یەکێک لە نزیکەکانی خۆمان رایگرتین و پێی راگەیاندین کە بچینە پزیشکی دادوەری، مرۆڤ هەندێک کات ئەگەر ڕاستییەکی تاڵیشی پێ بڵێن نایهەوێ باوەڕ بەو راستییە بکات و هەر هەوڵ ئەدا کە هیوایەک پەیدا بکا. ئێمە بە هیوای ئەوەی کە باوکم لە پزیشکی دادوەری نەبێ بەڕێ کەوتین بەرەو ئەوێ. کە

گەیشتین ئەو ئومێدە کەمەی کە هەشمان بوو نەما، بەداخەوە راست بوو ،باوکیشم یەکێک بوو لەو کەسانەی کە شەهید ببوون. باوەڕکردن بە لەدەستدانی ئازیزترین کەست زۆر سەختە بەتایبەت ئەگەر ئەو ئازیزە باوکت بێ. دەتوانم بڵێم شەهید برایم جگە لەوەی باوکێکی نموونەیی بوو بۆ ئێمە ،ڕەفیق و کێویێکی خۆڕاگری هەمیشەیی بوو .فێری کردین هەست بە بەرپرسیارەتی بکەین بەرامبەر وڵات و خاکەکەمان بۆ خزمەت و تێکۆشان لە پێناویدا ،کتێبدۆست بین،هەمیشە کتێب و گۆڤاری بۆ دەهینانەوە،مامۆستای سادقی و ڕاستگۆیی بوو، گەورەترین پشتیوانی خوێندنی ئێمە بوولەگەڵ دایکمان. هەموو کەسێک ئەو یادگارییانەی لەگەڵ باوکیان هەیانە لەوانەیە خۆشترین یادگارییەکان بن،بۆ ئێمەش هەروایە،یادگارییەکان ئەوەندە زۆرن کە چاو لە هەرشوێنێک بکەی وەبیرهێنەرەوەی یادگارییەکە کە هیچ کات لە یاد ناکرێن،قاقا و پێکەنینەکانی،مەجلیس خۆشییەکەی قەت لەبیر ئێمە و هاوڕێیانی ناچنەوە باوکم کە نزیک بە ٤٠ ساڵی ژیانی تەرخان کردبوو بۆ حیزبایەتی ،بەوپەڕی دڵسۆزی و پاکییەوە تا دواهەناسەی ژیانی خەباتی کرد. ئێمەشی هەر لە منداڵییەوە فێری نیشتمانپەروەری کردوە و لە ڕێکخراوەکانی حیزبدا خزمەتمان کردوە بە شانازییەوە . ئێمە وەک کچی شەهیدێک ئەگەرچی سەختیش بێ بەڵام شان وەبەر ئەو کۆستە گەورەیە دەدەین و خۆڕاگرتر و شێلگیرانەتر لە جاران هەوڵ دەدەین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان بە پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات گەورەترین پاڵپشتی هەمیشەییمان.

# حەلیمە چەروەندە: مانگرتنی ڕۆژهەڵات حەقانییەتی ئەو ڕێگا و ڕێبازەی جارێکی دیکە سەلماندەوە



حەلیمە چەروەندەم، خەڵکی گوندی سەروکانی سەر بە شارستانی پیرانشار؛ و هاوسەری شەهید میرزا ڕەحمان پیرۆتی

**دەکرێ باسی ڕووداوی ١٧ی خەرمانانمان بۆ بکەی؟**

خەرمانان، ئاوێتەبوونەوەی کورد و کارەسات و شین و شانازی بوو. ڕۆژێک کە بە بەرپێکردنی کەسوکارمان بۆ قەڵای دێموکرات دەستی پێکرد و بە هەواڵی مووشەکبارانیان و دواجار بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی پەیوەستبوونی پۆلێک لە باشترین ڕۆڵەکانی گەل بە کاروانی شەهیدان بووە زامێکی بێ سارێژ، برینێکی هەرمان، و ڕەشترین ڕۆژی ژیانی ئێمەمانان. بەدەر لە لایەنە حیزبی، نەتەوەیی و سیاسییەکەی ئەو کارەساتە، لەو ڕۆژەدا ئێمە بنەماڵەی میرزا ڕەحمان پیاوچاکێکی مەند، بوێر، خۆڕاگر و ڕاست لەگەڵ خەڵک و خاکمان لەدەست دا. پیاوچاکێک کە بەشداری زۆر شەڕی کرد، هەڕەشەی لێکرا، گوشاری بەردەوامی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕۆژهەڵات و تارانی لەسەر بوو، بەڵام نەک ملکەچ و لارێ نەبوو بەڵکوو شێلگیرانە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی بۆ هاندانی خەڵک و پەرەپێدانی پرسە نەتەوەییەکان و گەیاندنی پەیامی حیزب قۆستەوە. تەنانەت بە زیندانیکردنی دریژماوە و دەرکردنی کوڕەکانیشی لە زانکۆ لە خەبات سڵ نەبۆوە و تا سەر وەفادار بەو بەڵێن و ئامانجانە ما کە هەموو ژیانی هەڵوەدایان بوو.

زۆر لەو کارەساتە تێنەپەڕیوە کە تێیدا هاوسەرتان شەهید بووە، چی ئێوەی لەسەر پێ ڕاگرتوە و چ شتێکە کە ورە بە ئێوە دەبەخشێ؟

گرینگترین شت کە ورەی پێداوین هەستی هاوسۆزیی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو کە سەریان لێ هەڵنەگرتین و خەمیان لەگەڵ دابەش کردین. مانگرتنی ڕۆژهەڵات حەقانییەتی ئەو ڕێگا وڕێبازەی جارێکی دیکە سەلماندەوە، جەنایەتی ڕێژیمی بە گونجاوترین شێوە مەحکوم کرد و سەرەخۆشی لە دەرک و ماڵی ئێمە بۆ سەرتاسەری کوردستان گواستەوە. لە سەرووی هەموو ئەوانەش، کە دەبینین و دەبیسین شەهید میرزا ڕەحمان لای تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، خزم و دۆست و بنەماڵە هەم لە ڕۆژهەڵات و هەم لە باشوور ناو و یاد و بیرەوەریی جێگای شاناز ی بەجێ هێشتوە، ئۆقرە دەگرین و لەگەڵ خەمەکە ئاسانتر پێکدێین.

**چی بە خوێنەرانی گۆڤاری ژنان دەڵێی و داوات لە ژنان بە گشتی و ژنانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی چییە؟**

داوا لە کچان و ژنانی کورد بەگشتی و کچان و ژنانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی دەکەم زیاتر لە جاران گرینگی بە پەروەردەیەکی ڕوو لە کوردایەتی بدەن، بەرامبەر وەدەستهێنانی مافەکانیان وشیارتر بن و هەروەک هەمیشە پێشڕەو و پشتیوان پاڵپشتی خەباتی نەتەوەیی بن.

# بەرەو داهاتوو



شەهلا دباغی

دوای کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموکرات بابەتێکی زۆر جیدی کە هاتە بەر باس ڕادەی ژنان لە ڕێبەرایەتی حیزب و "کۆمیتەی ناوەندی"دا بوو. ئەو کات تەنیا خوشکە خەدیجە مەعزور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو و هەموو کەس دەزانێ کە خوشکە خەدیجە چ جێگە و پێگەیەکی لە شۆڕشی کوردی ڕۆژهەڵات بە دژی جمهوری ئیسلامیدا هەبووە و چ ڕۆڵێکی گرانبەهای گێڕاوە. بەڵام دیسان لە دوای زیاتر لە ٦٠ ساڵ خەبات چاوەڕوان دەکرا کە چەندین ژن وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە حیزبدا چالاکییان کردبا. دیارە لەدوای پەلاماری جمهوریی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان و چوونە شاخی حیزب خوشکە خەدیجە و سەدان کچی نێو حیزب بەردەوام کۆڵەکەیەکی سەرەکیی خەبات لە



هەموو ئۆرگانەکاندا بوون، ئۆرگانەکانی وەک ڕادیۆ ، چاپەمەنی، نیزامی، ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان. بەڵام وەک بەشدار لە کۆمیتەی ناوەندیدا ڕادەی ژنان لە یەک کەس زیاتر نەبوو. ئەم باسە لە نێو حیزب و لە دەرەوەی حیزب بوو بە بابەتی گەنگەشە و هەڵوێست گرتن لە لایەن یەکسانیخوازانی نێو حیزب و دەرەوەی حیزب. دوای ئەمە لە کۆنگرەی ١٤دا (لە هەر دوو دێموکڕاتدا) چەندین ژن بوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ، جێگر، ڕاوێژکار و ئەندامی کۆمیتەکانی ئەساسنامە و چاوەدێری. هاوکات بەندێکی گرینگ لە ئەساسنامەی "حدک"دا پەسەند کرا، ئەویش ئەوە بوو کە ٢٥٪ لە ئەندامانی ڕێبەری دەبایە ژن بن. ئەمە لە خۆیدا هەنگاوێکی یەکجار ئەرێنی بوو لە مێژووی دێمۆکڕاتەکاندا کە بوو بە هۆی متمانە و ڕێزی تەنانەت خەڵکی دەرەوەی حیزب. ئەمە نەک تەنیا وەفاداری بوو بە ڕوحی کۆماری کوردستان کە گرینگیی تایبەتیی بە ڕۆڵی ژنانی کورد لە خەبات دژی داگیرکەراندا دابوو، بگرە ئیمکانی پشکووتنی هێز و ورەی ژنان لە ناوەندی دەسەڵات لە دوای ٦٠ ساڵ بوو. ئیدی وردە وردە ڕێگا خۆش دەبوو کە حیزب خۆی لەگەڵ ڕووحی سەردەم هاوئاهەنگ بکا، لە هێز و ئەزموونی ژنان بۆ بەرەوپێشبردنی حیزب و کۆمەڵگا کەڵک وەربگرێ، و هێز و توانایەکانی ژنان جێگەی شیاو لە ناوەندەکانی بڕیاردا پەیدا بکەن. دیارە ئەم هەنگاوە بێ گرفت و بێ بەربەرەکانی نەبوو و قسە و قسەڵۆکیش کەم نەبوون، بەڵام ئەوەی کە گرینگ بوو هەنگاوی نەترسانە بوو بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بێ بۆ داهاتوو کە ژنان زیاتر و زیاتر لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی حیزبی و ناحیزبیدا ڕۆڵی خۆیان ببینن. بە دوای کۆنگرەی ١٤دا دوو خاتوونی بەڕێز، ماموستای شۆڕش و چالاک لە بەشەکانی جوراوجۆری حیزب دا شەهیدان سۆهەیلا قادری و نەسرین حەداد، هاوڕێ لەگەڵ چەند خانمی دیکە، بوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، جێگر و ڕاوێژکار. (ئەگەر بە باشی وەبیرم بێ) مامۆستا نەسرین کە بە ماوەی دەیان ساڵ سەدان منداڵی حیزبی پەروەردە کردبوو و سۆهەیلا هەر لە منداڵییەوە بە بنەماڵەوە هاتبوونە نێو ڕیزی شۆڕش و لە ڕاگەیاندنی حیزبدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. ئەو ژنانە بەردەوام و بێوچان هەنگاو بە هەنگاو توانایەکانی خۆیان زیاتر و زیاتر دەکرد و مەنزلەکانی پێگەیشتنی خۆیان بەرەو سەرتر دەبرد تا ڕادەیەک کە لەم ساڵانەی دواییدا ئەزموونێکی یەکجار باشیان وەسەر یەک نابوو. بەداخەوە لە مووشەکبارانی ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨دا کە قەڵا و فێرگەی دێمۆکراتەکان مووشەکباران کران، ئەم دوو خانمە خەباتکارە لە کاتی بەشدارییان لە پلۆنۆمی حیزبدا هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و پێشمەرگەی قارەمانی حدک و حدکا لە چەند چرکەدا شەهید بوون و لە دەست چوون. هەروەها زیاتر لە ٤٠ کەس لە دێمۆکراتەکان بە ژن و بە پیاو، بە سەختی بریندار بوون. هەمان ڕۆژ سێ لاوی قارەمانی دیکەی کورد لە ڕۆژهەڵات کە نەچووبوونە ژێر باری گوشاری دەسەڵاتی تاوانباری ئێرانی و وەک ئۆستوورە لە زینداندا مابوونەوە لە سێدارە دران و بەمجۆرە ٨ی سێپتامبر خوێنی شەهیدانی بنکە و قەڵا و ڕامین و لوقمان و زانیار تێکەڵاوی یەکتر بوو. ئەمەش هەمیسان نیشانی دا کە داگیرکەران هەرگیز جیاوازی لە نێوان ڕۆڵەکانی کورددا دانانێن و بۆ ئەوان هەموو ڕۆڵەیەکی کورد هەر کوردە و دەبێ یان لە سێدارە بدرێ و یان بە مووشەک شەهید بکرێ. لە دەستدانی ئەم هەموو ڕۆڵە بە ئەمەگەی کورد لە یەک ڕۆژدا خەم و شۆکێکی گەورە بوو بۆ هەر تاکێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی. زۆربەی مێدیاکانی کوردی و ڕێکخراوەکان، چالاکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و سەرجەم حیزبەکان و خەڵکی ڕۆژهەڵات ئەم کارەساتەیان بە خەمی خۆیان زانی و لە هەنگاوێکی هاوبەشدا ڕۆژی چوارشەمبە ١٢ی سێپتامبر ڕۆژهەڵات بە مانگرتنی سەرانسەری و گشتی وڵامێکی شیاو و "نا"یەکی گەورەی بە جمهوریی سێدارە و جەهل دایەوە. لەم ڕۆژەدا ڕۆژهەڵات پەیمانی لە گەڵ کێشەی ڕەوای خۆی و شەهیدانی کوردستان دووبارە کردەوە. لەسێدارەدانی لاوانی کورد و مووشەکبارانکردنی بنکە و قەڵای دێمۆکڕاتەکان خەسارەتێکی یەکجار گەورە بوو بۆ کۆی جووڵانەوەی کورد بە گشتی و جووڵانەوەی ژنان بە تایبەتی. دایکی ڕامین و زانیار و لوقمان دەیان ساڵ لە تەمەنیان بۆ نەجاتی ڕۆڵەکانیان تەرخان کردبوو، بەڵام سەرئەنجام ڕژیمی ستەم، کاری خۆی کرد. هەروەها دوای دەیان ساڵ خەبات کە چەند ژن ببوونە کۆمیتەی ناوەندی، لە چرکەیەک دا دوو لە باشترین کادرەکانی ژنان لە دەست چوون. هەنووکە ژنانی حیزبی لەسەر دووڕییانێکن، شان وەبەردان و هەڵگرتنەوەی ئاڵای دەستی نەسرین و سۆهەیلا یان ئەسپاردنی مەیدان و ناوەندەکانی بڕیار تەنیا بە دەست پیاوان تا ماوەیەکی نادیار. وەک کەسێک کە چەندین ساڵە بە پێی توانا لەم باسانەدا بەشدار بووم و هەروەها لەگەڵ خوشکانی دێمۆکرات زیاترین باس و خواستمان بووە، پێشنیار دەکەم هیچ ژنێکی دێمۆکرات نەهێڵێ ئاڵای دەستی سوهەیلا و نەسرین بکەوێتە سەر عەرز. ئەمەش بەم مانایەیە کە جێگای ئەم ژنانە نەتەنیا لە یەکیەتیی ژنان بەڵکوو لە کۆمیتەی ناوەندی و ڕێبەریدا خاڵی نەمێنێتەوە و ژنان جێگایان پڕکەنەوە، گەرچی پڕکردنەوە جێگای ئەوان کە دەیان ساڵ



ئەزموونیان هەبوو سەختە و هیچ کەسیش ناتوانێ جێگای شەهیدان پڕ بکاتەوە. دیارە لەم دۆخە سەختەدا ئەم ویستە بەرحەقە دەتوانێ ببێتە جێگای مشتومڕ و ملنەدان لە لایەن پیاوانەوە. حیزب بە دەیان کچی بە توانا و چالاکی لە باشوور و لە تاراوگە ئەندامە کە دەتوانن بە لێهاتوویی ئەم ئەرکانە بگرنە ئەستۆ. ژنانی حیزبی دەبێ زۆر چالاکتر لە جاران لە مەیدانەکانی جوراوجۆری خەباتی حیزبیدا جێپەنجەیان دیار بێ. چاوەڕوان دەکرێ کە وەک وەفایەک بۆ ئەم شەهیدانە هاوڕێکانیان درێژەدەری ڕێگایان بن و چالاکانە لە ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەییدا ببنە دەنگی کورد و ژنانی کورد. ئێمە هەر جۆرێک چاو لە کێشەی کورد بکەین ژنان زیاترین خەسارەتیان لە ژێر کاریگەریی داگیرکاریی نیشتمانەکەماندا دیوە. ئەمڕۆ دەبێ هەر ژنێکی دێمۆکرات ئالای دەستی سوهەیلا و نەسرین بگرێتە دەست. نەسرین و سۆهەیلا بوونەتە ڕەمز و هێما و سیمبوڵ و لە هەموو جیهاندا ئەم ڕەمزانە دەتوانن پەیامی زۆریان پێ بێ، هەر چۆن ژنانی ڕۆژئاوا و کۆبانی توانیان سەرنجی دنیا بۆ لای کێشەی کورد ڕابکێشن. کاری ژنانی دێمۆکرات نابێ تەنیا لە یەکیەتیی ژناندا کورت کرێتەوە، بەڵکوو دەبێ ژنان جێگای شیاوی خۆیان لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی، لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات ببیننەوە و مۆری خۆیان لە ڕووداوەکانی داهاتووی نیشتمان بدەن. لەم دۆخە هەستیارەدا ژنانی دێمۆکرات دەتوانن لە ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی، ئێنتێرناسیۆنال، چەپ، تەنانەت بەرەی لیبڕاڵیدا ببنە دەنگی حەقخوازی ژنان و کوردستان. ڕێکخراوەکان و میدیای حیزب بە تایبەت کە ژنێکی وەک سۆهەیلا تێیدا جێدەستی بە باشی دیار بوو، دەتوانن دەنگی مافخوازیی ژنی کورد و کوردستان بە هەموو جیهان بگەیەنن و بە دنیا نیشان بدەن چۆن شوێنێکی بێدیفاع کە ژن و منداڵ تێیدا دەژیان لەلایەن جمهوری ئیسلامییەوە وەبەر مووشەک دەدرێ و چۆن ئێران هەوڵ دەدا تریبون و کاناڵێک کە دەنگی سەدان هەزار ئینسانە خامۆش بکا. وەک ژنێکی کورد کە لە منداڵییەوە شاهیدی داگیرکاریی نیشتمان و بێدادیم، دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ژنانی دێمۆکرات و دەنگی نەتەوە جێنۆسایدکراوەکەم. ئێمە نابێ تەنانەت بۆ چرکەیەکیش ئەم نارەواییەی دەرحەق بە کورد دەکرێ فەرامۆش بکەین. ئێمە دەبێ دیوارە ڕووخاوەکانی نیشتمان بە یاد و بیرەوەریی باشترین ڕۆڵەکانمان ساز بکەینەوە. یاد و بیری هەزاران شەهید دەبێ ببێتە بەشیکی گرینگی ناسنامە و نەتەوەسازیمان. سازکردنەوەیەک لە سەر بناخەی بیری نەتەوەیی، وەفاداری بە خوێنی شەهیدان و کار بۆ داهاتوویەکی گەش. یادی شەهیدانی ٨ی سێپتامبر بەرز و بەڕێز بێ.

## نامەی کچەشەهیدێک

**ڕۆژە عەزیزی**

ئەمساڵیش چاوەڕێ بووم کە پیرۆزبایی ڕۆژی لەدایکبوونم پێ بڵێی وەک ساڵانی ڕابردوو، من نە باوەڕم بە کۆچت کردوە و نە دیارت هەیە لە هیچ شوێنێک. وتم قەینا با من ئەمجارە بۆتی بنووسم. تۆ باوکێکی نموونە بووی. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر نین ئەو پیاوانەی ئاواتیان بێ ببنە باوکی کچ. هەمیشە خۆت و نزیکەکانت دەتانگوت کە ئاواتت بوو کە ژیانی هاوسەریت پێکهێنا یەکەم منداڵت کچ بێت. ئاواتەکەت هاتەدی و بوویتە باوکی من و منیش بوومە بەختەوەرترین کچ چونکە تۆ باوکی من بووی. ئەم ژیانە ژیان نیە بێ تۆ بابە گیان، ئەوەی کە ئارامیم پێ دەبەخشێ یادگارییەکانتە. جاران کە دەچوومە قەڵا تۆ حەتمەن لە سووچێکەوە دیار بووی، بەڵام ئێستا لە هیچ کوێیەک دیار نی. کە دەچمە قەڵا درەخت و نەمامەکانی کە تۆ چاندبووتن ئارامیم پێ دەبەخشن، بۆن و ڕەنگی ئەو گوڵە زەرد و سوورانەی کە بە دەستی خۆت لە بەردرگای قەڵاوە تا ژووری چاندووتن تۆم بیر دەخەنەوە ئەگەر چی هەموو یادگاری تۆن بەجێماون بەڵام چی بکەم من بیری خۆت دەکەم. ژیانت شانازی بوو بۆ من، شەهید بوونیشت شانازی و سەربەرزییە بۆم. تەنیا شتێک کە بتوانم بیکەم درێژەدان بە ڕێگاکەت و وەفادارییە بە ڕێبازەکەت بابە گیان.



# قەڵافەتی سەرو و جوانیی سنۆبەر و باڵای بەرزی قەڵا



**دایکی سانا**

"خەباتی ئێمە ژنانی ئازادیخواز ڕوو لە پیاوان نییە؛ پیاوان بابمانن، برا و هاوسەر و کوڕمانن"

ئەوە ڕستەیەکە زۆر جارمان لە زمانی شەهیدی پێشمەرگە، پێشمەرگەی ژن هێمای غرووری ژنانی دێموکرات شەهید سۆهەیلا قادری بیستووە. کاتێک کە قەڵای دێموکرات غروور و باوەڕی پێشمەرگە بوو وجودی ژنانی پێشمەرگە وەک خاتوو سۆهەیلا قادری و مامۆستا نەسرین حەداد هێما و غرووری ژن و پیاو و هەموو پێشمەرگەیەکی قەڵا بوو. قەڵافەتی ژنانە و هەیبەتی پێشمەرگانەی ئەو دوو خاتوونە بوو کە زۆر لە ژنان چ ئەو ژنانەی لە ڕیزەکانی حیزبدان و چ ژنان و کچانی ئەوینداری کوردایەتی هان دا تا ببن بە پێشمەرگە. هەیبەتی قەڵائاسای ئەو دوو خۆشەویستە، خۆنەویستە بوو کە قەڵای لای زۆربەی ژنانی حیزب دەیان بەرابەر خۆشتر کردبوو تەنانەت ئەو کچ و کوڕانەی کە قوتابیانی ئەو دوو خاتوونە بوون و وانەی کوردایەتی و ئەلفوبێی مرۆڤایەتی لەوانەوە فێر ببوون هەموو ڕێگە و ڕێچکەی مامۆستاکانیان گرتە بەر و هەرگیز وانەکانیان لە یاد نەکرد، لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆر لەوان لە قەڵا و تەنانەت لە حیزبیش دوور کەوتنەوە بەڵام هەموو کاتەکان مامۆستاکانیان هەر لە یاد بوو. من ئەوەم نە ئەو کات یان دوای شەهیدبوونیان بەڵکوو لەوەتا خۆم حیزبم ناسیوە لە لایەن هەموویان بەدی کردوە. پێشمەرگەی ژن دەتوانێ لە کات و زەمانێکدا کە کۆمەڵگە لە نێوان دەیان موشکلدایە و دەیان نەهامەتی بینەقاقای خەڵکی گرتوە هێزێکی تۆکمە بێ بۆ ژنان و پیاوانێک کە هیوایان بە دوارۆژێکی ڕوونی گەلەکەیانە. ئەو دوو خانمە خۆنەویستە بە کردەوە و کرداریان ئەوەیان سەلماند و فێری هەموو ژنان و پیاوانیان کرد کە مرۆڤ هاوکات دەتوانێ ژن بێ ، دەتوانێ دایک بێ و لە هەمان کاتیشدا دەتوانێ پێشمەرگە و مامۆستا و ڕێنیشاندەری گەلێک بێ. مێژوو زۆری لەو شێوە ژنانە تێدا بووە کە توانیویانە بە هێز و توانای خۆیان سەروەرایەتی وڵاتێک بکەن بەڵام ئەو دوو سەروەرە بە کردەوەکانیان هەموو ئەو کەسانەیان کە لێیان نیزیک بوون فێری خۆبەکەمگرتن و لەخۆبردوویی کرد و هەموو کات خەڵکیان بە سەروەری خۆیان زانی و هەرگیز خۆیان لە سەروو کەسی دیکەوە نەبینی. ئێمە دەزانین لەو کۆمەڵگە پیاو ساڵارەدا کە ژنان لە کەمترین ماف تەنانەت مافە سەرەکی و ڕەواکانی خۆشیان بێبەشن ژنێکی بە هێز و بە توانا وەک خاتوونە دەنگ خۆشەکەی کوردکاناڵ بە دەگمەن دەبینرێ. ئەوە دەنگ و ڕەنگ و هێما و قەڵافەتی پێشمەرگانەی خاتوونێک بە ناوی سۆهەیلا قادری بوو کە لە شاشەی کوردکاناڵەوە دەبینرا و هێزی بە زۆربەی ژنان کە لە حەسرەتی ژیانێکی ئارامدا بوون دەبەخشی. بۆیە ئێمە بڕوامان وایە کە چۆن قەڵای سەربەرزی پێشمەرگە بە مووشەک لە بن نەهات و هەر یەکەم ساتەکانی مووشەکبارانەکە بوو بە مەتەرێزی پێشمەرگە هەر ئاواش هەر دڵۆپە خوێنێکی مامۆستایانی ڕێگای کوردایەتی و مرۆڤایەتی، شەهیدانی ١٧ی خەرمانان دەچێتە دەماری کوڕان و کچانی کوردەوە و بیر و باوەڕی ژنان، پیاوان، کوڕان و کچانی کوردستان وەک بەرزیی باڵای قەڵا و وێنەی سەرکردەکانیان سەر لە تەشقی ئاسمان دەدا.

## نامەی کچەشەهیدێک



**سەیران عیزەتی:**

من کچی شەهیدی هەمیشەزیندوو مامە قالە ڕیشەم. شەهید بوون شانازییەکە کە بە هەموو کەس نابڕێ. جێ شانازییە باوکم ٤٢ساڵ بۆ کورد و کوردستانێکی ئازاد خەباتی کرد و لە پێناو کوردایەتیدا گیانی فیدای نیشتمان کرد. باوک کەسێکە ئەگەر لەدەست چوو دووبارە نابیێتەوە. باوکم هەموو کات هەوڵێ داوە ئەوەندەی لە توانای دایە ئەوەی بۆی دەکرێ بۆمان بکا باوکم نموونە بوو، هەمیشە وەک هاوڕێیەک بوو لەگەڵ هەموومان. دوای مووشەکبارانی قەڵا کە ژمارەیەکی زۆر لە کادر و پێشمەرگە و سەرکردە شەهید و بریندار بوون بابیشم بە سەختی بریندار بوو ئەو کات من دوازدە ڕۆژ لای باوکم بووم و بە دەستی خۆم برینەکانیم تیمار دەکرد کە بریندار بوو لەو ١٢ ڕۆژەدا یەک ڕۆژ هاتەوە هۆش و داوای ئاوی ساردی کرد بە داخەوە لەبەر زۆریی برینەکەی تەنیا توانیم لێوی بۆ تەڕ بکەم، من بە ئومێدی ئەوە بووم باوکم چاو هەڵبێنێ. بە داخەوە باوکم چاوەکانی بۆ هەمیشە داخست.

# فەریدە شاوەیسی: ئەوەش کە ڕێگایان درێژەی هەیە و سەنگەریان چۆڵ نیە ئارامیی بە دڵم بەخشیوە



من فریدە سابیر ڕەشید ناسراو بە (فەریدە شاوەیسی) لە دایک بووی بێساران لە ڕێگەی شەهید حەمە شەریف جەمشیدییەوە حیزبم ناسی. ساڵی ١٣٦١ هاوسەرەکەم شەهیدبوو، بۆیە ڕق ئەستورتر بووم شووم کردەوە بە پێشمەرگە و قادر ئیزەتیم ناسراو بە قالە ڕیشە هەڵبژارد لەو کاتەوە تا ١٧ی خەرمانان لە شاخ و شار و خۆشی و ناخۆشی بەیەکەوە بووین بە ڕێگایەکی سەخت و دژواردا منداڵمان بەخێو کردوە و پێمان گەیاندوون. دەیان جار ماڵمان لە ناوچووە و لەژێر بۆمباران و شەڕدا ١٧ی خەرمانان ڕۆژێکی زۆر سەخت و ناخۆشە بۆ ئێمە وەک ڕۆژێکی ڕەش لە مێژووی ژیانی من و هەموو تاکێکی کوردی نیشتمانپەروەر پێناسە دەکرێ. لەو ڕۆژەدا کە هەمیشە وا دەزانم ئێستایە بەڕاستی تووشی شۆک و ناراحەتی بووم من خەریکی ئامادەکردنی خواردن بووم و چاوەڕێ بووم قالە بێتۆ بەڵام بەداخەوە هەر ئەونەم زانی دەنگێکی گەورە و ترسناک ماڵەکەی ڕاتەکاند هەر گریانی مناڵ و ژن و خۆڕنینەوە بوو لە دەرەوە ئەوە بوو جیرانەکان بە فریام هاتن و یارمەتیی منیان دا. دوای ماوەیەک سۆراغی قالە،م گرت و تەلەفونی کاری نەدەکرد، جارێک دەیان گوت شەهید بووە، جارێک بریندار. تا لای سەعات ١٢ ماعلوم بوو لە ژووری عەمەلە و ڕەوانی سلێمانی کرا. دوای ١١ ڕۆژ بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ بەداخەوە گیانی سپارد بە گەل و نیشتمان و شەهید بوو. ڕاستە کارەساتەکە زۆر زۆر ناخۆشە خۆ ڕاگریی دەوێ. بەڵام هاو سۆزی و هاوخەمیی دۆست و ڕەفیقان و هاوسەنگەرەکانی و خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی ڕۆژهەڵات و تایبەتیتر خەڵکی مەریوان باری قورسی خەمی ئێمەیان کەم کرد و هاوکار بوون بۆ ئەوەی ئێمە لەسەر پێیان هەر ڕاوەستاو بین. هەروەها ئەوەش کە ڕێگایان درێژەی هەیە و سەنگەریان چۆڵ نییە ئارامیی بە دڵم بەخشیوە. شەهیدبوونیشی شانازییەکە بۆ گەل و نیشتمانەکەی کە خۆی ئاواتی ئەمە بووە. جارێکی دیکە ئارامی کردمەوە. پەیامم بۆ ژنان ئەوەیە خۆڕاگرتر لە جاران و بەگوڕوتینتر لە جاران لە کارەکانیان بەردەوام بن و داواکارم لە ژنانی ڕۆژهەڵات بە چالاکیی مەدەنی و جۆرەکانی دیکەی خەبات هەوڵ بۆ بە دیهێنانی مافەکانیان بدەن و ڕێگای ئازادی سەر بخەن. سوپاسی خوێنەرانی گۆڤارەکەتان دەکەم، سوپاس لەو دەرفەتەی بەمنتان داوە، هیوام سەرکەوتنی زیاترە بۆتان. ماندوو نەبن

---

## نامەی کچەشەهیدێک



سنوور عیزەتی:

من سنوورم کچی شەهید قالە ڕیشە، ئەو مامە قالەیەی کە دەستێکی چەکی شانی بوو و بە گژ دوژمندا دەچۆوە و دەستێکی دەسرەی سەرچۆپی بوو و دڵی خۆشەویستانی پێ شاد دەکرد. شەهید مولکی نەتەوەیەکە من و باوکم بیرەوەریی زۆر خۆشمان پێکەوە هەیە، باوکم هەمیشە ئاواتی ئەوە بوو کە ئێمە دەرس بخوێنین هەمیشە دەیگوت ئێوە دەتوانن بە خوێندن و فێربوون هەم داهاتوویەکی گەشتان بۆخۆتان ببێ و هەم دەتوانن پشتی حیزب بگرن. هەر بۆیە ئێمە درێژەدەری ڕێگای دەبین پیش کارساتی ١٧خەرمانان کە ماوەیەکی کەم بوو لێی دوورکەووتبومەوە زۆر جار باسی ئەورووپا و خۆشیی ئیرەم بۆدەکرد دەیگوت کوردستان بۆ من بەهشتە. چەند ڕۆژ دوای ئەوە بەبرینداری دووجار ناوی هینابووم ئیتر بە داخەوە کوردستان بوو بە بەهەشتی ئەو. من و باوکم یەکترمان زۆر خۆش دەویست، همیشە پێی دەگوتم سوورە گیان کەم بەناوی خۆم بانگی دەکردم من تەنیا ٢١ڕۆژ بوو لێی دوور کەوتبوومەوە کە دوژمن ئاوا بە نامەردی لەگەڵ پۆلێکی دیکە لە هاوسەنگەرانی لێی هەستاندین و هەتا هەتایە بێبابی کردین. بۆ ئەو کارەساتە زۆر گریاین. ئەو خۆی لە لای خزم و کەس باسی کردبوو کە زۆر بێ تاقەتە کە من لێی دوورم، زۆر گریا بوو. چونکە من و باوکم ٢٧ سال پیکەوە ژیاین، ٢١ڕۆژ لێی دوور بووم بە داخەوە لە دەستم دا.

# سوڕەییا پەیڕەوان: ئێستاش هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانم



ئەمن سوڕەییا پەیڕەوان ساڵی ١٣٥٠ لە بانە لە دایک بووم، لە ساڵی ١٣٥٧یشەوە پەیوەست بووم بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە. کە شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکردوە و جمهوریی ئیسلامی هاتوتە سەر کار، باوکم بۆتە پێشمەرگە و ئەمن لەگەڵ باوکم لە شار هاتوومەتە دەرێ و ساڵی ٦٦ لەگەڵ «هاشم عەزیزی» ژیانی هاوبەشمان پێکهێناوە. بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشەشمان ٤ منداڵە کە ٣ کچ و کوڕێکە بەناوەکانی (ڕۆژە، مژدە، نزار، بانە). لەوەتای یەکیەتی ژنان لەو دەورەی دەستی بەکار کردۆتەوە تەقریبەن ٦٩-٧٠ ئەمن بوومەتە ئەندامی یەکیەتیی ژنان. کار و چالاکیەکانم بەپێی پێویست هەبووە و ئەوەندەی توانیومە هاوکاریم کردوون و لەو ماوەیەشدا ئەکسەری ساڵەکان و مانگەکان من سەرشانە بووم، دەورەیەکیش وەک ئەندامی بەڕێوەبەری لە هێزی ئەربابا بووین ئەوکاتە خوشکە «سەکینە» سکرتێری یەکیەتیی ژنان بوو.ئێستاکەشی لەگەڵ بێ ئەندامێکی چالاکی یەکیەتیی ژنانم و سەر شانەم و هەر کارێکی پێیان سپاردبم بەجێم گەیاندوە.

ڕۆژی ڕووداوەکە! بەداخەوە ڕۆژێکە لە ژیانی مندا کۆن نابێ هەمیشە و دایم لە ژیانی مندا ئەمێنێتەوە وەک ڕۆژێکی ناخۆش، ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم بووە! ئەو ڕۆژە هاشم خۆی ئامادە کردبوو بۆ پلۆنۆم بەیانی کە هەستا ڕۆیشت بۆ پلۆنۆم تازەترین جلی حیزبی کە دوو جار لەبەری کردبوو بۆ سەعاتێک، ئەو جلانەی لەبەر بوو لەگەڵ پشتێندێک کە خالۆژنی بە کادۆ بۆی هێنابوو ئەوی بەستبوو کە بۆ ئەو جلە حیزبیانەی دانابوو، زۆر بە ڕێکوپێکی ڕۆیی بۆ پلۆنۆم زۆر بە ڕوویەکی خۆشەوە خواحافیزیی کرد و ڕۆیشت و من چاوەڕێی هاتنەوەی بووم! چاوەڕوانی ئەوەی نەبووم کە نەگەڕێتەوە، بەداخەوە کەوتینە سەعاتی ١٠:٤٥ دەقەی بەیانی کە ئەو مووشەکبارانە ڕوویدا و لە قەڵای دێموکراتی دا، من کە یەکەم مووشەکی لێدا زانیم بەداخەوە لە سکرتاریای داوە. فەوری وتم پلۆنۆمە و لە سکرتاریای داوە، لە فاسیلەی ٥ دەقەدا هەموو مووشەکەکانی لێدا، بەڵام بەڕاستی من هەر ئەو دەقەیە ئەژنۆم شکا زانیم شتێک ڕووی داوە، ئێمە ڕوومان کردە نەخۆشخانەکان ڕووم کردە قەڵا کوڕەکەم نەیهێشت بچم بەڵام چوومە نەخۆشخانەی کۆیە کە چووم زۆر گەڕام لەو نەخۆشخانەیە هەموو دیوەکان گەڕام، هەموو نەخۆشەکانم بەسەر کردەوە بەداخەوە هاوسەرەکەی خۆمم نەدیەوە هاتمەوە بۆ قەڵا لە قەڵاش هەر نەمدیەوە، چوومەوە بۆ نەخۆشخانە هەر نەمدیەوە تاوەکوو بەداخەوە! بەداخەوە لەو شوێنەی کە جەنازەکانی لێبوو لە توب عەدل لەوێ دۆزیمەوە، هەر نەشمبینی ئێستاش هەر نەمبینی ! بۆیە باوەڕیش ناکەم، تەنها جەنازەکەی لەسەر شانم بوو بۆنم کردوە کە بۆنی ئەوە ئەگینا نەمدی بۆ ئەوەی دڵنیا بم لێی! ئێستاش هەموو ڕۆژێ کە ئەو وەختانە دێت هاشم لە قەڵا بێتەوە من چاوەڕوانم... ئێواران هەر چاوەڕوانم... هەموو کاتەکان چاوم لەو ڕێگایەیە چونکە هەموو گۆشە و کەنارێکی ئەم ماڵە خاترەی ئەوە بۆ من. بەداخەوە بۆ ئەو ڕۆژە کە من قەت قەت لە ژیانی خۆم ئینتیزاری ئەو ڕۆژە ڕەشەم نەکردوە، زۆر خۆشەویستم لەدەست داون، باوکم لەدەست داوە، برام لەدەست داوە ئەو زەربە گەورەیەم ... پێ نەکەوتوە چونکە خۆشەویستترین کەسی ژیانم لەدەست داوە.

ئەوە نیزیک ٤ مانگە ئەم مقەدەرە ڕووی داوە یانی پێموایە ماوەیەکی زۆر کورتە بەکوێیا ئەو ماوەیە تێپەڕی؟ بەڵام ئەوەی کە کەوتووینەوە سەر پێ من ڕاستە ٢_٣ ڕۆژێ ئەوەڵ پشتم شکابوو، ئەژنۆم شکابوو، ئەتوانم بڵێم ورەم لەدەست دابوو! بەڵام وەختێک حیزبی دێموکرات ئەو کۆسپە گەورەیەی لێ کەوتوە، قەڵای دێموکراتی ڕووخاوە بەڵام پشتی بنەماڵەی شەهیدی بەرنەداوە لە یەکەم لەحزەکانی ئەو حادیسەیە بە دەورەمانەوە بوون، خودی سکرتێر خودی کاک خالید عەزیزی کە نووری چاوی هەموومانە، بە برینداری کەوتۆتەوە سەر پێ و هاتوە سەردانی کردووین، تەواوی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکان نەیانهێشتووە ئەو کۆسپە گەورە ئێمە بەتەنیا هەڵبگرین و خەمەکەیان لەگەڵ بەش کردووین نەک هەر لێرە و لە نێو حیزبی دێموکرات، لە ناوخۆی وڵات لە دەرەوەی وڵات، ئەو مانگرتنە گشتییەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەیان برد لەو ڕۆژەیا کە ئەتوانم بڵێم شاری بانە بەپێی باسکردنی ئەو کەسانەی لە ناوخۆی وڵاتەوە هاتوون بۆلامان و سەردانیان کردووین ٩٩٪ی دوکان و بازاری داخستبوو، هەر ئەوانە بوون کە وزەیان داوەتەوە بە ئێمە و ورەیان داوەتەوە بە ئێمە و ئێمەیان هەستاندۆتەوە سەرپێ، وەختێک دەزانم خەمەکە تەنیا هی ئێمە نییە، شەریکی خەمەکانمان زۆرن،زۆرن کە خەمەکەیان لەگەڵ بەش کردووین، ئەو کۆسپە کە لە ئێمە کەوتوە لە گەلی کورد کەوتوە، لە هەموو دۆست و هاوڕێیانمان کەوتوە! ئێستاش لەو ماوەیە کە موقەدەرە قەوماوە ئێمە دەورمان چۆڵ نەبووە، هەموو شەوێک ئێمە دەورمان قەرەباڵغ بووە و بەڕۆژیش هەر دەوروبەرمان ئاوەدانە، دۆست و برادەران و هاوڕێیان و ڕەفیقان خزمانمان بە دەورەمانەوەن نەیانهێشتوە ئەو خەمە بەتەنیا هەڵبگرین هەر ئەوەیە کە تا ئێستا بەورە ماوینەوە، ئەبێ ورەشمان بەرز بێت. کۆماری ئیسلامی زۆر جار زەربەی زۆر قورسی لێداوین بەڵام ئێمە ورەمان نەڕووخاوە، ئێمە کە ڕۆژێک بووینە پێشمەرگە و ژیانی هاوبەشمان لەگەڵ پێشمەرگەیەک پێک هێنا ئەو ڕۆژەمان دەبوو لەبەر چاو بێت کە پێشمەرگە یانی مەرگی لەپێش خۆوەیەتی. بۆیە ئەو ڕێگایە بۆخۆمان هەڵمانبژاردوە، بۆخۆشمان دەبێ تەحەمولی ئەوە بکەین ئەو خەمەش هەڵبگرین، لەگەڵیشی ڕابێین و ئیشەڵڵا حیزبەکەشمان سەرکەوتوو ئەبێ.

ئەمن هەروەک گوتم لێرەوە سپاسی هەموو هاوڕێیان دەکەم، سپاسی هەموو خوشک و برایان دەکەم هەر لێرەشەوە داوایان لێدەکەم لە حیزبە خۆشەویستەکەم و هاوڕێیان خۆشەویستان کە درێژەدەری ئەو ڕێگایە بن، ئەو ڕێگایە بەوە ون نابێ کە درێژە بە ڕێگایان بدەین وەک ڕێبەری مەزنمان دەفەرمووێ «باشترین پاداشت بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە» من هەر بۆخۆم ئێستا کە هاوسەری شەهید، کچی شەهیدم ! درێژەدەری ئەو ڕێگایەم هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم.

# خەدیجە پورمەند: فکری مووشەکمان نەدەکرد ، ئیدی ئەوەندەمان دەزانی کارەساتێکی گەورەیە و بەسەرمان هاتوە



لەپێشدا دەستخۆشی و ماندوونەبوونی لە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری ژنان دەکەم، من خەدیجە پوورمەند ، ئەندامی یەکیەتیی ژنانم، بۆ ماوەی ٩ ساڵ ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان بووم و لەو ڕێکخراوەدا کارم کردوە، ئێستاش بۆ هەموو کارێک هەر هەمیشە ئامادەگیم هەبووە و ئێستا پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانم، بەرپرسی بەشی ئامووزشم، بەرپرسی کتێبخانەم کە کتێبخانە سەر بە کۆمیسیۆنی ئامووزشە، کتێبخانەی گشتیی حیزب کاری من لە ئێستادا لە کتێبخانەیە.

ئەگەر باسی ڕووداوەکەی ١٧ ی خەرمانان بکەم،لێدانەکەی سەر قەڵای دێموکرات، من کە ڕۆژانە دەچمە سەرکار لە کتێبخانە کە لە تەبەقەی سەرەوەی سکرتاریایە ، بەیانی کە دەچینە سەر کار کارمان لەوێیە. ئەو کاتەی کە ڕووداوەکە ڕوی دا ئێمە لە شوێنی کاری خۆمان بووین لە کتێبخانە، کە گرمەکە هات و کارەساتەکە ڕووی دا ئێمە نەمان زانی چمان بەسەر هات. دەنگێکی زۆر، پشێوییەکی زۆر ، هەموو شتێک دادەڕما، وامان زانی دنیا بەسەرماندا خراپ بووە! نەماندەزانی تەقینەوەیە، تەیارەیە ! فکری مووشەکمان نەدەکرد ، ئیدی ئەوەندەمان دەزانی کارەساتێکی گەورەیە و بەسەرمان هاتوە، ئەمن لەوێ نەبووم یانی برینداربییەکی وام پێوە دیار نەبوو بەڵام گوڵاڵە بریندار بوو لەپەنجەرەکە نزیک بوو،ئیدی ئەو بینایە هەمووی دەهاتە خوارێ! ئێمە لەوێ کە هاتینە دەرێ بە پلیکانەکاندا هاتینە خوارێ، کە هاتینە خوارێ دووەم دانەی لێدا کە دووەم دانەی لێدا ئەمن کەوتم دە قووڕاو و خۆڵ و لەوێش هەموو شوێنێک دەڕووخا دەکاتە خوارێ ئەمن پێم وابوو کە تازە تەواو بووم و ئاخر ساتەکانی ژیانمە ! نەمدەزانی دەمێنم یان نا. دوایی هەستامەوە کە هەستامەوە لە گوڵاڵەم پرسی ئەتۆ ماوی؟ گووتی ئەمن ماوم. ڕۆیشتین بۆ لای سەرەوەی قەڵایە، کە ڕۆیشتین پێمان ڕاگەیشتن دەسماڵ کاغەزی و شتی زۆریان بۆ هێنابن بڕێکیان برینەکان خاوێن کردینەوە بۆئەوەی خوێنەکە زۆر نەیەت دەسماڵ کاغەزیی زۆریان وێدابن دەست بە برینەکانمان بگرین، دوایی ڕۆیشتین بۆ دەرەوەی قەڵا کە گەیشتینە بەر دەرگای قەڵایە دوو نەفەر لە پەتوویدا بوون نەمزانی کێن شەهیدن، بریندارن! هاوارم کرد ئەوانە کێن ؟ گوتیان لێیانگەڕێ وەرە ئەتۆ بریندار برۆ ، ئەمن ڕۆیشتم گوڵاڵە لەگەڵ وان سوار بوو ئیدی منیان بردە کۆیە، نەمزانی کێ ماوە کێ نەماوە. لە نەخۆشخانەی کۆیە منیان دانا هەتا ئێوارێ.

ئەو کارەساتە کە بەلای منەوە زۆر زۆر گەورەیە، زەربەیەکی زۆر قورسە کە ئێمە پۆلێکی زۆر لە هاوڕێیان و لە ڕەفیقان و هاوسەنگەرانمان لە دەست دا،بە تایبەتیتر بۆمن هاوسەری خۆشەویستم کە پشت و پەنام، کە هاوبەشی ژیانی چەند ساڵەم، هاوبەشێکی بە تەواوی مەعنا پشتوپەنایەکی بە مەعنای ژیانم بوو "عوسمان"شەهید بوو. بۆ من کارەساتێکی زۆر گەورەیە ، هەموو ڕۆژێ بۆ من تازەیە هەرچەند زەمان بەسەر بچێ، هەرچەند دەکەم ناتوانم قبووڵ بکەم، ناتوانم باوەڕ بکەم بەو ڕووداوە، بەڵام بەهەر حاڵ کارەساتێکە بەسەرمانهاتوە،ڕووداوێکە هیچمان لەدەست نایە تەنها ئەوەیە کە ئێمە دەبێ لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستین بەتایبەتی ئێمە کە لە شۆڕش داین ، بەتایبەتی ئێمە کە پێشمەرگەین و لەگەڵ دوژمنێکی وەک کۆماری ئیسلامی ڕوبەڕووین، ڕووداوی ئاوامان زۆر بینیوە کارەساتی ئاوامان زۆر بینیوە، زۆر لە هاوڕێ و کەسە خۆشەویستەکانمان لەدەست داوە ، ئێمەش هەر وەک ئەوان دەبێ خۆڕاگر بین، دەبێ درێژەدەری ڕێگای ئەوان بین و ئێمە لە ڕێگای ئەوان بەردەوام بین، ئەو بیرو باوەڕەی کە ئەوان هەیانبوو، باوەر بە ئازادی نەتەوەکەمان ،باوەر بە وەدی هێنانی مافەکانمان.. بەشێکی دیکەی ئەوەیە ئێمە بە تەنیا دەبێ قبوولی بکەین، دەبێ تەحەممولی بکەین، نیین. خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئێمەیە، هاوخەمی ئێمەیە ئەوە دەتوانێ ورە بە ئێمە بدات و پشتیوانیکە بۆ ئێمە کە ئێمە بتوانین لەو ڕێگایەدا بەردەوام بین. من وەک ژنێک کە لە ڕێگایەک دام، لە ڕێبازێک دام کاری ئێمە خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد بە گشتی و بەتایبەتییش مافی ژنان کار دەکەین ، داوام لە هەموو ژنانی کورد بەتایبەتی ژنانی ڕۆژهەڵات لە هەر جێیەکی بن، لە نێوخۆی وڵات ئێمە چاوەڕوانیمان هەیە کە ئەوان درێژەدەری خەباتی ئێمە بن پشتیوانی خەباتی ئێمە بن، خەباتی ئێمە بۆ ئەوانە بۆ ئەوەیە ژنانی کورد بە ئازادی بژین، بە ئازادی بیر بکەنەوە، بە ئازادی خۆیان ژیانی خۆیان داڕێژن. ئێمە کە لە دەرەوەی وڵاتین یان لە ناوخۆی وڵاتی خۆمان نیین هەمیشە هەموو کارێک کە دەیکەین، هەموو شتێک کە دەیکەین بۆ ئەوێیە، بەرنامەی ئێمە، ژیانی ئێمە، خەباتی ئێمە ، هەمووی بۆ ئەوەیە ژنان لە ڕۆژهەڵات بە ئازادی بە مافەکانی خۆیان بگەن. ژنان نابێ بێ تەفاوەت بن، ژنان نابێ خۆیان دوور بگرن لە مەسەلەکان مەسەلەی سیاسی ، نەتەوایەتی، مەسەلەی ژنان کە هەر ژنێک لە جێی خۆی کار و خەباتی خۆی نەکات یان هەر ژنێک لە جێی خۆی هەوڵ نەدات، هەر ژنێک لە جێی خۆی مەسەلەکان و ڕووداوەکان بە هی خۆی نەزانێ کاری ئێمە ناچێتە پێشێ، کاری ئێمە تەنیا ئەوە نیە کە لە ماڵێ دانیشین و چاو لە ڕووداوەکان بکەین ، کاری ئێمە ئەوەیە کە هەرچی لە دەستمان دێت هەرچی بۆمان دەکرێ هەرچی لە تواناماندا هەیە درێغی نەکەین. دەبێ بیکەین بە هەموومان دەتوانین ئەو خەباتە بەرەوپێش ببەین، بە هەموومان دەتوانین بە ماف و ئازادییەکانمان بگەین.

# نەزیرە ئەحمەد: تەنیا بۆ من  هاوسەر نەبوو، بۆ من ڕەفیقێکی ژیان بوو، بۆ من خەم خۆرێکی گەورە بوو



من نەزیرە ئەحمەد خەڵکی سلێمانی نزیک بە ١٦ ساڵە کە ژیانی هاوسەریم لەگەڵ کەریم مەهدەوی ناسراو بە (کەریم سەقزی ) پێک هێناوە لە ماوەی ئەو شازدە ساڵەدا ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بووم لە پەیوەنیەشدا لەو ماوەدا هەر کارێک لە دەستم هاتبێت و لە توانام دا بووبێ درێغیم نەکردوە کردومە و لە خزمەتیان دابوم و هەروا هاوکار و پشتیوانیان بوم. ڕۆژی ١٧ی  خەرمانان یەکێکە لەو ڕۆژە ناخۆشانە بوو کە بەسەر حیزبی دیموکرات و گەلی کورد هات بە حوکمی ئەوەی ئێمە ماڵمان لە سلێمانی بوو ئەم ڕۆژەش من لە سلێمانی بوم وەک هەمیشە هاوسەرەکەم بۆ ڕاپەڕاندنی کاری حیزبی لە کۆیە و لە قەڵای خۆڕاگری دیموکرات بوو ئەو ڕۆژە لە کۆبونەوەدا بوون ئاگاداری ئەوە بووم کە کۆبونەوەیان هەیە بەڵام من ئاگاداری کات و ساتی کۆبونەوە نەبوم بۆیە زۆر بە وردی ئاگام لێ نەبوو پێشتر بە براکەم گوترابوو من ئاگادار نەبوم کە کارەساتەکە ئەوەندە گەورەیە دواتر ڕاستی ڕوداوەکەم لەتیڤیەوە دیت و باسی لە گەورەیی کارەساتەکە و باسی لە بریندار و شەهیدێکی زۆر لە قەڵای دیموکرات دەکرد کە لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە ئەو هێرشە موشەکییەی کراوەتە سەر؛ هەر لەوێ هەستم کرد کە کارەساتێکی زۆر گەورە بەسەر من هاتوە و هەستم بە بریندابون یان شەهیدبونی هاوسەرەکەم کرد. بۆیە ڕێگای کۆیەمان گرت و بۆ قەڵای دیموکرات لەگەڵ بنەماڵەکەم هاتین لە ماوەی ئەو شازدە ساڵەی کە هاوسەری کەریم مەهدەوی بوم هەمیشە هاوکار و پشتیوانێکی گەورەی من بوو هەموو کات هانی داوم کە تێکەڵ بە کارێک بم کە تێدا ئیستیعدادم هەیە و دەتوانم بیکەم وە هەمیشەش قسەی ئەو ئەوە بووە کە هەر کارێک بیکەی من هەرچەندێک بتوانم هاوکار و پشتیوانت دەبم ئەو لە ڕاستیدا تەنیا بۆ من  هاوسەر نەبوو بۆ من ڕەفیقێکی ژیان بوو بۆ من خەم خۆرێکی گەورە بوو لەگەڵ ئەوەی کە کاری حیزبیشی دەکرد و زۆری کات بۆ دادەنا بەڵام سەرەڕای ئەوانەش کاتێکی تایبەتی بۆ بنەماڵەکەی خۆی هەبوو ئەمنیش هەر وەک ئەو هەمیشە چۆن بوبێت بۆم و تا ئەو جێگایەی کە زانیبێتم لە کاروباری حیزبی  پێویستی پێم بووە هاوکاری بووم و لەگەڵی بووم چەند ساڵی ڕابردوو کە لە سلێمانی ژیاوین و ئەوەندەی کە توانیبێتم هاوکاری بوم و زۆر جار لە مقەڕ بە تەنیا ماوینەتەوە و زانیومە مەترسی لەسەر ژیانی هەبوو چونکە کەسێکی دەست ڕۆیشتوو بوو و سەرمایەیەک بوو بۆ حیزبی دیموکرات نەمهێشتوە لە شوێنێک بە تەنیا بێت لەبەر  ئەوەی هەستم کردووە شوێنەکە مەترسیدارە و بە تەنیا هەتا بەیانی بە دیار ئەوەوە دانیشتوم و ئاگام لێیبوە، هاوسەری من ماوەی چەند مانگێک بوو زۆر جار باسی لەوە دەکرد کە کۆماری ئیسلامی دەستی کردۆتەوە بە تیرۆری کەسایەتیەکانی حیزب لەبەر ئەوەی کە حیزبی دیموکرات خۆشەویستی خەڵکی خۆیەتی و لە ناو خەڵکی جێگەوپێگەی خۆی هەیە.ئەو باسی لە تیرۆر و پەڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ من دەکرد بە حوکمی ئەوەی کە من خەڵکی باشوری کوردستانم و ماوەیەکی زۆر نەبوو ئاشنا ببوم بە حیزبی دیموکرات زۆر جار باسی لە مێژوی حیزب دەکرد باسی لە هەموو قارەمانیەتی و فیداکاری پێشمەرگەکانی حیزب دەکرد بۆم و ئاشنای دەکردم پێیان  و ئەو ماوەیەش زۆر جاران بە منی وتووە کە ئەگەر ڕۆژێک شتێکی ئاوا بەسەر من بێت  لەبەر ئەوەی کە منیش پێشمەرگەیەکی ئەو حیزبەم و ئەو حیزبەش کەوتۆتە بەر پەلاماری کۆماری ئیسلامی و لەمەوبەدواش ئەگەری ئەوە هەیە کە دیسان ئەو شتانە دوبارە بێتەوە وەکو هاوڕێ شەهیدەکانم گیان بەخت بکەم و شەهید بم و گەورەترین شانازیە بۆ من و تەنیا شتێکیشی کە پێش شەهید بوونی داوای لە من کردووە ، وتویەتی ئەگەر شەهید بم شتێکی کە زۆر بە لای منەوە گرینگە کەرەسە و بەڵگەی پێشمەرگایەتیمە کە هەموو شانازی ژیانمە تەنیا ئەوانەی پێ سپاردوم کە بتوانم پارێزگاری لەوانە بکەم پاش ئەو ڕوداوە ناخۆشەی کە بەسەر من هات و هاوسەر و هاوژین و هاوڕێ و خەم خۆری هەمیشەیم پشت و پەنام شەهید بوو ئەوەی منی ئێستا لەسەر پێ هێشتۆتەوە لە پێش هەموو شتێک پشتیوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو دواتریش ئەو خەڵکەی لەگەڵم بون بە دڵسۆزی و وەفاداری هەموو هاوڕێیانی و درێژەپێدانی ڕێگای شەهیدان و ڕۆحیان شاد و ئاسودە دەبێ.  وە لێرەوە من داوا لە هاوسەنگەرانی دەکەم کە درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی بن و بەتایبەتیش داوام لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە ڕێگاو ڕێبازی شەهیدانمان بگرنەبەر تا گەیشتن بە ئامانجی بەرزیان.

# شەوبۆ وەنەوشە: لە قەڵایەڕا هەر هاواری بابم و «هاوڕێ» هاوسەرەکەم دەکرد



من شەوبۆ وەنەوشە، راوێژکاری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانم. لە رووداوی ١٧ی خەرماناندا من لە قەڵای دێموکرات بووم لەگەڵ هاوکارەکانم کە بۆ راپەڕاندی کاری رۆژانەی رێکخراوەکەمان لەوێ بووین، دانیشتبووین باس و گفتوگومان دەکرد سەعات دە و چل و چەند دەقەیەک بوو ئەو حزەیە ئەمن وامزانی گوشیەکەم لە دەستمدا تەقیوە کە موشەکبارانیان کردین، بەڵام دوایە هاواری یەک لە هاوڕێکانم کرد گوتم گوشیەکەم تەقیوە بۆ وام؟ هیچ نابینم! هەموو هاواریان دەکرد یەک دەیگوت بومەلەرزەیە، یەک دەیگوت ئەوە تۆپبارانە دوایە گوتیان نا مووشەکبارانیان کردین، هەموو دانیشتبووین ئەو مووشەکە سەوتی ئەوەندە زۆر بوو هەر بێرە و بەوێیدادەداین هەر بە یەکی دادەداین، هەموو گیانمان برینداربوو! هەموو گیانمان شەلاڵ لە خوێندا بوو! کە مووشەکی دووهەمیان لێداین ئەوەندەی دیکە بریندارتر بووین یانی برینەکەمان سەختتر بوو، هاتمە هاڵەکەی دیتم یەک دانە هاواری دەهات لەبن فەرشێکی ٣بە٤ وەک ئەوەی بە ٤ کەسان ئەو فەرشەی خڕ کەیەوە ، کە دیتم دەستی چەپم هەموو برین بوو هێزم نەبوو هیچ بکەم.! چاوێکم هەر هیچ نەیدەدی لە تەپوتۆز و خۆڵوخوێندا هیچ گیانمان نەمابوو، چاو چاوی نەدەدیت، بە دەستەکەی دیکەم کە گۆشەیەکی فەرشەکەم هەڵدایەوە زانیم کە باجە ئامینە لەناو. ئەو فەرشەیە ناڵە ناڵی دەهات، ئیدی باجە ئامینم دەرهێنا و تامان و کورەکەی و سنوور هاتبوونە دەرێ لەو ژورەی لە هاڵەکەی بوون هاواری شەهلام کرد دیار نەبوو، دوایە هاوڕێ پێشمەرگەکان کە هاتن گوتم فریا کەون شەهلا دیار نییە، شەهلای وەبینن کە هاتن شەهلا بێهۆش بوو بە کۆڵ هێنایانە خوارێ، ئێستاش پێم سەیرە چۆن چوومەتە خوارێ کە لە تەبەقەی دووهەم بووم!

هەموو ئەو قەڵایە وێران ببوو تێروخابوو، کە هاتینە خوارێ پێشمەرگە بە هاوارمانەوە هاتن ئێمەیان لە ماشێنی هاویشت بەرێیان کردین بۆ خەستەخانە کەس ئاگای لە کەس نەبوو.

کاتێک چووینە نەخۆشخانە رۆژی حەشر بوو کەس ئاگای لەکەس نەبوو، بریندار و شەهید و ئەو هەموو خەڵکە لەوێ بوو! ئەوەڵێ گوتیان شەهیدمان نییە هەموو بریندارن دوایە گوتیان نا شەهیدیشمان هەیە، ئەمنیش لە قەڵایەڕا هەر هاواری بابم و «هاوڕێ» هاوسەرەکەم دەکرد، گوتیان بابت هیچی لێ نەهاتووە ئەوە لە تەلەفیزیۆن قسە دەکات، گوتم. ئەی هاوسەرەکەم؟ ئەی هاوڕێ؟ هاوڕێ بو دیار نییە؟ هاوڕێ بۆ نایە؟ ئەویانیش دەیانگوت لەگەڵ بریندارە بەرێیان کردووە بۆ سلێمانی، دیار نییە جارێ کەس نازانێ کێ دیارە و کێ دیار نییە ، ئیدی خولاسە دەست و سەر و شتم کە هەمووی بریندار بوو دەیاندوریەوە هەر هاوارم دەکرد هەموو گیانم برین بوو چاوێکم هەر نەیدەدیت شوشەی تێچوبوو، ئەمنیان بردە هەولێرێ لەوێ عەمەلیات و شتیان بۆ کردم و هەر هاوارم دەکرد هاوڕێ! بۆ تەلەفۆنێکم بۆ ناکات؟ بۆ نایەتە لام؟ ئەوانیش هەر دەیانگووت هاوڕێ لەگەڵ برینداران چۆتە سلێمانی ، هاوڕێ بۆخۆی بریندارە دەست و لاقێکی شکاوە بریندارە چۆتە وێ هەندێکیان بەرێ کردوونە سلێمانی هەندێکیان لە هەولێرێن، ئەمن ٣ رۆژان هاوارم کرد کەس پێی نەدەگوتم کە هاوسەرەکەم شەهید بووە، هاوسەرەکەم فەرماندەی هێزی پارێزگاری بوو.

سێ رۆژان ئەمنیان بەتەنێ لە ژورێکی دانا هاوڕێکانی ترم پێشمەرگەکانی کە هەموو لە بەشی جیا جیا! ئەمن بەتەنێ لە یەک بەخشی بووم لەگەڵ خەڵکی تر کە باشووری بوون، بۆ ئەوەی کە نەزانم هاوسەرەکم شەهید بوو.

زۆر سەخت بوو رۆژێکی زۆر رەش بوو!

ئەوەش کە ئێمەی لەسەرپێ راگرتووە کە درێژەدەری رێگایان بین، لەسەرپێ رادەوەستین بۆئەوەی ئاوات و ئامانجەکانی شەهیدەکانمان بێنینە دی ئیشاڵڵا.

داوا لە ژنانی رۆژهەڵات دەکەم لە ژنانی ناوخۆ کە کار و چالاکیەکانیان چاکتر بەرێوەبەرن، درێژەدەری رێگایان بن بۆ ئەوەی ئاوات و ئارەزووی شەهیدان «سۆهەیلا قادری و نەسرین حەداد» بێتە دی.



# گوڵاڵە محەممەدزادە: ژنانی ناوخۆی کوردستانیش وەک همیشە پشت و پەنای ڕۆڵەکانی نیشتمان بن



من گوڵاڵە محەممەدزادە خەڵکی سەقز پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی یەکییەتی ژنانم. ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانان وەک هەموو ڕۆژەکانی دیکە لەسەر کار بووم، کاری من لە کتێبخانەی گشتی حیزب بوو لە گەڵ هاوکارەکەم بەبەردەوامی خەریکی کاری ڕۆژانەی کتێبخانە بووین، کاتژمێری دە و چل و پێنج دەقیقە لەپڕدا گرمەیەکی سامناک وڵاتی داگرت من و هاوکارەکەم چەند میتر فرێدراین، تا چەند سانیە نەمانزانی چی ڕوویداوە پاشان بە زۆری دەرگای کتێبخانەمان کردەوە هەموو وڵات دووکەڵ و خۆڵ بوو هەرچی حەولمان دا نەمانزانی چی ڕووی داوە، لەچەند جێگاوە بریندار بووم خوێن بەرچاوی گرتبووم دیسان گرمەیەکی سامناکتر لەوەی پێشوو وڵاتی لەرزاند دەنگی هیچ کەس نەدەبیسرا پاشان زانیمان کە قەڵای دێموکرات هێرشی بۆ کراوە.

ئێمە نەتەوەیەکی ستەم لێکراوین ٤٠ساڵە دژی ئەو ڕێژیمە خەبات دەکەین لەماوەی ئەو چل ساڵەدا بێ پسانەوە هەرکات دەرفەتی بۆ ڕەخسابێ کردەوەی تێرۆریستی دژی ئێمە بەکارهێناوە، تەنانەت ڕێبەرانیشی لێ شەهید کردووین بەڵام خەباتمان هەر درێژە داوە ئەوەی یەکەم جار نییە کە ڕێژیم ئەو کردەوانە ئەنجام دەدا، بۆیە ئێمە هەر بە پێوەین و ئیمان و بیروباوەڕی ئێمەیە سورترمان دەکا لەسەر خەباتی بێوچانمان. ئەوەی دیکەش خەڵکی کوردستانە کە لەراستیدا وزەبەخشە و ورە بە ئێمە دەبەخشن.

پەیامی من بۆ ژنان ئەوەیە کە یەکریزی خۆیان بپارێزن و بە هەموو شێوەیەکی گونجاو دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی خەبات بکەن و ژنانی ناوخۆی کوردستانیش وەک همیشە پشت و پەنای ڕۆڵەکانی نیشتمان بن. لەگەڵ ڕێز سپاس بۆ ئێوە کە منتان بەسەر کردەوە

## نامەی کچەشەهیدێک



**ئاسکە و ناسکە عوسمانی**

بابە گیان،

ئێمە شانازیت پێوە دەکەین چونکە تۆ پێشمەرگەیەکی مەزن، تێگەیشتوو، لەبەر دڵان، بە وەفا و ئاشتیخواز بووی. تۆ نموونەی پاکی، ڕاستی و تێکۆشانێکی بێوچان لە پێناو ئازادی بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەران و بنەماڵەکەت بووی. دڵنیا بە ئێمە بەوەفا دەبین بۆ خوێنی تۆ. ئێمەش وا دەکەین تۆ شانازیمان پێوە بکەی. بە خوێندن و هەوڵدان دەگەینە ئۆرگانە باڵاکانی دونیا و چیرۆکی پڕ لە سەروەریی پێشمەرگایەتیت بۆ دونیا دەگێڕینەوە. بە بەهێزی، ئامادەیی، و دروستی دەمێنینەوە تا بتوانین کاریگەر بین لە سەرکەوتنی شۆڕشەکەی تۆ لە دژی تاریکی. تۆ هەمیشە بە ئێمەت دەگوت، کە تۆ چاوەڕوانی ئەوەت نیە ئێمەش وەک تۆ ببین بە پێشمەرگە، بەڵام چاوەڕوانی کە ڕێز لە تێکۆشانەکەت بگرین. دەمانەوێ پێت بڵێین، ئێمە ڕێز لە ژیانی پڕ لە سەروەریت دەگرین و شانازی بە شەهیدبوونی سەربەرزانەوت دەکەین؛ ئێمەش پێشمەرگەین. بەڵێن بێت خۆمان تەرخان بکەین بۆ خەبات لە پێناوی ماف و ئازادی و ژیانێکی سەربەرزانە بۆ نەتەوەکەمان. ئێمە بەردەوام دەبین و لەگەڵ دایکمان مزگێنیی سەرکەوتنت بۆ دەهێنین

# شەهلا کاوە: سۆهەیلا قادری و نەسرین حەداد، خۆیان ئامادە کردبوو لە ڕۆژهەڵات درێژە بە کار و چالاکی بدەن!



ئەوەی ئێمەی لەسەر پێ ڕاگرتووە یەک بەڕاستی ورەی خەڵکە دوو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ڕۆژی مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانان هەموو بە یەکگرتووی دوکان و بازاڕیان داخست هێندەی دیکە ورەم بەرز بۆوە، کاتێک کە لە نەخۆشخانە هاتمەوە و بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات هەموویان، هاتنە سەردانم و لیانپرسیم بەڕاستی من بە ورەی ئەوان ورەم گرتەوە ئەوان ورە دەدەن بە من و زۆر پێیان دڵگەرمم.

بە خوێنەرانی گۆڤاری ژنان دەڵێم من هیوادارم کارەساتی ئاوا ڕوو نەداتەوە، من لەوەپێشیش تەجروبەم هەبوو بەهۆی برینی سەختی هاوسەرەکەم «کارۆ ڕەسووڵی» کە پێشتر بریندار بوو تەجروبەی ئەو ڕۆژە ناخۆشانەم هەیە، بەداخەوە بریا قەت قەت ئەو ڕۆژەم نەدیتبایە ئەو شەهیدانەم نەدیتبایە، ڕۆحی هەموو شەهیدان شاد بێت، ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ.

داوام لە ژنانی ڕۆژهەڵات بە گشتی ئەوەیە کە ئەو ئاوات و ئامانجەی شەهید «سۆهەیلا قادری» سکرتێری یەکیەتی ژنان و «نەسرین حەداد» هەیانبوو وەدیبێنن، ئەوان خۆیان بۆ ئامادە کردبوو بۆ ڕۆژهەڵات کە لەوێ درێژە بە کار و چالاکی بدەن !

زۆر جار دادەنیشتین لەگەڵ دادە سۆهەیلا دەیگووت: من زۆر دڵم بە ژنانی ڕۆژهەڵات خۆشە، بەڕاستی لەگەڵمانن لە هەموو مەراسم و بۆنەیەک بەشدارن ئەمن زۆر باوەڕم پێیانە.

منیش وەک خۆم هەتا ئەو ڕۆژەی کە هەم هەوڵ دەدەم ئەو هیوا و ئامانجەی دادە سۆهەیلا هەیبوو بەدی بێنم، ڕۆحی شەهیدەکانمان شاد بێت دەست خۆشی لە هاوکارنم و بەڕێوەبەرانی گۆڤاریش دەکەم.

---

## نامەی کچەشەهیدێک

**ژیوار حەسەن پوور:**

چ بنووسم، لە سەر کێ بنووسم؟ چۆن و بۆچی بنووسم! ئاخر من تا ئێستاش بڕوا بەو کۆچە ناوادەیە ناکەم! هەرچی تێیدەفکرم زیاتر لە خەونێک دەچێ، لە یاری سەردەمی منالیمان کە دایکم و بابم خۆیان دەشاردەوە......

من هەر دەڵێم یارییە، خەونە، شتێکە وەک ئەوەی ڕاست نیە و ئەوان دێنەوە و من وەخەبەر دێم و جارێکی تریش بە تام و تاسەی حەوت ساڵەوە سەر بە سینگی بابمەوە دەنێم و بە دەم هەڵمژینی بۆنی سینگیەوە ماچێکی لاشانی دەکەم و ئاسوودە و ئەرخەیان وەک پشتوپەنا، سەری وێدەکەمەوە! ئەمن هەر دەڵێم بەیانییەک نەسەی دایکم تەلەفونم بۆ دەکا و دەڵێ: «دایکەکەم چۆنی، ئەوشۆ خەونم پێوە دیوی، نیگەرانت بووم»! هەستێک پێم دەڵێ من دەچمەوە کۆیە و دایکم دەرگام لێ دەکاتەوە و منیش شەکەت و ماندوو بە حەسرەتێکی چەندین ساڵەوە خۆی لە ئامێزێ داوێم...

هەموو شتێک باوەڕ دەکەم هەر مردن و نەمان و نەدیتنەوە و نەهاتنەوە نا....ئاخر چۆن دەتوانن ئاوا بە بێدەنگی، بێخەبەر و ماڵئاوایی بڕۆن! بۆ مەگەر نازانن من و کاکم چەندە هۆگریان بووین! ئەوان ژین و ژیانی ئێمە بوون و تاقە پشتوپەنا و ڕووناکیی ئەو دنیا پان و بەرینەمان بوون! نا، ئەوان دەزانن ئێمە چەندەمان خۆش دەوێن، بۆیە دڵنیام کە ناڕۆن و جێمان ناهێڵن! تۆ بڵێی چ هەستێکیان بووبێت کە نەیانتوانی ماڵئاوایی لە جگەرگۆشەکانیان بکەن! نا، ڕەنگە سەفەرێکی کورت بێت و بێنەوە! ڕەنگە لە چیاکان بن و موبایلەکانیان کووژاندبنەوە، ڕەنگە ئەرکی حیزبیان پێ سپێردرابێت و جارێ دەنگیان ویمان ڕانەگات! ئەمن هەموو ڕۆژێک و ڕۆژێ چەندین جاریان زەنگ بۆ لێدەدەم، دڵنیام، دڵنیام ڕۆژێک وەڵامم دەدەنەوە و منیش پێیان دەڵێم کە ئێمە چەندەمان خەم بوون و چەندیان بۆ گریاوین و چەندەمان خۆش دەوێن، پێیان دەڵێم جارێکی تر بەرگەی ڕۆیشتنیان ناگرینەوە و پێیان دەڵێم کە ئیتر جێمان نەهێڵنەوە! ئەوان دێنەوە، ڕەنگە ئێمە نەیانناسینەوە! ڕەنگە ببنە پەپوولە و کۆتر و هەموو ڕۆژێ بێنە ناو گوڵەکانی حەوشە و بێنە سەر سووانەی ماڵی غەریبیمان و سەیرمان کەن و ئاگایان لێمان بێت! کێ دەزانێ! ڕەنگیشە بووبنە خوێن و لە شادەمارەکانی شۆڕش مردبن! من دڵنیام ئەوان ماون و ئێستاش لە سەنگەردان! ڕەنگە هەر ئێستا یەکیان لە هەڵگورد، لە گیاڕەنگ و قەندیل و دالاهۆ و یەکیان لە کانی مێو و گەورەدێ و دەشتی کۆیە بێ و خەریکی خەبات و تێکۆشان بن، ڕەنگیشە هەر ئەوان بن لە بیست و یەکی خەرماناندا مانیان گرتبێت و ڕەنگیشە ئەوانەی لێرە



باوەشیان بۆمان دەکردەوە و گەرم گەرم بە خۆیانەوە دەگوشین، هەر ئەوان بوون.

نازانم چۆن، بەڵام هەستی دەڵێ: لە حەڤدەی خەرمانانەوە هەموو شۆڕشگێڕە پیاوەکان لە بابم و هەموو ژنانی کوردستان لە دایکم دەچن و ئەوان کە ژیانێکی پێشمەرگانە ژیان، بۆنیان لە سەر و ڕوخساری چی پێشمەرگە و سەنگەری ئەم خاکەیە ئاڵاوە و من بە ئەوینی بۆنی ئەوانەوە بۆ هەمیشە دەبمە «سەنگەرڤانی» شۆڕشی نیشتیمان و قورس و قایمتر لە هەمیشە بزەی باوەڕەکانی حەسەنپووری باوکم و قەڵافەتی قاقای نەسرینی دایکم هەڵدەگرم و دەیانکەمە چەک و تیشووی ڕێگای سەرکەوتن و ڕۆژێ لە گەڵ دەنگی سروودی ئەی ڕەقیب دەیانکەمە بەنێ مرووی سوور و لە گەردنی بەرزترین ئاڵای ئەم نیشتیمانەیان دەکەم و پێیان دەڵێم: مزگێنی بێ، هەستن، ئێوە گەیشتن و ئامانجتان وەدیهات و ئێوە سەرکەوتن....

ئیتر لەوێوە دەزانم ڕەنگە بڕۆن و نەیانبینمەوە.

# دروود بۆ ڕۆحی بەرزەفڕی شەهیدانی (١٧)ی خەرمانان



فازڵ شەوڕۆ

نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەرفیرازیی کورد.

وەک چۆن، لەبەرەبەیانی گوندێکی بناری چیا، یەکەم شت کە سەرنجت ڕادەکێشێ، یەکەم تیشکی گزنگی خۆرە... وەک چۆن لە یەکەم چاوکردنەوەی کۆرپەیەکی تازە لەدایک بوودا، چاوە گەشەکانی دایک یەکەمین نیگا و یەکەمین سەرنجە.. بەهەمان شێوە، لەگەڵ بینینی یەکەمین وێنەی مووشەکبارانکردنە تیرۆریستییەکەی ڕژێمی ئێران بۆ سەر قەڵا، خەندە گەش و جوان و پڕئومێدەکەی سەر لێوەکانی قاسملوو بوو لەسەر دیواربەندێکی بەرزو بڵندی نێو قەڵا. لەم یەکەمین وێنەیەدا، ڕووی شەهید قاسملووم هێندە پرشەنگدار و موژدەبەخش و شێرانە هاتە پێش چاو، وەک پڕ بەڕاز هاواربکات: (ئەی مووشەکی مەرگ و زام و سووتان، دەمبینن چۆن قاچم لەم خاکەدا چەقاندوە و سەرم لەم ئاسمانەدا بڵند و سەرکەشە ، بڕوانن چۆن خەندەی ئایندەی گەشی کوردان، ڕوو لە ڕۆژهەڵات، بە هەموو دونیادا دەبەخشمەوە.

دیارە قەدەری کوردە، هەموو تازەترین چەک و فڕۆکە و بۆمب و مووشەکەکانی دوژمنانمان، لەسەر ژن و منداڵ و خەڵکی سڤیلی شار و لادێیەکانمان تاقی بکەنەوە، یەکەمین فڕۆکەی میگ و سۆخۆ و باجەر، یەکەمین ژەهراویکردنی هاوولاتیان بەدەستی حکومەتی خۆی، ئیمڕۆش یەکەمین مووشەکبارانکردنی قەڵایەکی مەدەنی کە ڕووبەرەکەی هەر چەند هەزار مەترێکە، بە شەش لە پێشکەتووترین مووشەکی زیرەکی دەستی ڕژێمێکی تیرۆریست تاقی بکرێتەوە. ئاخر ئەو (٤٦٢٠) کیلۆ تەقەمەنییە، کە لە هەناوی ڕەشی ئەم مووشەکانەدا بوو، کافییە، بۆ ئەوەی چەندان هەزار کەس لە شارێکدا بکاتە ئاگر و خەڵووز. ئەوە هەر ڕۆحی خۆڕاگری هێزی بەرگری و خەبات و بەرخوردانە، کە خۆی لەبەر ئەم جۆرە چەکە کوشندانە ڕادەگرێ و بەهێزتر و پڕ ئومێدتریش لە جاران هەڵدەستێتەوە سەرپێ. مێژوومان شاهیدە، کە ئێمە، قەندیل و شاهۆئاسا، هەر سەربڵند دەمێنینەوە و سەرکەوتنیشمان خۆرێکە هەر دەبێ هەڵبێ.



حەزم دەکرد بە یادی ڕۆحی ئەم دەستە شەهیدە نازدارە، ئەم چەند پێشنارە بۆ ئایندەی قەڵای دیموکرات، بخەمە بەر دیدی ئێوە، گەر پێتان باش و پەسند بوو دەکرێ، بە هەندیان وەرگرن:

١ـ دەفتەر و نووسینگەی سیاسیی حیزبە سیاسییەکان لەم قەڵایە بهێنرێنە دەرەوە و چیتر قەڵا نەکرێتە بارەگا و بنکەیەکی کاری سیاسی.

٢ـ ئەو شوێنانەی بەر مووشەکەکان کەوتوون چاک نەکرێنەوە و لە وێدا پەیکەر و کۆتەڵ بۆ هەر هەموو شەهیدەکان دروست بکرێ، جا بۆ هەر شەهیدێک پەیکەرێک بێ، یان یەک پەیکەر، کە بەرجەستەی هەموو ڕووداو و شەهیدەکان بکات.

٣ـ بەشی دووەمی قەڵا بکرێت بە مۆزەخانەی شۆڕشی ڕۆژهەڵات و وێنە و هەرچی کەل و پەلی خۆیان هەیە، لەوێدا نمایشی بکەن.

٤ـ بەشی سێیەمی قەڵا، تەرخان بکرێ بۆ ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردانی ڕۆژهەڵات، وەک منداڵپارێزی، لاوان و ژنان و خوێندکاران و جووتیاران و کرێکاران و پیشەوەران.

٥ـ دەرگای قەڵا واڵا بێت بۆ ئەو کەسانە کە دەیانەوێ سەردانی ئەم شوێنە بکەن و سەردانی پەیکەرەکان و مۆزەخانەکە بکەن. دەکرێ قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆ.... بە گرووپ و دەستە دەستە سەردانی ئەو شوێنە بکەن. ئەمەش بە دامەزراندنی نووسینگەی تایبەت لە ناو قەڵا بۆ پێشوازیکردن و ڕێنوێنیکردنی میوانەکانیان.

٦ـ قیرتاوکردنی ڕێگەی قەڵا و سەوزکردنی دەوروبەرەکە بە داروردەخت و چیمەن و پەیکەر و شتی جوان جوان و ڕووناک کردنەوەی ڕێ و بانەکانی و چاککردنی پارکی تایبەت بۆ ئۆتۆمبیل وەستان.

دوا وتەم...

دروود لە ڕۆحی شەهیدانی قەڵا و هەموو شەهیدانی کوردستان. هیوادارین کە ئایندەی کورد ڕوون و گەشاوە پرشەنگدارتر بێت و هەموویان بە مراز و مەرامی خۆیان بگەن.

بژی پێشمەرگە... بژی ئازادی... بژی کورد.

## نامەی کچەشەهیدێک



**بانە عەزیزی:**

هۆکاری هەموو سەرکەوتنەکانم، خۆشییەکانم، میهرەبانترین و دڵسۆزترین باوکی دنیا، نازانم چۆن باوەڕ بەو ڕۆیشتنەت بکەم... هێشتا لە نازی باوکایەتیت تێر نەبووبووم کە بێنازت کردم، تۆ گوتت چیرۆکی ژانی زستان و شەوانی پڕ کاروانم بۆ باس ئەکەی.. ئەتگوت بۆنی سلێمانبەگ وەک بۆنی هەناسەکانی تۆیە، ئەی کەی چیرۆکەکانتم بۆ باس ئەکەی؟ کەی دەستی غوربەتیم ئەگری و بە کۆڵانەکانی شارەکەتا ئەمگێڕی؟ بە جەستە لێرە نیت و بە ڕۆح هەمیشە لەگەڵمانی، بەڕادەی دووری نێوانمان بیرت ئەکەم، نەبوونت زۆر سەختە بەڵام سەرم بەرزە کە کچی تۆم. بەڵێن ئەدەم ئاواتەکانت بەدی بهێنم، درێژەدەری ڕێگای پیرۆزت ئەبم

# خوێنی سوری ئەو شەهیدانە
# لەسەر خەبات سورتری کردین و سورتریشمان دەکا



وەفا ئەمینی ئەکرەم، خەڵکی شاری مەهاباد ٢١ ساڵە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات: کارەساتی ١٧ ی خەرمانان زۆر لەو ئەندازەی خەڵک بیری لێدەکاتەوە قوڵتر و ناخۆشترە بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە حزووریان هەبوو و لەناو ڕووداوەکە یا شوێنی ڕووداوەکە بوون و هاوڕێ و ئازیزانیان لەدەست داوە. ١٧ی خەرمانان ڕۆژێک بوو کە لەپێش چاوی خۆمان هاوڕێ پێشمەرگەکانمان یەک لە دوای یەک شەهید بوون و بوونە زایەڵەی ئەو کاروانە نەسرەوتووە، بەڵام هەر وەکو دیتتان دوای مووشەکبارانیش پێشمەرگەکان نەک ورە و ئیمانیان لەدەست نەدا بەڵکو خوێنی سوری ئەو شەهیدانە لەسەر خەبات سورتری کردین و سورتریشمان دەکات و پێش مووشەکباران لە خەبات بەردەوام دەبین و بەردەوامین. شەهید پێشەوا نزیکترین هاوڕێی من بوو هەرچەندە لە تەمەنێکی کەمدا پەیوەست بە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو بەڵام قەڵایەکی قورسوقاییم لە بیروباوەڕ و ورە بوو. پێشەوا هەمیشە تابعی بڕیارەکانی حیزبی بوو و ئەوپەڕی جیدییەتی لە بەڕێوەبردنی ئەو کار و ئەرکانەدا هەبوو کە حیزب پێی سپاردبوو وە تا ئاخرین دەقەی ژیانی لەسەر ئەو خەباتە بەردەوام بوو. بێگومان گەورەترین خەڵات و ڕێزلێنان بۆ شەهیدەکانمان درێژە پێدان بە ڕێگا و خەبات بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجانەیە کە وەک هەزاران شەهیدی دیکە ئەو پۆلە هاوڕێ خۆشەویستانەشمان ڕوحیان پێشکەشی کرد. وەهەروەها داوام لە خەڵکی ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە نەهێڵین ڕێگاو ڕێبازی شەهیدەکانمان کەم ڕەنگ و کز بێتەوە، ١٧ی خەرمانان نەک هەر قەڵای دێموکرات بەڵکو شار بە شار و کۆڵان بە کۆڵانی کوردستان لەرزایەوە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش لەوە دڵنیا دەکەینەوە کە قەڵای باوەڕی کورد زۆر زۆر لەوە بەهێزترە کە بە مووشەکبارن بروخێ.

## نامەی کچەشەهیدێک



**ژینۆ ئیبراهیمی:**

کە تۆیان کوشت، دەستیان شکێ کە ڕۆیشتی هەزاران قسەی نەگوتراومان چووە ژێر گڵ. ئەو دەرسانەی دەربارەی ژیان فێرت دەکردین تەواو بوون، ئەو باوەڕ بەخۆبوون و لەسەرپێ–ڕاوەستاویەی بە وجوودت هەمانبوو ڕووخا. قەدەمەکانی ئێوارانمان بەرەو قەڵا بوون بە داخ و حەسرەت. چاوەڕوانی و خۆشحاڵیی پێنجشەممان بۆ هاتنەوەت بوون بە فرمێسک و تاریکی گەرموگوڕیی ماڵمان، قاقا و پێکەنینەکانمان، باوەش و ئامێزی گەرم و پڕ لە سۆزت بەسەرهات و یادگارییە ناخۆش و خۆشەکانی پێشمەرگایەتی کە بۆت دەگێڕاینەوە هەمووی زۆر زوو لێمان ئەستێندرا. لە هەمووی جەرگبڕتر،بێ ماڵاوایی ڕۆیشتی بەداخم ئاخر لەحزەی پێکەوەییمانم لەبیر نیە گەرچی بە کۆچت لەو هەموو شتانە بێبەش بووین، بەڵام دوای ڕۆیشتنیشت دنیایەک شانازی و سەربەرزیت بۆ بەجێهێشتین، لە نێوان هەزاران تێکۆشەری ڕێگای ئازادیدا سەربەرزت کردین بووی بە بڵێسەی ناو دڵی لاوان و ئازادیخوازان،هەموو ڕۆژێ گەرمتر و بەتینتر ڕووناکی و هێزیان پێ دەبەخشی تۆ نەمردووی چاوەکەم تۆ نەمریی هەتا هەتاییت بەدەست هێنا.



# ئەفسانەی ئەوینێکی ئەهوورایی

نەسرین یوسف زادە

نازانم چۆن دەتوانم و بە چ وشە و ڕەستەیەک دەکرێ باسی ئاوا ئەوینێک بکرێ لەوانەیە مێژوو پڕاوپڕ بێ لە ئەفسانە و داستانی عاشقانی وەک لەیل و مەجنوون و شیرین و فەرهاد و هتد... بەڵام من لە پەنای خۆم عەشقێک دەبینم کە نەوەک بە وتار و بابەتێک بەڵکوو دەکرێ بکرێ بە کتێب و بکرێ بە ئاوێنەی باڵانوێنی ئەوین و خۆشەویستی بۆ ئەو کەسانەی تەمایانە لە چیرۆکی ڕاستەقینەی عەشق تێبگەن.

دوو کەس، دوو خۆشەویست، دوو پێشمەرگە، کارۆ ڕەسووڵی و هاوسەری خۆشەویستی شەهلا کاوە.

لە بنەماڵەیەکی خۆشنێوی شاری مهاباد کوڕێک دێتە دنیا نێوی کارۆی لێدەنەدرێ کارۆ گەورە دەبێ و دەچێ بۆ مەدرەسە و دەکەوێتە تەمەنێک کە بە ناچاری دەبێ بچێ بۆ سەربازی، ئەو لەدڵیدا ڕازی بەوە نەبوو بەڵام ئەوە ئیجبار بوو و دەبووایە ئەو ماوەیە تێپەڕێنێ.

لەو ماوەییە کە سەربازە دڵ لە گرێوی کچێکی جوان و خانم و خاتوون، دەبەخشێ و داوا لە بنەماڵەکەی دەکا کە بۆی مارە بکەن ئەوانیش دوای ئەوەی کە دەچنە دوای و قسە دەبڕیننەوە ئەو دوو ئەویندارە "شەهلا و کارۆ" کە دڵیان پڕاوپڕ لە ئەوینی یەکترە بە یەک دەگەیەنن و لێکیان مارە دەکەن و بڕیار دەدەن تا کاتی کۆتایی هاتنی سەربازی کارۆ دەستگیران بمێنن.

بۆ ئەو دوو ئەویندارە ڕۆژ دەبوو بە مانگ و مانگ دەبوو بە ساڵ و ئەوان تامەزرۆ و ئاوەتەخوازی ڕۆژێک بوون کە بەیەکجاری بگەن بەیەک؛ بەڵام دەستی قەدەر کاریکی دەکا کە بۆ ماوەیەکی زۆر لیکدابڕێن. ئەو لێکدابڕانە هەرگیز بۆ چرکەیەک ئەو ئەوینەی لە دڵی هیچیان کەمڕەنگ ناکا، تەنانەت زۆریش پڕڕەنگتر و جوانتر بوو. بەو هۆیەی هۆکاری دابڕانیان عەشقێک بوو کە لە عەشقی خۆیان بە گەورەتر دەزانی.

وەک باسم کرد کاک کارۆ سەرباز بوو و ئەو کات لە زیندانی مهاباد نیگەهبانی زیندان بوو:

**تێبینی: ئەو بەشەیم لە سایتی شەهیدان لە وتاری کاک ژیوار ڕەسووڵی وەرگرتووە**

"لەداڵانەکانی بەندیخانەی مەهاباد لەتەنیشت شارەوانی شار، ژمارەیەک پێشمەرگە کەلەبچە لەدەست دەهێندرێنە ژوور، پێشتر لەدادگای ئینقلابی مەهاباد سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە. لەدوای ماوەیەکی زۆر گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوشار هۆمێدێکی گەورەی خستۆتە ناو دڵی خەڵک، لەزیندانی مەهابادیش زیندانبان و سەربازە کوردەکان هاتوونەتە پێشوازی ئەو پێشمەرگانە... ئەوانە ئەو پێشمەرگانەن کە دوێنێ ئێوارێ لەکۆڵان باسیان دەکرد، ڕاست دەکەی... دوێنێ لەچوارڕای وەفاییش باس باسی ئەوانە بوو.... هەزار حەیف دەڵێن قازی شەریفی سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندوون.... ئەوانە دێموکراتن،و هەزاران کەسی وا لەو پێناوەدا شەهیدبوونە، ئای بێدەسەڵاتی... هەزار حەیف...

هەر لەو زیندانەدا کارۆ ڕەسوڵی و لوقمان ڕەسوڵی لەسەربازی زۆرەملێدان، جا بەرپرسی زیندانیش لەرێگەی ئەوان بانگی پێشمەرگەکانی دەکرد، ڕۆژانە یەک دوو جار پێشمەرگەکان و کارۆو لوقمان بەیەکەوە بەداڵانەکاندا تێدەپەڕین، پێشمەرگەکان چاوەڕێی لەسێدارەدانن، و کارۆو لوقمانیش دڵەخورپەیەکی گەورە دایگرتوون، ڕەنگە هیچ یەک لەو شەوانە خەویان لێنەکەوتبێت... پێشمەرگە لەو زیندانەیە، کە من تێیدا سەربازم... چۆن دەکەرێ هەر نابێ چۆن وادەبێ... خۆ ڕەنگە ئەمڕۆ و سبەی لەسێدارەیان بدەن... ئەو پێشمەرگانەی هەموو خەڵکی شار باسیان دەکات، لەسێدارە دەدرێن... چ بکەین.... هەر نابێ نا... بەڵام چۆن... ئەی ئەگەر پێیان زانی... جا ئەمجارە هەر پێنجمان لەسێدارە دەدەن... ئەخر ئەگەر هیچیش نەکەین خۆ ئەوان لەسێدارە دەدرێن.... خەریکە شێت دەبم، نا نا نا یان دەربازیان دەکەین، یانیش هەموومان بەیەکەوە شەهید دەبین.... ئیتر تەواو.

یەکێک لەو ڕۆژانەی کارۆ بەدوای یەکێک لەپێشمەرگەکاندا چووە، بۆ ئەوەی بۆ لای زیندانبانی ببات، لەگەڕانەوەدا پێی دەڵێ ئەگەر ئامادەبن، بە دەرگای پشتەوەدا دەربازتان دەکەم....چۆن... چاک خۆ خوێنی ئێمە لەهی ئێوە سوورتر نییە... ئامادە بن. کارۆ و لوقمان بڕیاری خۆیان داوە، یان ئەو پێشمەرگانە دەرباز دەکەن، یان ...هەرخوا دەزانێ چیان بەسەر دێت....

مانگ ڕێبەندانە...ساڵی ٢٠٠٣-یە،و شەوێک کارۆ و لوقمان هەموو قوفڵەکانی زیندان بۆ پێشمەرگەکان دەشکێنن، و بەدەرگای پشتەوەی زینداندا پێشمەرگەکان ڕەزگار دەکەن، ئیتر ڕێگەی گەڕانەوە نەماوە... کارۆ و لوقمان کەسەرباز بوون، دەبنە پێشمەرگی ئەو پێشمەرگانە.."

کاک کارۆی ئەوینداری شەهلا بەرەو ئەوینێکی دیکە وەرێدەکەوێ و ڕێگایەکی هات و نەهات هەڵدەبژێرێ ڕێگایەک کە لە هەر کوردێکی نیشتمان خۆشەویست چاوەڕوان دەکرێ ئەو هاوڕێکانی ڕزگار دەکا و خۆشی ڕێگای ئەوان دەگرێتە بەر.

ئێستا لە ماڵی بابی کارۆ و ماڵی شەهلا چ باسە؟ وەک شەهلا جارێک بۆی باس کردم و گوتی: ئەو ڕۆژە بۆ شەو خێرا خۆم گەیاندە مهاباد و ماڵی خەزوورم، ماڵ چ ماڵێک پڕ لە ماتەم و بێدەنگی کەس نەیدەوێرا یان دەتوانم بڵێم کەس توانای قسە کردن لەگەڵ کەسی نەبوو یانیش لەوانەیە کەس نەیزانیبایە بڵێ چی.

ئەو شەوە بە هەرچۆنێکی بێ ڕۆژ بووە بەیانی بابی کارۆ هەموومانی بانگ کردە لای خۆی و ئاوامان لەگەڵ دوا: کارۆ تاقانە کوڕ و خۆشەویستی هەموومانە، بە ڕۆیشتنی کارۆ نەوەک پشتم نەشکا بەڵکوو دڵخۆشم کە ڕۆڵەکەم بوو بە ڕۆڵە و پشتیوانی میلەتێک، ئەوجار ڕووی لە خەسووم (دایکی کارۆ) کرد و گوتی: کوڕەکەت لە ئامێزت نەهاتۆتە دەرێ کە تۆی لە یاد کردبێ، بەڵکوو چۆتە ئامێزی دایکی نیشتمان و نەوەک بۆ من و تۆ بەڵکوو بۆ هەموو کوردستان بۆتە ڕۆڵە و خەمخۆر.

ئەم جار ڕووی لە من کرد و گوتی: ڕۆڵە شەهلا من نازانم تۆ دەڵێ چی و چ نەزەرێکت هەیە یان ئێستا کە خۆشەویستەکەت ڕۆیشتووە و چارەنووسێکی دیکەی بۆخۆی دیاری کردووە ئەوە بە تۆی دەسپێرم من دڵنیام ئەو بۆ چرکەیەک ئەوین و میهری تۆی لەبیر نەکردووە و نایکا، بەڵام ئەو خۆی بە مەسئول زانی کە ئەوینێکی گەورەتر لە ئەوینی تۆ و ئامێزی دایکی هەڵبژێرێ. دایکی ناتوانێ خۆی لە دایکایەتی بشواتەوە و حاشای لێبکا ئەگەر قەرار بێ هەتاهەتایە نەیبینێتەوە، بەڵام تۆ دەتوانی هەر لێرە ماڵاوایی لە هەموو بیرەوەرییەکانی بکەی و ڕێگایەکی دیکە بۆ ژیانت هەڵبژێری؛ یان دەتوانی چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بمینی کە لە ڕێگایەکەوە بەیەک بگەن دڵنیا بە تۆ هەر ڕێگایەک بگرییەبەر ئێمە ڕێزت لێدەگرین و بۆ ئێمە هەر کچەکەی خۆمانی. دەتوانی بیر بکەیەوە جا ئەو جار جواب دەیەوە.

منم کارۆم زۆر خۆش دەویست و باشیشم دەناسی و بڕوام پێی بوو و دڵنیا بووم وەک بابی گوتی ئەو بۆ چرکەیەکیش منی لە یاد نەکردبوو، بۆیە لە جوابیدا گوتم: بابە گیان هیچ





پێویست بە بیرکردنەوە ناکا منیش وەشوێن ئەو عەشقە دەکەوم کە کارۆ هەڵیبژاردووە، و ئەوینێکی گەورەتر لە ئەوینی کارۆ و خۆم هەڵدەبژێرم و دەبم بە ئەویندارێ ڕێبازێک کە کارۆ هەنگاوی بۆ هەڵێناوەتەوە و چاوەڕوانی ڕۆژێک دەبم کە بە کارۆ و ئەوینەکەی دەگەم.

ڕۆژەکان لە دوای یەک دەهاتن و دەچوون و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ژیان دژوارتر دەبوو، ئیدارەی ئیتلاعاتی مهاباد بە چەندین جار بانگی بابی کاک کارۆیان دەکەن و ئەشکەجەی جەستەیی و رووحی دەدەن زۆر جار هەڕەشەی لێدەکەن و دەڵێن ئەگەر کارۆ نەیاتەوە خۆت بە جێی ئەو دەخەینە زیندان، بەڵام ئەو کوڵی نەدا و تەسلیم نەبوو.

دوای ماوەیەک کاک کارۆ لێرە بوو بە پێشمەرگە و چی وای پێنەچوو کە بە هەوڵ و تێکۆشانی و ئەخلاق و ڕەوشتی شیاو و جوانی چووە دڵی هەموو کادر و پێشمەرگە و مەسئولی حیزب و بوو بە جێی بڕوای هەموویان تا ئەو جێیەی کە لە ئۆرگانی ئەمنییەت داوایان کرد و بوو بە پێشمەرگە و دوایە کادری ئەوێ.

عاقیبەت لەو ماوەیەدا دەستی قەدەریش بە دڵی کاک کارۆ چەرخی گەردوونی هەڵسووڕاند و هەرچۆنێک بێ شەهلا توانی خۆی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرباز کات و بەرو کوردستانی باشوور بێت و ماڵئاوایی لە ماڵی باب و خزم و کەسی بکا و بۆ هەمیشە ڕێگایەکی بێگەڕانەوە بەڵام پڕ لە شانازی بگرێتەبەر.

دوای ماوەیەکی زۆر ئەوە دوو عاشقە بە یەک شاد بوون و هەر زۆر زوو شایی و شادی ئەو بەیەکگەیشتنەیان ئەگەرچی لە بنەماڵەکانیان دوور بوون بەڵام لە ئامێزی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدا کردە جێژن و شادی و گۆبەند.

ئەوان چوونە سەر ماڵی خۆیان و هەر زۆر زووش هێلانەی ئەوینیان بە موسیقای خەندەی دوو منداڵی خنجیلانە و جوان ڕازاوە و ژیانیان ئەوەندەی دیکە پڕ بوو لە خۆشی.

کارۆ بوو بە باشترین کادری ئەمنییەت و شەهلا لە ئەندامی یەکییەتی ژنانەوە بە هۆی ماندووبوون و ئەرکناسییەکانی بوو بە ئەندامی ڕاوێژکاری ژنان و لە هەمان کاتیشدا وەک کامێراوانێک لە "کوردکاناڵ" کاری دەکرد.

وەک دەڵێن ژیان پڕە لە خۆشی و ناخۆشی و لە ژیانی حیزبیشدا هەوو کات دەبێ چاوەڕوانی ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو بین و بەداخەوە لە ژیانی پێشمەرگانەی ئەو دوو خۆشەویستەشدا وەک لەسەرەوە باسم کرد چەندین جار کەوتوونەتە ناخۆشی بەڵام دوو ڕووداوی دڵتەزێن لە ژیانیاندا ڕوویداوە کە دەکرێ بەو هۆیە هەردووکیان وەک شەهیدی زیندوو ناو بهێندرێن، یەکەمیان ڕۆژی ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٥ کاتێک کارۆ و هاوڕێیانی بە مەبەستی جەولەیەکی سیاسی و نیزامی چووبوونەوە بۆ نێوخۆی وڵات کەوتنە بەر بۆسەی ڕێژیم و جاشەکەن و بەداخەوە دوو کادری بەوەفای حیزب بە نیوی شەهیدان ئەمیر نستانی و ئازاد ئاڵی گیانیان بەختی کوردایەتی کرد و کارۆ بە سەختی بریندار بوو.

شەهلا زۆر دڵگران بوو ئەو لەگەڵ ئەوەی کە زۆر بە شەهیدبوونی ئەو دوو کادرە بەوەجەی حیزب و بریندار بوونی هاوسەرەکەی داخدار بوو بەڵام شوکرانەبژێر بوو کە توانی دووبارە هاوسەرەکەی ببینێتەوە.

کارۆ ڕانی تیکەی ویکەوتبوو و بە قووڵی بریندار ببوو و بەو هۆیە ماوەی چەند مانگ لە ماڵی ئیسراحەتی کرد بەڵام ئەو پێشمەرگە ماندوونەناسە پێش سارێژبوونی برینەکەی کاتێک کە تەقینەوەی شەوی یەڵدای بەدرگای قەڵای دێموکرات ڕوویدا و بوو بە هۆی شەهیدبوونی پێنج کادر و پێشمەرگەی حیزب و دوو پێشمەرگەی ئاسایش، خۆی بە مەسئول زانی و لە کاتێکدا هێشتا برینەکەی سارێژ نەببوو چووە سەر کاری حیزبی و باشتر و مەسئولتر لە جارانیش ئەرکەکانی خۆی بەجێ هێنا و لەهەمان کاتدا ورەی دەدا بە هاوسەرە خۆشەویستەکەی و هاوسەنگەرەکانی.

هەموو شتێک دەهات لە ماڵیان ئارام دەبوو و وردەوردە برینەکەی کاک کارۆش ڕووی لە چاکبوون بوو و تەنیا غەمی شەهیدبوونی هاوسەنگەرەکانی بوو کە ببووە برینێکی سارێژنەبوو لە دڵیدا هەتا ڕێک دووساڵ لەو ڕووداوە تێپەڕی.

دوو ساڵ لە ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٥ و شەهیدبوونی شەهیدان ئەمیر نستانی و ئازاد ئاڵی و بریندار بوونی کاک کارۆ تێپەڕیبوو کە لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧دا بەیانی سەعات ١٠:٤٥ دەقیقە قەڵای پرسەرەوەری پێشمەرگە بە دەنگێکی سامناک وە لەرزەکەوت یەکەم چرکە و یەکەم دەنگ بێ هیچ ترس و سامێک کارۆ، هاوڕێ لەگەڵ هاوسەنگەرانی دیکەی بەرو شوێنی زرمەکە _کە دوایە زانیمان کۆماری ئیسلامی بە مووشەکی دوورهاوێژی نۆ میتری هێرشی کردۆتە سەر قەڵا حیزبی دێموکرات و ئامانجیشی سکرتاریا و کۆبوونەوەی وەرزانەی ئەندامانی ڕێبەری بوو_ ڕۆیشتن؛ لەو کاتەدا دوو جاری دیکە دوابەدوای یەک ئەو مووشەکانە هاوێژران.

یەکییەتی ژنان بینای سەر سکرتاریا و ژووری کۆبوونەوەکە بوو کە ئەو ڕۆژە شەهلاش وەک زۆربەی ڕۆژەکان بۆ بەجێهێنانی ئەرک وەزیفەی ڕۆژانەی خۆی لەوێ بوو. شەهلا و چوار ژنی دیکە لە ئەندامان و بڕێوەبەرانی یەکییەتی ژنان هەر بە یەکەم مووشەک دەبن.

ماوەیەکی پێدەچێ تا خەڵک خۆیان دەگەیەننە ئەوێ و ڕزگاریان دەکەن شەهلا یەک لەو کەسانەیە کە لە ڕووداوی مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتدا بە سەختی بریندار بوو بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە کاک کارۆ بۆ جارێکی دیکەش ئەوینی شەهلا لە سووچێکی دڵی و لە کۆشکێکی شووشەدا حەشار دەدا و ئەوینێکی گەورەتر دەگرێتە بەر و دەبێتە پشت و پشتیوانی چرکەبەچرکەی هاوسەنگەرانی و تا چەندین سەعات بە جەستە لای ئەوان و بە دڵ و ڕووح لەلای خۆشەویستەکەی دەبێ تا ئەو کاتەی بارودۆخەکە ئارام دەبێ و ئەوجار بەرەو نەخۆشخانەکان ڕێدەکەوێت و دوای ماوەیەکی زۆر گەڕان لە کەتێکدا شەهلا جوانەکەی خۆی دەبینێتەوە کە هەموو ئازای ئەندامی بە تیکەی مووشەک و شووشە دبێژرابوو سەری بە قووڵی بریندار بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر ئومێدێک بە چاکبوونەوەی نەبوو بەڵام بە خۆشییەوە ئەو نائومێدییە زۆری نەخایاند و شەهلا وردە وردە چاک بۆوە و کارۆ زۆر دڵخۆش بوو بە چاکبوونەوەی شەهلا وەک ئەوەی شەهلاش بەوە خۆشحاڵ بوو کە کاک کارۆ دوای ئەو برینە قورسە چاک بووە بەڵام هەردووکیان هەتاهەتایە نە ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٥ و شەهیدانی ئەو کات و نە ١٧ی خەرمانان و شەهیدانی قەڵای دێموکرات لە یاد ناکەن و هەردووکیان بە دڵێکی پڕ لە ئازار و جەستەیەکی برینداروە دێن و ڕوو لە وێنەی دوو ژنە سینبوولی شەهید خاتوو سوهەیلا قادری و مامۆستا نەسرین حەداد دەکەن و بڵێنی دووبارە دەدەن کە هەتا ئاخر دڵۆپی خوێنیان درێژەدەری ڕێگای نەمران بن.

# تامان محەممەد: کوڕەکەمم لەباوەش گرتبوو بیپارێزم
# لە لێدانی دووەم هەردووکمانی بە سەختی بریندار بووین

ڕووداوەکە زۆر زۆر قورسە نازانم چۆن باسی بکەم، زۆر زۆر چاوەڕوان نەکراو بوو، هەرچەند لەوانەیە لەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵم بوون باسی ئەو ڕووداوەیان کردبێ، سەرەتا دەتوانم بڵێم هەر وەکو ڕۆژان لە یەکیەتی ژنان لەو جێگایەی هەموو ڕۆژ کاروباری ڕۆژانەمان تێدا دەکرد ، وەک ڕۆژان خەریکی کار بووین لەناکاو نازانم چ ڕووی دا! ٥ هاوڕێ بووین لەگەڵ یەک منداڵ، ٥ ئەندامی ڕێکخراوەکە سێ ئەندامی بەڕێوەبەری و دوو ئەندامی یەکیەتیی ژنان، لەناکاو کارەساتەکە ڕووی دا، وێرانکاری ڕووی دا .. زۆر ناخۆش بوو، منداڵێکی ٥ ساڵانەشم لەگەڵ بوو کە دەتوانم بڵێم بە سەلامەتی دەرچووین هەمووومان هەرچەندە زۆر بە سەختی بریندار بووین، بەس دیسانیش شوکری خودای، هەر لەو ڕۆژەدا زۆرێک لە هەواڵانمان شەهید بوون بەداخەوە! دوو لەوانە سکرتێری یەک لەدوای یەکی ئەو ڕێکخراوە بوون کە یەکیان "سۆهەیلا قادری" زۆر بەداخەوە تێیدا شەهید بوو، دووەمیان "نەسرین حەداد" وە هەروەها هاوڕێیانی تریش بەداخەوە. دوای ئەوەی کە ئێمە بە سەختی بریندار بووین کە هەمووومان بەسەر یەکدا کەوتین کە بەرچاومان بە یەکجاری تاریک بوو، بەداخەوە کە ئەوە دەڵێم من کە مووشەکی یەکەم لێیدا هەمووومان لەو دیوە بووین و لەو دیوە ماینەوە ئی دووەمی لێدایەوە بەڕاستی هەمووومان وەک ئەوە وابوو بێهۆش بوین، دوایی کە هەندێکمان بەهۆش هاتینەوە و توانیمان هەستین بڕۆینە دەرێ یا ئەوەتا خۆمان نەجات بدەین لەو جێگایە، ئیدی کە چاوم هەڵێنا هاواری کوڕەکەم کرد گوتم ماوی؟ گوتی بەڵێ دایە ماوم، ئیدی چاوم لێکرد دوو لە هاوڕێیەکان لە ژوورێ نەمابوون ئەوەی کە مابۆوە خۆم و دوو هاوڕێ بووین واتە سنوور و شەهلا و بۆخۆم ، شەوبۆ و باجە ئامین چووبوونە دەرێ، نازانم چۆن بوو بەڕاستی! یان لە هاڵەکە بوون ڕۆیشتبوون ویستبوویان لەو کاتەدا بچنە دەرێ کە بەداخەوە مووشەکی دووەم لێیدا. لەوکاتیدا ویستم بچمە هاڵەکەی کە مووشەکی دووەم لێیدا کوڕەکەمم لەباوەش گرتبوو کە بیپارێزم بەس بەداخەوە لە لێدانی دووەم هەردووکمانی بە سەختی بریندار کردەوە، جاری یەکەم هیچ کە بریندار بووم جاری دووەم بە سەختی هەمووومانی بریندار کردەوە، بە خۆشحاڵییەوە کوڕەکەم بریندارێکی وا نەبوو چونکە درێژ ببوو لەو جێگایە، بەڵام جاری دووەم هەمووومان بریندار بووین، چاوەڕواننەکراو بوو پێم وابوو ئیدی کوڕەکەمم لەدەست دا،



هاوڕێکانم هەموو لەدەست دا بۆخۆم ئەوەندە بوو کە بە هەموو هێز و توانای خۆمەوە زاڵ بووم بەسەر خۆمدا لەبەر خاتری ئەوەی کە بۆخۆم هیچ کە بریندار بووم بتوانم لانیەم کوڕەکەم ڕزگار کەم، ئیدی یەکێک لە هاوڕێیەکانم واتە سنوور بەبەر دەممدا هات، ئاوی بۆ هێنایین ئاومان پێدا کرد باش بوو بەهۆش هاتەوە بەو مەوجە هەم بریندار ببوو هەمیش بێهۆش بوو بەڕاستی، دوایە ویستمان بێینە دەرێ ، بێینە دەرێ چ ببینین! وێرانکاری بوو ! ئەو سیمایەی کە بەیانی ئەمن دیتم پێیدا هاتم نازانم چۆن مەزەندەی کەم، چۆن بڵێم ! لە لایەک دووکەڵ، لەلایەک ئاگر ، لەلایەک بۆنی خوێن، لە لایەکی دیکە نەمان دەزانی شەهیدمان هەیە ، بریندارمان چەند هەیە! هەرچۆنێک بێ دوو لە برادەرەکان. ڕۆیشتبوون ئەمن و شەهلا و سنوور کە مابووینەوە، شەهلا زۆر زۆر بە سەختی کەوتبوو کە بریندار بوو ، ئێمەش کە هاتینە دەرێ ئەوەندەی لەبیرمە کە باسی دەکەم بۆ خوێنەران ئەوەندەم لەبیرە کە بەپێی خۆم هاتمە دەرێ مێردەکەم واتە ڕەحمان پرسی، گوتی ماون؟ گوتم بەڵێ ماوین ، ئیدی دەستی گرتین و ئێمەی هێنا دەرێ ئەو ویستی ئێمە بێنێتە خوارێ بەس ئەمن نەمهێشت گوتم دەبێ برۆیەوە ژووری چونکە شەهلا زۆر پیس بریندارە، کە هاتمە خوارێ چ بێم! وێرانکاری بوو نازانم چۆن هاتمە خوارێ و سواری ماشێنی بووین و هاتینە نەخۆشخانە دوو لە هاوڕێکانم لەگەڵم بوون ئەوانی دی نازانم بەڕاستی کێ لەگەڵم بوو تا گەیشتینە نەخۆشخانەش بەداخەوە ! بەڕاستی هێز و توانای خۆم لەدەست دا هەر ئەوەندەم لەبیرە زانیم گەیشتوومەتە نەخۆشخانە و هەر ئەوەندە، ئیدی ئەوەی دیکە نازانم چ ڕووی دا. ئەوەی ئێمەی لەسەرپێ ڕاگرتوە و ئێمەی بە زیندوویی هێشتوتەوە ورەی خەڵک و ورەی ژنان و بیروباوەڕمان بەو ڕێکخراوەی کە تێیدا بریندار بووین کە شکور ئێستا لە بنیادنانەوەدایە، بنیاد نرایەوە هەر وەک پێشوو ! هەرچەندە شەهید و بریندارمان زۆر زۆر بوو هەرچەندە بینای ئەو ڕێکخراوە و قەڵا ڕووخا ئەو جێگایەی ئێمە کارمان لێدەکرد بەڵام ورەی ئێمە ، توانای ئێمە، هێزی ئێمە هەر نەڕووخاوە هیوادارم پاڵپشتیی ژنانی ناوخۆ پاڵپشتیی ژنانی ڕۆژهەڵات هەر بەردەوام بێت. هەر ئەوەشە ئێمەی لەسەر پێ ڕاگرتوە، دەتوانم ئەوە بڵێم ئەو ورەی شەهید سۆهەیلا بە ئێمەی دابوو هەر ئەوەیە ئێمەی لەسەرپێ ڕاگرتوە، تا بشمێنم



وەفادار دەبم و ئەو کارانەی کە تەواوی نەکردبوو بەپێی توانا بتوانم تەواوی بکەم لەگەڵ هاوڕێیان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە ڕۆژانە کاریان لەگەڵ دەکەم. لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم زۆر کارەساتی ناخۆشمان دیتوە هەرچەندە ئەو کارەساتە زۆر قورس بوو بۆ ئێمە دەنا زۆر کارەساتی ناخۆشمان دیتوە، بەڵام دیسانیش ئەوەی کە لەسەرپێی هێشتووینەتەوە بیرو باوەڕ و توانای خۆمانە توانای ئەو هاوڕێیانەیە کە تا ئێستا پاڵپشتمان بوونە بەتایبەتی ژنانی ڕۆژهەڵات دوایە ژنانی ناوخۆ.

# سنور خزری: وره بەرنادەین و هەمیشە بەردەوام دەبین لە خەبات

من سنور خزری کچی عەبدوڵڵا خزریم. باوکم شەهیدە، من ساڵی ٢٠٠٣ هاتم بۆ ناو ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات بەهۆی تەمەنی کەم و چەند شتێکی دی نەبوومە پێشمەرگە و دەورەی پێشمەرگایەتیم نەدیت بەڵام هەر ئەو ساڵە بوومە ئەندامی حیزب و ئەندامی ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان، بە خۆشییەوە هەر لەو ساڵەوە ئەندامێکی چالاک بووم، تا ئەو جێیەی توانیبم لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەشدار بووم، چەندجار سەر شانەییم کردوە، ئێستاش لە کۆمیتەی ژنانی ئازادیم. هەر وەک ئەوەی وەزیفەمان بوو ڕۆژێ دوو ئەندام سەردانی بنکەی یەکیەتیی ژنان بکەین، ڕۆژی ڕووداوەکە من و باجە ئامین سەردانی یەکیەتیی ژنانمان کرد، بەداخەوە کە ئەو ڕووداوە تاڵ و ناخۆشە ڕووی دا ئێمەش لەوێ بووین. من و باجە ئامین و شەهلا و شەوبۆ و تامان و کوڕەکەی تامان لە یەکیەتیی ژنان دانیشتبووین کە مووشەکباران کراین. لەوێ ئێمە بێخەبەر دانیشتبووین لەناکاو هەر ئەوەندەم زانی گرێک و دەنگێکی زۆر و گەرم و توند لێیداین و بە موبڵەکەیدا کەوتم. سەرەتا هیچ شتێکم نەدەدیت تەنها شتێک هەستم پێ دەکرد ئازارێکی زۆر و دەنگی گیزە گیز و سێ کەسێکی ئێگجار زۆر بوو لە گوێیەکانمدا. منیش نەمدەزانی چ بووە و چ ڕووی داوە ،تاسابووم،کاس بووم،زەربەم وەسەری کەوتبوو. وام دەزانی موبایل لە دەستم دا تەقیوە و تازە کەڕ و کوێر بووم. هەر هاوارم دەکردە باجە ئامین لە تەنیشتم بوو ،هەر دەمگوت باجە ئامین چ بووە باجە ئامین ئەمن چم لێهات؟ ئەمن بۆ وام لێهات؟ ئیدی بێخەبەر لەوەیکە ئەوانیش لەمن خراپترن، دواتر کە هات وردە وردە گوێم بیبتەوە -ئەلبەتە گوێی ڕاستم تا دوسێ ڕۆژان هەر کپ بوو بەڵام گوێی چەپم ئازاری کەمتر بوو- گوێم لە دەنگی ژنەکان بوو یەکێک دەیگوت بەخوای لێیداین، یەکێک دەیگوت تەقینەوە بوو، هەر یەکەو شتێکیان دەگوت، دەهات وردە وردە گوێم لێدەبوو بەس چاوم هیچی نەدەدیت، دواتر گوێم لە شەوبۆی بوو هاتبووە تەنیشت من کە ڕووبەڕومو بوو هاتبووە جێی باجە ئامین نازانم باجە ئامین چی لێهاتبوو، هەڵیدابوو بۆلای من و هەر دەیگوت: دەبێ بچینە دەرێ! با بڕۆینە دەرێ ... ئەمنیش گوتم باشە بەقوربان ئێستا دەڕۆین،گێژیش بووم زۆر کاس بووم ویستم هەستم دووەم جار لێیدایەوە، دوبارە کەوتین و گێژ بووین کەمێکی دیکە دواتر کە هەستام دەستی شەوبۆم گرت و لە دیوەکەی هاتینە دەرێ هاتینە هاڵەکەی. لەوێ تامان کوڕەکەی بە دەستەوە بوو حاڵێکی زۆر خراپی هەبوو. بەڕاستی کە ئەوم ئاوا بینی هیچ خۆم لەبیر نەما. کوڕەکەی بە دەستەوە بوو بێهێز، سەری شکابوو خوێنی زۆر لێدەڕۆیی بەڵام هۆشی خۆی نەبوو لەتاو کوڕەکەی. چونکە کوڕەکەی هیچ هۆشی نەبوو لاقی دانەدەنا ، هەر هاواری دەکرد توخوا یەکێک ڕوحمی هەبێ، تکایە یەکێک ئاوم داتێ! کوڕەکەم! هاوار کوڕەکەم! منیش هەرچۆنێک بێت توانیم بچم لە دیوەکەی دیکە لە ئاشپەزخانەکەی ئاوی بۆ بێنم دەموچاویم شوشت و کەمێکم ئاو دایە هاتەوە سەرخۆ تۆزێک باشتر بوو لاقی دانا، ئیدی کە چاوم لێکرد گوتم تامان گیان شکوور کوڕەکەت سەلامەتە هیچ خەمت نەبێ ئەوە خوێنی خۆتە وێی دەکەوێ! دواتر کە چاوم لێکرد کوڕەکە هاتەوە سەرخۆ ئەوجار لە دەوروبەری خۆم ڕوانی لەوانی دیکەم پرسی گوتم باجە ئامین کوانێ؟ شەهلا کوانێ؟ تامان گوتی نازانم ئاگام لە کەس نیە. شەوبۆش گوتی ئەمن هیچ نابینم با لێرە بڕۆین. دوایی گوتم بەخوا ناڵەناڵ دێ کە چوومەوە ژووری چاوم لێکرد شەهلا کە لای دەرگای دانیشتبوو بۆخۆی بەڵام هەڵیدابوو بۆ لای پەنجەرەکان لەبن مێزی کۆمپیوتەرەکە کەوتبوو بێهۆش بوو تەنها ناڵەناڵی دەهات، چوومە سەری زۆر هەرام کرد، دەستم گرت، بەڵام هیچ هۆشی نەبوو هیچیشم پێنەدەکرا نەمتوانی هیچی لێبکەم دەمێک لەسەری وەستام هەرام کرد شەهلا ! شەهلا گیان! توخوا شەهلا ! دواتر کە لە پەنجەرەڕا سەیرم کرد تامان و ئەوان دەڕۆیشتن کاک ڕەحمان بەڕێی دەکردن. گوتم توخوا کاک ڕەحمان وەرە شەهلام هیچ پێ لێناکرێ! کاک ڕەحمان هات بۆمان هەڵنەگیرا بە هەردووکمان. دوایی کاک ڕەحمان چوو چەند کەسێکی دیکەی هێنا یەکێکیان گوتی ئەتۆ برۆ ئێمە ئەوەی دێنین. دەستی منی گرت و منی هێنا خوارێ. نازانم ئیدی چۆنیان شەهلا هێنایە دەرێ . وەزعێکی زۆر ناخۆش بوو سەقفی یەکیەتیی ژنان ڕووخابوو بەزەحمەت توانیمان بەژێریدا بێینە دەرێ ئێستاش نازانم چۆن هاتمە دەرێ چۆن هاتمە خوارێ و قەڵا چی لێهات. چونکە ئەوکاتیش چاوم بەباشی نەیدەدیت، ئەوکاتە لە پشتی ماشێنێکیان هاویشتم دواتر چاوم لێکرد، کاک برایم چووکەڵی و کاک سەید عەولا و کاک ڕەحمان لەوێدا بوون هەموو سەروشتیان شکابوو لەمن خراپتر بوون، خوێنیان لەبەر دەڕۆیی ویستمان بڕۆین گوتیان ڕاوەستن یەکی دیکەشیان هێنا کە هێنایان ئەو لاقێکی پێوە نەمابوو. لە پشتی پاترۆلی لەپێش منیان دانا بەس زیندوو بوو نەفەسێکی دەکێشا هیچ جووڵەی نەبوو لاقێکی نەمابوو بەڵام خوێنڕیزی وشتی نەبوو. ئەمنیش دەمگوت خوێنڕیزی ناکا لاقی لێبۆتەوە بۆ خوێنڕیزی ناکا زۆر بەلامەوە سەیر بوو قەت شتی وام نەدیبوو. ڕەنگە شتێ خراپتریشمان بەسەر بێ شتی زیاتریشمان دیوە ڕەنگە بشیبینین، ئیشەڵڵا قەت وره بەرنادەین و هەمیشە بەردەوام دەبین لە خەبات و ئەوەندەی لە تواناماندا بێت. من بۆخۆم کچە شەهیدم لە تەمەنێکی زۆر کەمدا باوکم لەدەست داوە بەڵام وره و باوەڕمان هەر هەبووە، ڕاستە بێبابیم دیوە! بێ کەسیم دیوە! بەڵام هەستی کوردایەتیمان هەر لە بنەماڵەدا هەبووە، خۆشبەختانە ئێستاش هەر هەیە. پەیامم بۆ ژنانی ناوخۆ ئەوەیە هیچ کات دانەبڕێن لە ڕێکخراوی ژنان وەک چۆن پەیوەندییان هەر هەبووە تا ئێستا،چالاکییان هەبووە ! ئیشەڵڵا لێرە بەدواش دەبێ هەر ئاوا بن، بە وره تر و چالاکتر بن.



# بۆ شەهید جەماڵ ئەکبەری!



ئەنوەر کەریمی





**«بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لە نێو خوێن دەگریم**
**بۆ هەڤاڵێکی کە چوو بێ سەر و بێ شوێن دەگریم**
**بۆ هەموو پیر و جوانێکی لەسەر کوردستان**
**چوونە بن دارێ بەبێ وەی کە بشلوێن دەگریم»**
**مامۆستا هێمن**

بۆ یەکەم جار ساڵی ٢٠١٤ ی زایینی لە گەڵ گەنجێکی ڕوح سوکی خوێن شیرین و تا بڵێی کۆمەڵایەتی و لە نێو دڵاندا ئاشنا بووم.

ئەو پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات بوو ڕووی لە وڵاتی کانادا کردبوو کە لەو سەری دونیایە هەڵکەوتوە و لە شارێکی خۆش و بە ڕواڵەت دڵ ڕفێن و پڕ لە ئیمکاناتی ژیان واتا ڤانکۆڤێر گیرسابۆوە، بەڵام بۆ شەهید جەماڵ هیچ یەک لەو تایبەتمەندیانەی نەبوو لە بەر ئەوەیکە ئەو تەنیا بە جەستە ڕووی کردبوە ئێرە ، بەڵام لە ڕاستی دا بە ڕوح و گیان دڵی لە قەڵای دێموکڕات لای هاوڕێ و هاوسەنگەرە پێشمەرگەکانی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو.

دوای ماوەیەکی کورت مانەوە لە وڵاتی کانادا و دووری لە کۆڕی سادە و گەرم ، بەڵام پڕ مانا و بە نرخی لاوانی تێکۆشەری دێموکڕات ئاراو و قارای لێ هەڵ گرتبوو ، ئیدی هەموو خۆشیەکانی ئەم وڵاتە خۆشەی لا تاڵ بوو ئەخەر ناحەقی نەبوو ئەو دڵی بۆ ئەو جێگایەی لێ دەدا کە بوون لەوێ شانازی ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی پێ دەبەخشی بۆیە بڕیاری گەڕانەوەی بۆ قەڵای دێموکڕات دا. زۆرم داوا لێ کرد کە ئەم بڕیارە دوا بخات تا دەبێتە هاوڵاتی وڵاتی کانادا بەڵام سودی نەبوو چوون لای شەهید جەماڵ قەڵای دێموکڕات و ناو کۆڕی خەبات گێڕانی هاوڕێی هەموو دونیا بوو.

ئەم بڕیارەی بردە سەر و خۆی لە ئامێزی دایکی نیشتیمان و قەڵای دێموکڕات جێ کردەوە هەر کە قسەم لە گەڵ دەکرد هەستم دەکرد شەهید جەماڵ دڵی زۆر خۆشە و دەڵێی دونیای هەیە. ئەخر بۆ ئەو هەر وابوو چوون نیشتیمانی خۆیی خۆش دەویست و دێموکڕات و بەرزی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە ناخی ئەو دا ڕیشەی داکوتابوو و هیچ شتێک نەبوو کە بتوانێ ئەو باوەڕە پیرۆزەی لە ڕیشە بێنیەتە دەر.

ئەو جارێکی دیکە بۆ ماوەیەکی کاتی هاتوە کانادا و سەردانی بنەماڵەکەی کرد بەڵام ئەو جار داخەکەم دوا دیداری بنەماڵە و خزم و کەسانی و ئێمە هاوڕیانی حیزبی بوو هەر دەت گووت بۆ دوا دیدار گەڕاوەتەوە و بۆ شەهید بوونیش دەڕواتەوە کاتێک کە ماڵ ئاوای لێ کردم گوتی مامە ئەنوەر گیان من وا دەڕۆمەوە بۆ قەڵای دێموکڕات و خۆ من هەر دەمرم کە وابوو با لە پێناو نیشتیمان و وەک پێشمەرگەی دێموکڕات شەهید بم و ئەو سەروەریە بۆ خۆم تۆمار کەم ، هەر واشی کرد ئەو بە تەمەنێکی کەمەوە و بەڵام زۆر بە گەورەیی و سەربەرزیەوە گیانی لە پێناو گەل و نیشتیمان بەخت کرد.

مخابن لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی بە هۆیی موشەکبارانی سەرکردایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە قەڵای دێموکڕات لە لایەن ڕێژیمی ترۆریستی ئێرانەوە کاکە جەماڵی ئەکبەڕی لاو لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا وێڕای ١٥ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی دێموکڕات گیانیان بەخت کرد و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی سەربەرزی گەل بوون. یادی شەهید جەماڵ و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان بەرز و بەڕێز بێت و ڕێبازیان بەردەوام بێت.

ڕوڕەشی و ڕوخان بۆ ڕێژیمی
ترۆریستی پەت و سێدارەی ئێران!

# خونچە حوسەینپوورە: ئەوەی هیوا و توانام پێدەبەخشێ باوەڕ بە خەباتی ڕەوای حیزبەکەمە



**١ـ سەرەتا خۆتان بە خوێنەرانی گۆڤاری ژنان بناسێنن.**

ناوم خونچە حوسەینپوورە و خێزانی شەهید کەریم ڕەسوولزادە ناسراو بە مام شێرکۆم.

**٢ـ دەکرێ باسی ڕووداوی ١٧ی خەرمانان بۆ بکەی.**

ڕۆژێکی زۆر زۆر ناخۆش و لەیاد نەکراوە ڕۆژێک کە هەرگیز لە یاد ناکرێ ١٧ی خەرمانان ئەم ڕۆژەیە خوێنی چەندین تێکۆشەری بە توانا و دڵسۆز بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە مووشەکباران، لە قەڵای دێموکرات بە ناحەق ڕژا. ڕۆژێکی ڕەش بۆ میلەتی کورد و بۆ حیزبی دێموکرات. ١٧ی خەرمانان ئەم ڕۆژەیە کە لە زەینی هیچ کوردێک ناچێتە دەرێ و قەت ئەو ڕۆژە شوومە لە یاد ناکەن

**٣ـ زۆر لەو کارەساتە تێنەپەریوە کە هیچ کات ورەم دانەبەزێ هاوسەرەتان شەهید بووە، چی ئێوەی لەسەر پێی ڕاگرتووە و چ شتێکە کە ورە بە ئێوە دەبەخشێ؟**

ئەوەی هیوا و توانام پێدەبەخشێ باوەڕبوونە بە خەباتی ڕەوای حیزبەکەمان واتە "حیزبی دێموکراتی کوردستان" و سوورتر بوونە لەسەر مافی ڕەوای خۆمان و حیزبەکەمان.

**٤ـ چی بە خوێنەرای گۆڤاری ژنان دەڵێی و بە تایبەتی تر داوات لە ژنان بە گشتی و ژنانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی چیە؟**

داواکاریمان لە ژنانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە بە دڵ و بە گیان پارێزگاری لە مافی ڕەوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن و کۆڵ نەدەن و لە جاران زیاتر و پتەوتر بە بروابەخۆبوونی زیاتر پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەن.

سپاس و پێزانینمان هەیە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری "ژنان"

# ئامینە مەحموودی: هیچ کات ورەم دانەبەزێ



**سەرەتا خۆتان بە خوێنەرانی گۆڤاری ژنان بناسێنن؟**

من ئامینە مەحموودی ساڵی ١٣٤٧ لە دایک بوم، ساڵی ١٣٦٤ پەیوەندیم بە حیزبەوە گرتوە، ساڵی ١٣٦٨ ژیانی هاوبەشیم پێک هێناوە .

**دەکرێ باسی ڕووداوی ١٧ی خەرمانانمان بۆ بکەی؟**

ئێمە ئەو ڕۆژە بۆ بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەی ڕێکخراوەکەمان لەوێ بووین، باسی کاروباری ڕێکخراوەیی یەکیەتیی ژنانمان دەکرد، هەستم بە ڕووناکییەکی زۆر کرد هەر ئەوەندە هۆشم هەبوو. کە هۆشم هاتەوە لە نەخۆشخانە بووین لەگەڵ شەهید و بریندارەکانی دیکە، گیانم زۆر بریندار بوو و ئازارێکی زۆرم بوو.

**زۆر لەو کارەساتە تێنەپەریوە کە تێیدا ئێوە لە ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بریندار بوون، چی ئێوەی لەسەر پێ ڕاگرتوە و چ شتێکە گەورەیی بە ئێوە دەبەخشێ؟**

ئەو ڕووداوە ناخۆشە بەڕاستی کارەساتێکی گەورە و دڵتەزێن بوو کە بە داخەوە هاوڕێ و هاوسەنگەر و کەسی زۆر خۆشەویستی لە ئێمە ئەستاند و خەمێکە لەبیر ناچێتەوە. بەڵام خۆشەویستی من بۆ حیزب و ڕێکخراوەکەم و خۆشەویستی و سەردان و لێپرسینم لەلایەن بنەماڵەکانی حیزب و هاوڕێیانەوە وام لێدەکا کە زیاتر ورەم بەرز بێت و هیچ کات ورەم دانەبەزێ، بەڵکوو زیاتر هەوڵ دەدەم کە بتوانم کار بۆ حیزبەکەم و ڕێکخراوەکەم بکەم، بۆ ئەوەی ڕۆحی شەهیدەکانمان شاد بێت. ئێمە هاوڕێ و هاوسەنگەرانیان و خەڵکی ناوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ درێژە بە ڕێگایان بدەین و ڕێبازیان بەردەوام بێت تا گەیشتن بە ئامانجەکانمان.



# ئەو ڕۆژەی «پێشەوا»م ناسی...



قادر وریا



خەرمانانی ٢ ساڵ لەمەوبەر، بۆ دیتنی دۆستانێکی نێوخۆ لە گەڵ چەند هاوڕێیەک چوومە سەرسنوور. لە گەڕانەوەدا پێم خۆش بوو لە بنکەی پێشمەرگەکانی سەرسنوور لە داوێنی هەڵگورد، لادەم و ١-٢ سەعات لە لایان بمێنمەوە و هەواڵیان بپرسم. هەر وا لە تەنیشت بنکەکەیان لە گەڵیان کۆ بوومەوە. لاوێکی پێشمەرگە، کە لەوانی دیکە کەمتەمەنترم هاتە بەرچاو، هەودای قسەکانی لەوانی دیکە وەرگرت. هەتا پتر قسەی دەکرد زیاتر منی سەرسامی خۆی دەکرد. کەم و کوڕییەکانی بنکە و کێشە و گرفتی هەڵسووڕانی شەوڕۆژیان لەو سەر سنووره و ڕەخنەی لە بەڕێوەبەرێتی کاروباری ڕۆژانەیان و، پێشنیارەکانی بۆ باشتربەڕێوەچوونی ئەرکەکانیان لە سەر سنوور، ئەوەندە ژیرانە و ڕاشکاوانە و ڕێکوپێک، لەوپەڕی ڕاستوێژی و دڵسۆزیدا باس دەکرد، کە بە خۆم نەبوو دەفتەر و قەڵەمەکەم لە جانتا دەستییەکەم دەرهێنا بۆ ئەوەی یادداشتیان بکەم و هیچیانم لە بیر نەچێ و بە ئەمانەتەوە بیانگەیەنمە ئۆرگانی پێوەندیدار. کەمێکیش ئەو قسەیەیم لە دڵ گران هات کە وتی: "بەپرسانی دیکەش هاتوون و گوێیان لە قسەکانیشمان گرتوە، بەڵام گرفتەکانمان هەر وا لە جێی خۆیان دان! دەزانم ئەو جاریش هەر وا دەبێ." گوتم ناوت چیە؟ هاوڕێیانی کە وا دیار بوو وەک نوێنەر و وتەبێژی خۆیان سەیریان دەکرد، زووتر لە خۆی وەدەست هاتن و وتیان: "پێشەوا". پرسیاری ئەوەشم کرد کە لە کەیەوە پێشمەرگەیە ؟ ئەو کات ماوەکەی پێ گوتم کە ئیستا لە بیرم نیە. بەڵام دیسان بەلامەوە سەرنجراکێش بوو کە بەو ماوە کەمە، بووە بەو پێشمەرگە باشە. ڕاستییەکەی دەتگوت لە گەڵ کادرێکی بە ئەزموون و ئاگا بەرەوڕووم. لە خۆم ناڕەحەت بووم کە زووتر نەمناسیوە. کە لەو سەفەرە گەڕامەوە بەیانییەکەی یەکڕاست چوومە کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی بۆ ئەوەی قسەکانی پێشەوا کە قسەی هاوڕێ و هاوکارەکانیشی بوو بە ئەمانەتەوە بگەیەنم و بە نۆرەی خۆشم پێیان لە سەر دابگرمەوە. ١-٢ حەوتوو دواتر "پێشەوا"م لە "قەلا" دیتەوە. دوای چاکوخۆشی، گوتم من بەد قەولیم نەکرد و هەر وەک وەعدم دابوو ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئێوەم گەیاند. جا نازانم هەتا ئێستا نەتیجەیان هەبووە یان نا؟ زۆر خۆشحاڵ بووم کە گوتی بەڵێ، بەشێکیان چارەسەر کردوە. گوتم تەنانەت داوای گۆڕینی چەک و ڕەختەکەشتم پێ گەیاندن. پێکەنی و وتی بۆیان گۆڕیوم. "پێشەوا یەک لەو پێشمەرگە لاوانە بوو کە ئەگەر چی تەمەنی پێشمەرگایەتییان کەم بوو، بەڵام لە ڕووی هەستکردن بە بەرپرسایەتی، ماندوویینەناسی و دڵسۆزی لە ئاست حیزب و هاوسەنگەرانیان، دەبوو لەمێژینەکانیش لێیان فێر بن. من کاتی تەقینەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەلدا، ئەوەم بە چاوی خۆم لێ دیتن. پێشەوا و چەندین پێشمەرگەی لاو، ئەو شەوە و بەیانییەکەی و ڕۆژانی دواتر، بە ڕەفتار و کردەوەی بەرپرسانە و جوانیان، خەمی شەهیدەکانی ئەو کارەساتەیان لە سەر دڵی سووک کردین. دیارە چەند کەسێکیان هەر ئەو شەوە بوونە قوربانیی ئەو دلسۆزی و ئەرکناسییە مێرانەیان و، لە خۆگەیاندنە شوێنی تەقینەوەی یەکەم داگیانیان بەخت کرد. دوای شەوی یەلدای خوێناوی و لە ڕەوتی کارو چالاکییەکانی دواتردا، هیوا و دڵخۆشیی مەمانان بەو پێشمەرگە لاوانە زۆر زیاتر ببوو. لە داهاتووی زۆریان دا، کادر و فەرماندە و بەڕێوەبەرێکی لێهاتوومان بەدی دەکرد.بە هەڵەش نەچووبووین و لە مەیدانی کردەوە دا ڕۆژبەڕۆژ پێگەیشتوویی زیاترمان لێ دیتن. ئەوا ئەمجاریش بە داخەوە ڕەشەبای مەرگ و دێوەزمەی تاوان و تیرۆر، لە گەڵ کۆمەڵێک سەرکردە و تێکۆشەری دێرین، سێ لەو لاوانە، پێشەوا سەید عومەر ، جەماڵ ئەکبەری و مەنسوور ئەکبەری پووری لێ ستاندین کە داخی لە دەستدانی هەر هەموویان و یەک بە یەکیان، زۆر قورسە. ئەوەندە هەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان قوتابخانەی نەبڕانەوەی "پێشەوا"کان و پێگەیاندنی "پێشەوا"کان و ڕووگەی پێشەوادۆستانە. ئەگەر پێشەوا و جەماڵ و مەنسوور بە جێیان هێشتووین، هاوڕێ و هاوسەنگەرانیان لە سەر ڕێگاکەیان بەردەوامن و بەردەوام پێیانەوە زیاد دەبێ.

لە دوای یەکەم ناسینی "پێشەوا" و بە شوێن ناسینی ئەوانی دیکە لە شەوی یەلداوە ، هەتا کامێرای وێنەگرتنم پێ با و تووشی "پێشەوا" و ئەو نەسلە نوێیەی پێشمەرگەکان هاتبام، ئەگەر گونجابا چەند وێنەیەکم لێ دەگرتن. لە سەر دڵم داخە کە نەمتوانیوە لە کاتی خۆی دا هەمووان بۆ "پێشەوا" بنێرمەوە. بەڵام ئەمڕۆ هەڵبژاردەیەکیان هەر دەخەمە بەر چاوی پێشەوادۆستان ، بۆ ئەوەی لە گەڵ ئەم نووسینە دا، هاندەرێک بن بۆ بەرزراگرتنی یادی "پێشەوا" و هەموو ئەو پێشمەرگە هەڵکەوتانەی بە داخەوە زوو شەهید بوون.

یادیان بەرێز و ڕێگای پڕ سەرەوەریان تا ڕزگاریی نەتەوەکەیان بەردەوام.

# ژنان و پێگەیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا



د.کوێستان گادانی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هەر نەتەوەیەک هیندێک ڕەمز و تێچووی تایبەتی بە خۆی هەیە کە دەبێتە پێناسەی ئەم بزووتنەوەیە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کوردیش لە دەرەوەی ئەم بازنەیە نییە و بگرە هیندێک تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیشی هەیە کە دەکرێ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بزووتنەوەکانی دیکەی تۆمارکراو لە مێژوودا، ئەوەی کورد هەیەتی و کردوویەتی لە پێناو ئەو ڕزگارییە بە دەیان قات پڕ بەهاتر و شایانی ڕێزلێگرتنی زیاتر بێ. بێ ئەوەی لیستی تۆمارکراوی لەخۆبوردوویی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە ڕەواکانی ڕیز بکەم، تەنیا هێرشە مووشەکییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر "قەڵای دێموکرات" دەکەمە هەوێنی ئەم وتارە بۆ کردنەوەی چەند خاڵێک:

پاساوهەڵنەگربوونی جینایەتێکی سامناک کاتێک مرۆڤێک ژیانی ئاسایی خۆی تەرخان دەکا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، جا ئەم ئامانجە لە ڕوانگەی جیاوازەوە چەندە ڕەوا بێ یان نارەوا ؛ مادام ئەم مرۆڤە باوەڕی قووڵی بە گەیشتن بە ئامانجەکەی هەیە؛ بە دڵنیاییەوە بە هەڵسەنگاندنێکی تەواو و لێکدانەوەیەکی وردبینانە ئەم بڕیارە دەدا و خۆی بۆ هەموو تەنگ و چەڵەمەیەک و خۆشی و ناخۆشییەکیش ئامادە دەکا. کەواتە هیچ دوودڵییەک لە هەڵبژاردنی ڕێگای گەیشتن بە ئامانج نامێنێتەوە، هەر بۆیەش تەنانەت تا ڕادەی گیانبەختکردنیش دەڕواتە پێشێ. ئەگەر بڕوانینە لایەنی دژی هەڵوێستی تاکی مرۆڤ (واتە دوژمنی ئەم مرۆڤە کە بڕیاری داوە بۆ ئامانجە ڕەواکەی تێ بکۆشێ) دەبینین کە بەبێ هەڵسەنگاندنی ئامانجی مرۆڤەکان، بەبێ لەبەرچاو گرتنی مافەکانیان، بەبێ ئەوەی لێکدانەوە یان دیتنەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم ناڕێکی و ناباڵانس بوونەی نێو کۆمەڵگە، بە خراپترین و دڕندانەترین شێوە هەوڵی لە نێوبردنی مرۆڤیە سەربەستەکان دەدا. مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە درێژەی سەرکوتی سیستماتیکی کوردستان نموونەی دیاری ئەم ڕەفتارەیە کە دەری دەخا کۆماری ئیسلامی هیچ سنوورێکی مرۆڤایەتی ناناسێ و هەموو هێڵە سوورەکانیش دەبەزێنێ. هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگای ئیداریی حیزبی دێموکرات بە هەموو ڕێکخراوە سینفی و کومەڵایەتییەکانی، وەک ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، لاوان، منداڵپارێزی، ناوەندی مافی مرۆڤ، خوێندکارن، ئەنجومەنی زیندانییانی سیاسی و کۆڕی پەروەردە و... نەهیچ پاساوێک هەڵدەگرێ و نە بەوەش هیچ کێشەیەک چارەسەر دەبن؛ ئیللا ئەوە نەبێ کە ئەم ڕێژیمە بێزراو و دژە مرۆییە لە کاتە ناسکەکانی ژیانیدا بڵێ ئەمن هەم و چەکی ئاوا کۆمەڵکوژم لەبەردەستە و جینایەتی لەو چەشنەشم لەدەست دێ. ڕاستە حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامی لە دژی یەکتر لە شەڕ دان، بەڵام تەنانەت شەڕکردنیش عورف و پڕەنسیپی تایبەت بە خۆی هەیە و، خۆ ئەگەر بە بیانووی بەرگری لە خۆی پاساو بۆ هێرشەکەی سەر قەڵا بێنێتەوە، ئەوە دەبوو لە مەیدانی شەڕ و گۆڕەپانی چالاکیی نیزامیدا ئیدیعای هێرشی هەبا نەک بە بەئامانجگرتنی بنکەی ئیداری و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ئەم حیزبە؛ بەڵام بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی ئەم ڕێژیمە ئاستەمە بتوانی چاوەڕوانییەکی دیکەت لێی هەبێ... شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، هێمای بەرخۆدان و بەردەوامیی خەبات خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد کاریگەریی داب و نەریتی کوردەواریی پێوە دیارە. گەشەی کۆمەڵایەتی لە کوردستان، بە بەراوردکردن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سەرەڕای هەموو کێشە و کەموکوڕییەکانی نێوخۆیی و فاکتەرە دەرەکییەکان بەرچاوە و ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو گەشەسەندن و جێگیربوونی دێموکراسی و یەکسانیخوازی هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. خەباتی شانبەشانی ژنان لەگەڵ پیاوان بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ڕزگاری و ئازادیی نەتەوەیی و هەروەها دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی، ئەگەر مێژوویەکی کورتیشی هەبێ بەڵام پڕ لە شانازی و سەروەری بووە بۆ کورد بە گشتی و بۆ ژنان بە تایبەتی. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بە پێی توانا و بە گوێرەی هەلومەرج گرینگیی بە بەشداری ژنان داوە و لە چەند ساڵی دواییشدا بە کردەوە و لە مەیداندا سەلماندوویەتی کە بەشداریی ژنان لە خەباتی فرەڕەهەندی بەگشتی و بەشداریی ڕۆڵی پڕ بایەخی ئەوان لە ناوەندی بڕیاردانی سیاسی و ئۆرگانی و بەڕێوەبەریدا، کاریگەری پۆزێتیڤی لە سەر جووڵانەوەی حەقخوازانەی گەلەکەی هەبووە.

ڕاستە شەهیدبوونی هەر ڕۆڵەیەکی کورد، ئازار و ئێشی خۆی هەیە و لە بیر ناچێتەوە، چ بگا بەوەی کە لە کات و ساتێکی چاوەڕواننەکراودا کۆمەڵێک لە ئەندامانی ڕێبەری، کادرە بە وەج و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانمان، گیانیان لە ڕێگای ئازادی نەتەوەکەیاندا بەخت بکەن؛ بەڵام شەهید بوون لە پێناو ماف و ئازادیدا هەمیشە پەیامێکی بۆ خۆمان و بۆ دوژمنانمان هەبووە و دەشیبێ. ئەوەی کە لێرەدا دەمهەوێ ئاماژەی پێ بکەم شەهیدبوونی دوو هاوڕێ و دەستەخوشکی زێدە ئازیزمن لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات. ئەوان بوونە ڕچەشکێن، بوونە سەمبولی بەرخۆدان لە پێناو بەدیهێنانی کوردستانێکی ئازاد و سەربەستدا و نەسلی دوای ئەوان بە دڵنیاییەوە وەک سەمبولی ژنانی سیاسی و بڕیاردەر و کارگێڕ دەڕواننە ڕۆڵی ئەوان و، ئیلهامیان لێ وەردەگرن. لەوان کە جارێک قوتابیی قوتابخانەی شۆڕش بوون و، دواتر بوونە مامۆستای ئەم قوتابخانەیە. ئەوان کە لە حیزبی دێموکراتدا فێری سەرەتاییترین بنەما سیاسییەکان ببوون و دواتر بوونە ڕێبەرێکی باش و پێگەیشتوو.

١٧ی خەرمانان، خاڵی وەرچەرخان لە ڕوانگە و شێوەی خەباتدا لە زۆر بوارەوە لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە تەنانەت لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیش کە بەرنامە و پلانی داڕێژراو و درێژخایەنیان هەیە، دەبینین کە کارەساتێک دەقەومێ دەبێتە هۆی گۆڕانکاری کوتوپڕ کە وەک خاڵێکی وەرچەرخان باسی لێوە دەکرێ. لێرەدا باس لە ئەوەیە کە ئایا ئەم کارەساتە دڵتەزێنەی قەڵای دێموکرات دەبێ چ دەرسێکی لێ وەربگیرێ و شوێنە پەیوەندیدارەکان چۆن و تا چ ڕادەیەک لە ئاست ئەم کارەساتە کاریگەرییان لە سەر کراوە و چۆن لەمەو بەدوا خۆ تەیار دەکەنەوە. نەک تەنیا لە بارەی خەسارناسی و ئەمنیەتی، بەڵکوو لە بواری پێداچوونەوە بە شێوەی خەبات و سیاسەتی حیزبی، کە ئەمە ڕێکخراوە سینفییەکانی دیکەی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دەگرێتەوە. ئەوەی کە دەبێ چ بکرێ لە باری ئەمنیەتی و ئۆرگانیزەکردن و چاکسازی و ئاڵوگۆڕەوە ئێرە جێگای ئەم باسە نییە، بەڵام دڵنیام تاکی کوردی دڵسۆز هەموو چاوەڕوانی پێداچوونەوەی ئەم خاڵەیان هەیە لە گشت ئەحزاب، ڕێکخراو و لایەنەکان کە کۆماری ئیسلامییان دوژمنە. فوکوسمان دەبێ زیاتر لە سەر مانگرتنی ٢١ی خەرمانانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە هێندگرتنی پەیامی نێوخۆ و دوای ئەوان بێ. بۆ یەکیەتیی ژنان کە دوو سکرتێری ئێستا و پێشووی شەهید بووە، بۆ حیزبی دێموکرات کە ٦ ئەندامی ڕێبەری و لە سەر یەک ١٤ ئەندامی حیزبی شەهید بووە، جێگای خۆیەتی وێڕای شانازی کردن بە خەباتی پڕ لە سەروەری و مێژووی ئەم حیزب و ڕێکخراوەیە، پەیامی خەڵکی ڕۆژهەڵات وەرگرێ، زیاتر لە جاران گرینگی بە خەباتی فرەڕەهەندی خۆی بدا. نەک حیزبی دێموکرات هیچ حیزبێکی دیکە بەبێ خەڵکی خۆی، بەبێ هێزی گەل، دوور لە وڵات و زێدی خۆی بە ئامانجە ڕەواکانی خۆی ناگا. بە کۆمەڵێکی زۆر لە تێکۆشانی بێ وچانی ئەندامانی هیچ حیزبێک کە بە ئاشکرا خەبات دەکەن، نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵات ناکرێ بخرێتە دەستی یەک لایەن و چەند لایەنێکی پڕش و بڵاو. کۆتا وتە و بڕیار هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕا دەگوترێ و دەدرێ. تێکۆشانی ئەحزابی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵات و ڕێکخراوەکانیان و لە سەرووی هەموویان حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکرات هەر بۆ ڕزگاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتە و بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی ئەوانە، کەواتە بێ ئەوان و بێ یەکتر ناتوانین بە ئامانج بگەین. با هەموو وزە و توانای خۆمان بۆ پەرە پێدانی خەباتی فرەڕەهەندی و پەیوەندی زیاتر و یەکڕیزی هەمەلایەنە دەگەڵ خەڵکی نێوخۆی ڕۆژهەڵات زیاتر بکەین. لە ڕاستای گەیاندنی پەیامی شەهیدان و گەیشتن بە ڕێبازی پیرۆزی نەتەوایەتیمان کە ئەویش ئازادی و ڕزگاری نەتەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یاد و ناوی هەموو هاوڕێیانم پیرۆز و زیندوو بەتایبەتی سوهەیلا و نەسرینی ئازیز بیرتان دەکەم تا بیرم بڕ بکا.

# مەنسور ئەکبەرپوور و هەستێکی شۆڕشگێڕانە



برایم چووکەڵی




هەلبژاردنی ڕێگایەک کە مرۆڤەکان هەموو ژیانی خۆیانی بۆدادەنێن زۆرکەس ناتوانێ هەڵی بژێرێ، تەنیا کەسانێک دەتوانن هەڵی بژێرن کە گیانی بۆ دادەنێن چونکی ئەو ڕێگایە، ڕێگای ڕزگاری نەتەوەیەکە کە چەندین ساڵە ئەو نەتەوە دەچەوسێتەوەو دەیان سەدان و هەزاران شەهیدی بۆ داوە. لەو باسە کورتەدا ناوی مەنسووری ئەکبەرپوور لە چەند لاینەوە دێنین.

ژیانی سەخسی و خوێندنی لە مەهابادو دەرووبەری تا زانکۆ دەرێژە پێدا، هاوکات لە گەڵ باوکی کاری ددانسازی دەست پێکردووەو یارمەتی خەڵکی هەژاران و فەقیرانی داوە. دواتر هەستی کوردایەتی هانی داوە کە ڕیزی شۆڕش هەڵبژێرێ‌و ڕوو لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکا.

لە مانگی بانەمەری ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی دەورەی ٢٢٨ی سەرەتایی فێرگەی سیاسی نیزامی دەستی بەکارەکانی خۆی کرد لە نێو ئەو پۆلە لاوە هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە یەکێک لەبەشدارانی دەورە وەک قوتابییەکی باش ومونەزەم خۆی نیشان دا، ئەویش مەنسوور ئەکبەر پوور تەمەنی ٣٢ ساڵی نیشان دەدا پاش چەند ڕۆژ لەڕاستی نیشانی دا کە بیروباوەرێکی قووڵی بە حیزبایەتی و خەباتی ڕەوای گەلی کورد هەیە لە جەریانی کاری فێرگەدا زۆر جار بۆ چارەسەری کێشەکان حەولی دەداو هاوڕێیانی هاودەورەی بۆ پەروەدەی سیاسی هان دەدا. ناوبراو بە هەموو وجوودی ڕێبازی شەهیدانی درێژەدەدا باوەری قووڵی بەو ڕێبازە بوو ئەو هونەرمەندێکی بەتوانا بوو زۆر جار لە نێو کۆڕی هاوڕێیانی سروودی شۆڕشگێری و گۆرانی بۆ دەگوتنەوەو هەمیشە شادی دەخستە ناو بەشدارانی دەورە.

دوای تەواوبوونی دەورە لەڕاستی وەک پێشمەرگەی پاراستنی بنیاتەکانی حیزب وئەندامانی ڕێبەری دیاری کرا، زۆر زوو بوو بە جێگای باوەری حیزب و لە زۆر مەئموورییەتی تایبەتیدا بەشدار کرد. ئەو مەئموورییەتانە زیاتر مەنسووری بۆ خەبات وتێکۆشان هاندا.

لە باری سیاسییەوە کەسایەتییەکی بەتوانا بوو حەولی فێربوونی دەداو ئاگاهی سیاسی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بەرەو سەر دەبرد.

ناوبراو هەرلەوکاتەدا کە شانازی بەخەبات وتێکۆشان وسووربوون وخۆڕاگری کادرو پێشمەرگەی حیزبەکەی دەکرد، لەهەمان کاتیشدا دەیگوت پێویستە زیاتر سەرنج بدەینە ڕابردووی خەباتمان بۆ نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان و بۆ بەهێز کردنی خاڵە باش وبەهێزەکانمان. هەروەها ئاماژەی دەکرد دەبێ خۆمان گورج وگۆڵ وهەڵسووڕتر بکەین، پێویستە کادرو پێشمەرگەکانمان زیاتر فێر بکەین و لە باری پەروەردەییەوە زیاتر ئاموزشی بەردەوام بدەین بۆ ئەوەی ئەرکمان سووکتر بکا.

ئەو پێی وابوو پێشمەرگە ڕۆڵی پێشەنگی لە خەباتدا هەیە، بۆیە ئەو ئەرکە گرینگەی خستۆتە سەرشانی خۆی. تەنانەت باوەڕی وابوو کە ئەو ئەرکە خەڵکی کوردستان بەگشتی دەبێ بیخاتە سەرشانی خۆی.

لە کاتێکدا کە ناوبراو جێگەی پێی خۆی لە هەموو بوارێکدا لەناو حیزبەکەیدا کردبۆوە، لەکاتێکدا کە پارێزگاری لە ڕێبەرانی حیزبەکەی و پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی دەکرد ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ لەگەڵ ١٣ کەسی دیکە لە هەواڵانی کەوتە بەر هێرشی موشەکی کۆماری ئیسلامی و گیانی بە گەلەکەی بەخشی و سەری کردە پردەبازی سەرکەوتنی نەتەوەکەی.

## نامەی کچەشەهیدێک



**مۆژدە عەزیزی:**

بابە گیان ئەگەر ئێستا لەلام بوویتایە لە باوەشم ئەگرتی و ئەموت خۆشم ئەوییت!!!

بەڵام ئێستا لێرە نیت. زۆر دوور ڕۆیشتووی یان باشتر وایە بڵێم زۆر بەرز فڕیوی ئەوەندە بەرز کە دەستم بە باڵات ڕاناگا تا کاتی ڕۆیشتنەوەم بۆ وڵاتی غەریبایەتی لە ئامێزت گرم و تێر بۆن بکەم بە سینگتەوە. بۆیە ئەڵێم هیچ بوونێک نەبوونی تۆ پڕ ناکاتەوە هەڵۆ شەهیدەکەی ئاربەبام

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە مەراسمی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان



**ئامادەبوانی خۆشەویست،**
**میوانە بەڕێزەکان، ژنانی تێکۆشەر**
**کەس و کاری شەهیدانی کارەساتی ١٧ی خەرمانان!**

هەروەک ئاگادارن پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ هەتاوی، کۆماری ئیسلامی ئێران بارەگای سەرەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە قەڵای دێموکرات مووشەکباران کرد، لە ئەنجامی ئەو کردەوە دڕاندەنەیەی دا ١٤ تێکۆشەری ئەو حیزبە شەهید بوون و زیاتر لە چل کەسی تریش بریندار بوون. شایانی باسە لە نێو شەهیدەکان دا دوو ژنە تیکۆشەر و سکرتێری یەک لە دوای یەکی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان خاتوو سوهەیلا قادری و نەسرین حەداد تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوون و لە هەمان کاتیش دا ژمارەیەکی تری ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بە سەختی بریندار بوون. لەدەست دانی سوهەیلا قادری و نەسرین حەداد خەسارێکی ئێجگار گەورە بوو لە بزوتنەوەی ژنانی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان دا. شەهید سوهەیلا قادری سکرتێرێکی بەوەج و لێهاتووی ڕێکخراوەکەمان، هاوکات ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەدیب و کادری ڕاگەیاندن بوو. ەهید نەسرین حەداد سکرتێری پێشووتری یەکیەتیی ژنانی دیموکرات، مامۆستای شۆڕش و کادرێکی بەئەزموونی حیزبی دێموکرات بوو. بۆیە لەدەست دانی ئەم تێکۆشەرانە کەلێنێکی گەورە لە خەباتی ڕەوای ژنان و حیزبی دێموکڕات دروست دەکات.

بەڵام بە خۆشییەوە قوتابیان و خوێندکارانی ئەو دوو شێرە ژنە نەک هەر نەیانهیشت خەیاڵی چەپەڵی دوژمنان و تاریکپەرستانی کورد لە ڕۆژهەڵات بێتە دی، بەڵکو شێلگیرانەتر لە جاران بە پشیوانی ژنانمان لە رۆژهەڵات کە کانگای فیداکاری و خەباتە، لە یەکەمین ساتەکانی شەهیدبوونی سکرتێرەکانیان دا هەر وەک چۆن هەمیشە پێشەنگبوون لە ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات دژ بە نەیارانیان، هاتنە مەیدان و بە بڵاوکردنەوەی وێنە و پۆستەری شەهیدانیان سەلماندییان کە ڕێبواریکی بەوەفا و دڵسۆزی حیزبی دێموکرات و ڕێکخروەکەیانن. هەروەها کۆمیتەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ڕۆڵێکی بەرچاویان گێرا لە سەرپێخستنەوە و بونیادنانەوەی ڕێکخراوەکەیان و لە ڕێگەی خۆپێشاندان بۆ مەحکومکردنی ئەو کردەوە دڕندانەیەی کۆماری ئیسلامی ئیران چالاکانە هاتنە مەیدان. ئێمە وەک ئەندامان و بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەڵێن و پەیمان دووبارە دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی شەهیدەکانمان دەست لە خەبات و تیکۆشان بەرنادەین و درێژەدەری ڕێبازی شەهیدانمان دەبین و سەنگەری خەبات و بەرخودانیان ئاوەدان ڕادەگرین.

سڵاو لە یاد و ناوی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان

مەرگ و نەمان بۆ کۆماری تاریکپەرستی ئیسلامی ئێران

**یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان**
**٢٨ی ڕەزبەری ١٣٩٧**



## نامەی کچەشەهیدێک

**گریلا قادر عیزەتتی**

ئاخرین و خۆشترین یادگاری لە باوکمەوە

شانازی باوکم ئەوە بوو کە ئێمە هەمومان خوێندنمان تەواو کرد منیش ئاخرین مناڵ بووم و توانی لەگەڵمان بەشداری ئاهەنگی دەرچونم لە زانکۆ بێ، قسە خۆشەکانی باوکم لە گوێچکەمدا ئەزرنگێتەوە کۆتا یادگاریمان بەیەکەوە پیاسەی هەیبەت سوڵتان و سەیر کردنی شاری کۆیە بوو. هەموو ئێوارەیەک پێی دەگوتم با پیاسەیەک بکەین لە ڕاستدا تەنها پیاسە نەبوو ئەو لای بچووکترین ڕۆڵەی بەڕیدا دەڕۆی و لە دڵدا شانازی دەکرد کە هەموو منداڵەکانی توانیویانە بە ئاستی بەرز دەرسیان تەواو کەن و ئەو بە یەک لە ئاواتەکانی بگەیەنن نەسیحەتی دەکردم و من هەستم بە بە ئومێد و بەختەوەری دەکرد کە بابێکی وەک ئەوم هەیە. بەڵام مەخابن لە خەوی خۆشی ڕاچەنین و دەستی ڕەشی تیرۆر کابووسێکی تاڵ و ترسێنەری نیشان داین و ئێمەیان بێ باب کرد. یاد و ناوی بۆ هەمیشە لە دڵما ئەمێنێتەوە هەرچەنە جێگای لە ناومانا خاڵیە .

# گردبوونەوەی ڕێکخراوی ژنانی دێموکرات ، بە مەبەستی مەحکوومکردنی مووشەکبارانی حیزبی دێموکرات، لە هەولێر







ڕۆژی ٤ی ڕەزبەر خۆپیشاندانی ڕێکخراوە سینفییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حدکا لە هەولێر، بە ئامادەبوونی بەشێک لە ئەندامان و ژنانی چالاک لە بەردەم نوێنەرایەتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

لەو خۆپیشاندانەدا وێڕای مەحکووم کردنی هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دیموکرات و بەتایبەتی بە ئامانج کردنی بنکەی سەرەکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و شەهید و بریندار بوونی پۆلێک لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە، کە لە نێوانیاندا دوو ژنە تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ناوەکانی سوهەیلا قادری و نەسرین حەداد دەبیندرێت، داوایان کرد کە بە جیددی پێش لە سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بگیردرێت.

لەو گربوونەوەدا سەرەتا «خاتوو تەوار قادری» چالاکی بواری ژنان بابەتێکی لەو پێوەندییەدا بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد.

پاشان سکرتێری نوێی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان خاتوو شلێر مەحموودی بە ئاماژەدان بە هێرشی هەوایی و مووشەکبارانی قەڵای دیموکرات ڕایگەیاند؛ کە دەبێ ئەم کردەوە تیرۆریستییە بە توندی مەحکووم بکرێ و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەبێ پێش لە دووپاتبوونەوەی ئەو کارەساتە بگرن شلێر مەحموودی بە وەبیر هێنانەوەی شەهیدبوونی دوو سکرتێری یەک لە دوای یەکی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان خوازیاری ئەوە بوو کە هەموو هەوڵە یاسایی و نێونەتەوەییەکان وەگەڕ بخرێت، بۆ ئیدانە کردنی سیاسەتەکانی دژە کورد و دژە مرۆڤی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

شیاوی باسە لە کۆتایی ئەو مانگرتنە، ئامادەبووان سەردانی باڵیۆز خانەی ئامریکایان کرد لە شاری هەولێر و، بە دوو زمانی ئینگلیزی و کوردی ڕوو بە بەرپرسانی ئامریکا داوکارییە سینفیەکانی خۆیانیان پێشکەش کرد.

---

## نامەی کچەشەهیدێک



**بێویژدان ئەو دڵەیە کە لەدوای نەمانت ناوەستێ!**

**ژینا ئیبراهیمی**

باوکە گیان باوەڕکردن بە ڕۆیشتنت ئەستەمە، ئاخر هێشتا زوو بوو بۆ ئەوەی کە بڕۆی و لە نێوان ئەو هەموو غەم و پەژارەیەدا تەنیامان بێڵی. دەمهەوێ پێت بڵێم کە نەڕۆی، مەڕۆ چون ئێستاش پێویستیم پێتە، پێویستیم بە ڕێنماییەکانتە، پێویستیم بە گفتوگۆکانی نێوانمانە، ئەو گفتوگۆ باب و کچانەیەی کە تەنیا خۆم و خۆت دەمانزانی و بەس، پێویستیم بە بینینتە، پێویستیم بەبوونت هەیە . تەنیا دەبێ بڵێم سپاس بابە گیان چونکە وەک چۆن لە ژیانتدا جێی سەربەرزی بووی بۆمان، بە ڕۆیشتنەکەشت شانازیت بۆ جێهێشتین، سپاس گەورەترین پاڵپشتی هەمیشەیی ژیانم، لەدوای ڕۆیشتنت هەر هەوڵێک کە دەیدەم بۆ سەرکەوتن، بەڵێن بێ لە پێناوی وەدیهێنانی ویست و ئاواتی تۆدا دەیدەم

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر
# ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان




**ساڵی ١٩٦١ی زایینی و لە رۆژی ٢٥ی نوامبردا سێ خوشک بە نازناوی بنەماڵەیی "میرابال" لە کۆماری دومینیکەن بە تاوانی چالاکیی سیاسی بە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئەو وڵاتە پاش چەند مانگ راگیران و ئەشکەنجە لە زیندان کوژران.**

٣٨ ساڵ دواتر و لە ساڵی ١٩٩٩ ئەو رۆژە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە رۆژی جیهانیی بەرەنگاری توندوتیژی دژی ژنان ناسرا . لەو کاتەوە هەموو ساڵی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کۆمەڵێک چالاکی بۆ وریاکردنەوەی کۆمەڵگا و پێشگرتن و نەهێشتنی تاوان و توندوتیژی دژی ژنان بەڕێوە دەچن. ئەگەرچی دیاردەی تاوان و توندوتیژی بە دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانیە و رۆژانە کۆمەڵێک لە کچان و ژنان لە سەرانسەری جیهان دەبنە قوربانی ئەو دیاردەیە بەڵام بەداخەوە ئەو ڕێژەیە لە وڵاتانی دواکەوتوودا زۆر زیاترە. لەو نێوەدا وڵاتی ئێران و کوردستانی بندەستی ئێران لە سایەی دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامیەوە پشکی شێری وەبەر دەکەوێ و لە زومرەی ئەو وڵاتانەیە کە هێشتا یاساکانی لە یاسای سەدەکانی ناوەڕاست دەچن و ژنان لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێ بەشن و ڕێگە بۆ پێشێل کردنی مافەکانیان خۆش کراوە. ژنان لەم وڵاتەدا هیچ پاڵپشتێکی یاساییان نیە و ڕێگا بە کەمترین چالاکی ئەوان چ لە بواری سیاسی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەوە نادرێ. تەنانەت هەتا ئێستاش ڕێگای چوونە یاریگا وەرزشیەکانیان پێ نادرێ. جگە لە دەسەڵاتی رەش و یاسا دواکەوتوەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر جاریش دابونەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگا هێندەی دیکە مەیدانی بەشداری و چالاکیەکانی ژنان لە کۆمەڵگادا بەرتەسکتر دەکەنەوە کە بەداخەوە زۆر جار ژنان و کچان لە لایەن کۆمەڵگا و بنەماڵەکانیانەوە تووشی کێشە و ئاستەنگ دەبنەوە. لە کوردستان لە گەڵ هەموو ئەو گیروگرفتانەی کە لە سەراسەری ئێراندا بە تایبەت لە بواری یاساییەوە بۆ ژنان لە ئارادایە بەڵام ژنانی چالاکی کۆمەڵگا لە هەوڵدان بۆ پێشوەچوونی کۆمەڵگای کوردەواری شان بە شانی پیاوان لە ریزی پێشەوەن کە جێگای دڵخۆشی و ئافەرین پێ وتنە. لە گەڵ هەموو ئەوانەدا بە داخەوە زۆر جاریش لە کوردستان ڕووداوی دڵتەزێنی وا روو دەدا کە جیا لە بەپرسیار نەبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ رەخنە لە فەرهەنگ و دابونەریتە دواکەوتوەکانی کۆمەڵگای خۆمان بگرین و بە هەموو لایەکمان هەوڵ بۆ کەمرەنگ کردنەوە و لە کۆتاییدا نەهێشتنی ئەو دابونەریتە دواکەوتووانە بدەین. بە داخەوە زۆر جار کێشە خێزانیەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە ژنان و کچانی وڵاتەکەمان پەنا بۆ خۆکوشتن ببەن کە ئەوە بۆ خۆی سەرەتای زۆر کارەساتی دیکەی کۆمەڵایەتییە کە پێویستیە دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەو بارەوە کار بۆ وشیارکردنەوە و بردنە سەری ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگاکەمان بدەن. هاونیشتمانیانی بەڕێز و ژنانی خەباتکار ئێمە ئەو ساڵ لە کاتێکدا یادی ٢٥ی نوامبر دەکەینەوە کە رۆژی ١٧ی خەرمانانی ئەو ساڵ لە ئاکامی پەلاماری تیرۆریستانەی مووشەکبارانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دیموکرات بە داخەوە سکرتێری ڕێکخراوەکەمان هاورێ سوهەیلا قادری و ژنە تێکۆشەری کورد هاورێ نەسرین حەدداد کە هەردووکیان هاوکات ئەندامی رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون شەهید بوون، ئێمە وێڕای یادکردنەوە و ناردنی سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەو دوو ژنە تێکۆشەرە داوا لە ژنان و کچانی وڵاتەکەمان دەکەین کە ڕێگا و ڕێبازی ئەو دوو شەهیدە بکەنە سەرمەشقی تێکۆشانە سیاسی و مەدەنیەکانیان و چ لە سەنگەری خەبات بۆ نەهێشتنی تاوان بە دژی ژنان و چ لە ئاستێکی گەورەتردا بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی گەلەکەمان لە چنگ دەسەڵاتدارانی تاران درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بدەن. بە هیوای کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەختەوەر

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٣ی سەرماوەزی ١٣٩٧**
**٢٥ ی نوامبری٢٠١٨**

## ناهید حسینی:

# از دست دادن دو زن مبارز کرد برای من شوک‌آور بود



مصاحبه: مینا سلطانزاده

**با توجه به اینکه شما هم فعال سیاسی و هم در حوزه‌ی دفاع از حقوق زنان فعال هستید لطفا بگویید شهادت و مجروح شدن عده‌ی زیادی از زنان کورد بر اثر حملات موشکی جمهوری اسلامی ایران از نظر سیاسی و اجتماعی چه بازتابی بر ملت کورد و جامعه‌ی ایران گذاشته–است و یا خواهد گذاشت؟**

بطور کلی میتوانم بگویم این حمله غیرانسانی کاملا محکوم است، تعداد قابل توجهی از کادرها و اعضای حزب دموکرات کردستان از جمله زنان هدف حمله قرار گرفته که منجر به شهادت و یا زخمی شدن تعدادی زیادی از آنان شد. این حملات برای من به شدت شوک آور بود، بخصوص ازدست دادن دو زن مبارز حزب، خانم نسرین حداد و خانم سهیلا قادری بسیار دردناک بود. هر دوی آنها فعال حقوق زنان بوده و تلاششان در جهت بهترکردن زندگی زنان کردستان قابل توجه بود، این واقعه ضایعه سنگینی برای جامعه کورد و همینطور برای بسیاری ازآزادیخواهان کشور بود، تقریبا همه احزاب اپوزیسیون این حملات و همینطور اعدام سه جوان بیگناه کوردرا محکوم کردند. در شرایطی که جامعه کورد نیاز به فرهنگسازی در جهت رفع تبعیض دوگانه (ستم ملی و ستم جنسیتی) از حقوق زنان دارد، ازدستادن این عزیزان دردناک بود.

**علیرغم تمامی هزینه‌هایی که جنبش کورد متحمل شده‌است آیا می‌توان گفت که درک درستی از حقوق و خواست‌های ملت کورد در میان سایر ملت‌های ایران وجود دارد؟**

قاطعانه جواب خیر میدهم، هنوز مردم ایران آنطور که باید و شاید به خواسته‌های مردم کورد آشنا نشده‌اند و واقعا نمیدانند آنها چی می خواهند. یک بخش شاید به دلیل تبلیغات دروغین رژیم باشد، بخشی هم شاید به دلیل افکار ایرانگرای افراطی باشد و بخشی هم به این دلیل که شاید احزاب کورد نتوانسته‌اند اهداف خودرا بروشنی برای مردم ایران توضیح بدهند، گرچه معتقد هستم روندی که طی شده، مثبت بوده ولی کافی نبوده‌است.

. اعتصاب سراسری شهرهای کوردستان ایران پس از حملات موشکی جمهوری اسلامی و واکنش مردم نسبت به اعدام زندانیان سیاسی کورد تا چه حد می‌تواند در جهت مهار اقدامات آینده‌ی رژیم ایران مؤثر واقع شود؟

بنظر من اعتصاب سراسری کردستان موفق بود، اولا همبستگی مردم کردستان را نشان میداد، دوما، مشخص کرد که احزاب کورد دارای نفوذ در منطقه خود هستند، سوما، درد عمیق مردم را نشان داد که چگونه همه در یک سکوت پرمعنی، خانه‌هایشان را ترک نکردند و بازاررا که محل تردد و زندگی و کاراست بسته نگه داشتند و چهارم اینکه این اعتصابات پیام عمیق و روشنی برای رژیم داشت مبنی بر ابراز علاقه مردم کورد به پیگیری مطالباتشان از طریق مسالمت آمیز و اینکه آنها طرفدار جنگ نیستند و میخواهند از طریق مبارزه مدنی برای رسیدن به خواسته‌های خود مبارزه کنند. بنظر من این گونه روشهای مبارزه باید عمومیتر شود، گرچه مردم سایر شهرها از این حرکت پشتیبانی فعال نکردند. شاید بهتر است اگر بار دیگر نیاز به یک حرکت سیاسی و اجتماعی در کردستان باشد، از بقیه مردم نیز خواسته شود که برای همراهی با مردم کردستان، آنها نیز دست به حرکتی بزنند، مثلا شاید میشد از مردم تقاضا کرد با داشتن نواری سیاهرنگ، اعتراض خودرا به اعدام جوانان کورد نشان دهند. احزاب کورد باید رابطه نزدیکتری با دیگر احزاب و محافل اپوزیسیون کشور ایجاد کنند، بنظر من تجربه مبارزات کوردها در تغییر جامعه ایران میتواند بسیار مؤثر باشد، و فکر میکنم رژیم جمهوری اسلامی این را بخوبی درک کرده‌است.

**وجود اتحادیه زنان حزب دمکرات که یکی از نخستین نهادهای مدنی دفاع از حقوق زنان است و از سال ۱۳۲۴ تا کنون فعالیت می‌کند و همچنین حضور پیشمرگه‌های زن در میان فعالان سیاسی کورد تا چه حد توانسته‌است چهره‌ای مدنی از ملت کورد و جنبش آن به غیرکوردها نشان دهد؟**

بنظرم در اینکه وضعیت زنان کورد اندکی متفاوتتر است، نباید شک کرد، بخصوص در طول چهار دهه گذشته، زنان کورد در مبارزه‌ای پیگیر با استبداد و تبعیضات رژیم حاکم بوده‌اند، وخیلی از آنها تجربه و سابقه فعالیت سازمان‌یافته داشته‌اند، وقتی پیشمرگه زن در کنار پیشمرگه مرد قرار میگیرد، مبارزات زنان پیشمرگه سوریه در جنگ با داعش را یادآوری میکند. باید پرسید؛ چگونه است که زنان پیشمرگه کورد در سوریه، قهرمانان جنگ با داعش در سراسر دنیا معرفی میشوند ولی وقتی نوبت به زنان پیشمرگه کردستان ایران میرسد، آنهارا در کنار تروریستها قرار میدهند؟ البته باید بگویم من بطور کلی با جنگ و خونریزی مخالف هستم و بخصوص برای ایجاد تغییرات اجتماعی، راههای مسالمت آمیزرا ترجیح میدهم ولی دفاع از خود در برابرجنایات برنامه‌ریزی شده دولتی نیز یک حق شناخته‌شده بین‌المللیست.

چنین فکر میکنم روند مبارزات مرم کردستان از توسل به اسلحه در جهت رسیدن به خواسته‌هایشان به سمت مبارزه مدنی سیر کرده، مثلا اعتراضات مردم مریوان میتواند نمونه خوبی برای این ادعا باشد، حفظ محیط زیست و داشتن افرادی مثل شریف باجور، چهره صلحدوست و متمدنانه اورا سراسری کرد و تقریبا تمام رسانه‌های ایرانی از او به عنوان فعال محیط زیست یاد کردند و یا حرکت دستجمعی زنان مریوان در دوچرخه‌سواری در اعتراض به ممنوع کردن آن و یا شرکت گسترده زنان در اعتراضات بر علیه بیکاری. اما واقعیت اینست که هنوز برای رسیدن به یک جامعه مدنی قوی در کردستان نیاز به کار بیشتری هست. اینجا جا دارد از نسرین حداد یاد بکنم، او زنی بسیار مسئول و مهربان و فداکار بود، یکی از ویژگی های او همزیستی و همراهی با افراد غیر همنظرش بود، او از دو شقه شدن حزب

دمکرات راضی بود و برای جامعه کردستان ایران، داشتن یک حزب دموکرات قوی و متحدرا ضروری میدانست، نسرین منتقد مردان در قدرت بود که منافع فردی را به منافع حزبی و مردمی ترجیح میدهند. شاید میتوان گفت آرزویش یک-پارچه‌شدن دوباره دو حزب دموکرات بود که میتوانم بگویم کاملا با نظر من هم همخوانی داشت، ما زنان آینده خوبی را برای همه میخواهیم. انشعابات گرچه میتواند برای کوتاه مدت، موجب چالشهای نظری نیز بشود و به رشد فکری و نظری اعضا کمک کند ولی در طولانی مدت، هم موجب پراکندگی و تشتت در درون احزاب میشود و هم تأثیرات منفی بر روح و روان مردم عادی دارد و اینکه راه را برای ایجاد تفرقه از طرف دشمن مشترک فراهم میکند.

**اشخاص و نهادهای کورد و غیرکورد که در حوزه‌ی دفاع از حقوق زنان فعالیت می‌کنند تا کنون چه اقداماتی در جهت دفاع از حقوق کسانی که طی حملات موشکی جمهوری اسلامی به شهادت رسیده‌اند و یا مجروح شده‌اند انجام داده‌اند؟ آیا شما این اقدامات را کافی می‌دانید؟**

نسرین حداد و سهیلا قادری دو تن از زنانی بودند که هر یک به مدت چندین سال سمت دبیرکلی اتحادیه زنان شرق کوردستان را داشتند و سال‌ها به عنوان اعضای رهبری حزب دمکرات فعالیت کردند. برای من به عنوان یک فعال حقوق زنان شهادت آنان بسیار دردآور بود، اما باید بگویم حمله جمهوری اسلامی یک حمله کلی برای نابودی رهبری حزب دموکرات کردستان بود، در نتیجه تعداد زیادی از اعضا و کادرهای حزب نیز کشته شدند و دیگر نمیتوان زنان را از آنها جدا کرد، اغلب احزاب و محافل اپوزیسیون ایرانی هم این حملات را محکوم کردند، در شهرهای اروپایی کورد و غیر کورد در کنار هم در جلو سفارتخانه‌ها به این مسأله اعتراض کردند، و علاوه بر آن اعتراض جامعه جهانی هم کم نبود، اما این اقدامات کافی نبود، بخصوص جمهوری اسلامی از خاک خود به کشور دیگری حمله کرد، شاید اینجا جا دارد که به حکومت اقلیم کردستان نیز انتقاد کرد، بنظر من برخوردشان در این مورد ضعیف بود. و شاید علت آن نیز حضور و نفوذ قابل توجه عوامل وابسته به جمهوری اسلامی در محافل حکومتی منطقه کردستان عراق باشد.

# the headquarters ,2018 September 8 ,In Sunday of the Democratic Party of Iranian Kurdistan




PDK-I) were bombed by the) Iranian regime. This episode is a continuation of the systemic abuse of human rights carried out against the oppressed In the .١٩٧٩ Kurdish people since consequence of this brutal attacks members of our ١٤ we have lost party, among them were Soheila Qaderi and Nasrin Haddad, two brave and intelligent women who dedicated their entire lives to Kurdistan, struggle for freedom and struggle for women's rights in Kurdistan generally and Rohjelat .particularly

Soheila Qadri was the member of the central committee of KDP-I and general secretary of the women's union, she was also anchor for Kurdchannel. She has always played a fundamental, crucial and representative role in the history of the union both as a general secretary and in earlier stages of her membership in the union. She always emphasized on the importance of women's existence in the different aspects of life, especially in politics as she believed that women can make great changes when they have the power of determination. She believed strongly and was able to implement those believes in her personal life as well. During her life time she dreamed and fought for equality for Kurdish women, and that every women in our patriarchal society would be able to be strong enough to chase their dreams and would have the freedom of choice in all aspects of life. She was a women, a leader, a wife, and a mother whose name would be proudly kept in the history of our nation and in the history of Kurdish women's struggle for .freedom

We as the members of the Kurdistan Democratic Women Union send our condolences to all the women right defenders in Kurdistan and declare that we will continue struggling for women rights in Rojhalat with all .our power like our martyrs did

# دانانی تاجەگوڵینە لەسەر گلکۆی
# شەهیدانی قەڵای دێموکرت



دەستەی بەڕێوەبەری و ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دوای هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان وێڕای بنەماڵەی شەهیدان سەردانی مەزارگەی شەهیدانیان کرد و تاجەگوڵینەیان لەسەر گڵکۆی پیرۆزیان دانا و پەیمانی وەفا و بەڵێنیان تا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی سەرجەم شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە.

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی خاتوو مریەم قازی چیرۆکنووس و ڕەخنەگر و چالاکی بواری مافەکانی ژنان، لە شاری مەهاباد



خاتوو مریەم قازی یەکێک لە ژنە قەڵەمبەدەستەکانی بنەماڵەی قازی ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی خەزەڵوەر لە شاری مەهەباد بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.
خاتوو مریەم ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بووە و هەر لە قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنەوە هۆگری نوسین بووە و خاوەنی چەندین بەرهەم بە ناوەکانی: پەرژین، هاتنە ژوورەوە قەدەغەیە، زیندە بە گۆڕ"ە کە ڕۆمانێکی دیکەشی بە ناوی ژیانم خۆش دەویێ"ی لە ژێر چاپ دایە.
ئەم خاتوونە زۆربەی چیرۆکانی لە گۆڤاری "سروە"و "مهاباد" بڵاو کردۆتەوە بە ڕەزامەندی خۆشی چەند بابەتی لە گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بڵاو بۆتەوە.
خاتوو مریەم قازی جگە لەوەی لە بواری فەرهەنگی و ئەدەبیدا چالاک بوو، یەکێک لە ژنانی هەڵسووڕی کۆمەڵگەی کوردستان بوو کە لە بواری مافەکانی ژنانیش خزمەتی دەکرد.
ڕاگەیاندنی یەکییەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی داویی خاتوو مریەم قازی، پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی و کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەکا و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێ.

# یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە شارەکانی ئێران بەرز ڕاگیرا




### لە درێژە کاروچالاکی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەمجارە لە شاری بۆکان یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بەرز ڕاگیرا. ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ورودی شاری بۆکان و داوێنی کێوەرەش بە هەڵگرتنی وێنەی شەهیدان سۆهیلا قادری و نەسرین حەداد و گوتنەی سرودی شۆرشگێرانە پەیمانی وەفایان لەگەڵ شەهیدان نوێ کردەوە ژنان لە ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە مەڕ هەموو ڕووداوەکان هەڵوێستیان هەبووە و لە ریزی پێشەوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتییە خەڵکییەکان بوون و ئەوانیش چیتر بە نیسبەت زوڵم و زۆر و ناحەقەییەکانی لە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەرامبەریان دەکرێ بێ تەفاوت نین.سڵاو لە بوێری و خۆراگری ژنانی رۆژهەڵات.
بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەست خۆشی لە ئەندامانی خۆی
لە ناوخۆی رۆژهەڵات بە تایبەت شاری بۆکان دەکا و سڵاویان بۆ دەنێرێ.



### ژنانی کورد لە تارانی پایەتەختی کۆماری سێدارە
### یادی شەهیدانی سەرکردەیان بەرز ڕاگرت

دوابەوای هێرشی ئاسمانی و موشەکبارانی بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کە بووە هۆی شەهید و بریندار بوونی دەیان کادرو پێشمەرگە کە لە نێویاندا دوو سەرکردەی ژن، شەهید سۆهیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و شەهید نەسرین حەداد سکرتێری پێشووی ئەو رێکخراوەیە و لە هەمان کات دا ئەندامی ریبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێنی پاکیان تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان بوو. ئەمرۆ ژنانی ئازا و چاونەترسی کورد لە جەرگەی شاری تارانی پایەتەختی ئێران یادی ئەو شەهیدانەیان بەرز راگرت و ئەو پەیامەیان بە کۆماری ئیسلامی دا کە تێرۆر و موشک و تەقینەوە نامانوستێێ و ریشەی ئەو بزوتنەوەیە لە ناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دایەو ژنانیش ئێتر فاکتەرێکی گرینگی ئەو بزوتنەوەیەن. سەری کرنۆش بۆ شەهیدانی سوورخەلاتی رێگای رزگاری کوردستان بە تایبەتی ژنانی رێبەر شەهید نەسرین حەدادو شەهید سۆهیلا قادری و سلاو لە خۆراگری ژنانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.
بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دست خۆشیان لێی دەکا و سڵاویان بۆ دەنێرێ.




### وەفاداری و خۆشەویستی کچان و ژنانی پاوە بۆ دوو شەهیدی رێبەرمان شەهید سوهەیلا قادری و شەهید نەسرین حەداد

لە پاوە کچان و ژنان بە نووسینی تراکت و نووسراوە و بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدان سوهەیلا قادری و نەسرین حەداد پەیمانی وەفاداری خۆین لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە تایبەت یەکیەتیی ژنان و ئەو دوو خاتوونە شەهیدە نوێ کردەوە و سەلماندیان لە شوێنێکی ئەم کوردستانە بن قوتابی بە ئەمەگی رێبەرابی شەهیدمانن. بە پشتیوانی ژنان و کچانی ڕۆژهەڵات خەبات و تێکۆشانی ئێمە بەردەوامە....

# کۆڕیادی بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان/ نۆروێژ





کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکێتی ژنان لە وڵاتی نۆروێژ ڕۆژی یەکشەممەی ٢٣ی دێسامبەر، کۆڕیادێکی بۆ بەرزراگرتنی یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان (شەهیدانی موشەکبارانی قەڵای دێموکرات) پێک هێنا.

مەبەست لە ڕێکخستنی ئەم کۆڕیادە، پشتیوانی و هاوسۆزی دەربرینی دووبارەی ئەندامانی یەکێتی ژنان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان و بەرزراگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی نەمری ١٧ی خەرمانانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

سەرەتای کۆڕیادەکە بە چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. دواتر لە لایەن بەڕێوەبەری ڕێورەسمەکە، بەخێرهاتنی گەرمی بەشداربووان بە گشتی و بنەماڵەی شەهیدان بەتایبەتی کرا.

دواتر خاتوو" کوێستان گادانی" چەند گوتەیەکی لە سەر شەهیدان و بنەمالەکانیان پێشکەش کرد. ناوبراو لە نێوەرۆکی قسەکانی دا گوتی: "بێگومان مەبەستی خەبات بە گژداچوونەوەی زاڵم و داگیرکارە. لە وڵاتانی دیکتاتوردا کە ئازادیخوازان ڕێگای شۆرش هەڵدەبژێرن، بە داگیرکەر دەڵێن کە ئێمە دژی ئەو سیاسەتەین لە لایەک، لەلایەکیش خۆیان لە ڕیزی ئەوخەڵکە جیا دەکەنەوە کە مل بۆ چەوسانەوە دەدەن. دیارە لێرەدا دەبنە دوژمنی سەرەکی دەستەڵات و زۆر ئاساییە کە لەو حالەتەدا داگیرکەر بە چاوی دوژمنی راستەقینەی دەستەڵات لێیان بڕوانێت و بە هەموو شێوەیەک دەفکری لادان یا لەناوبردنی ئەو کەسانە دابێ".

کوێستان گادانی لەو بەشەی گوتەکەیدا گوتی: زۆرنین ئەوانەی کە ڕێگای خەبات و تێکۆشان هەڵدەبژێرن.

هەر بەو پێیەش لە دەست دانی ئەوانە و نەمانیان لە ڕیزی خەبات و بەرەنگاری دا، جا چ دەست هەڵگرن لە خەبات، چ بریندار و کەم ئەندام بن یا لە حالەتی شەهید بوونیان دا ، خەسارێکی قەرەبوو نەکراوە. ئەو کەسانە بە شەهید بونیشیان شوێن دانەر دەبن لە نێو کۆمەلانی خەڵک و بە تایبەت نەوێ نوێ دا. لە هەمان کاتدا پەروەردەکردن، ڕاهێنانی کادر و پێشمەرگەیەک بۆ ئەوەی جێگای جیلی پێشووی خۆی بگریتەوە کە بەشی زۆری تەمەنی خەباتی کردووە و ئەزمونی دەیان ساڵەی هەیە، کارێکی ئاسان نیە و قەرەبوو کردنەوەی ئەستەمە.

لە درێژەی گوتەکانیدا گادانی ئاماژەیبەوەدا کە رابردوو، خەبات و فیداکاریان وادەکا کە ئەو کەسانە ببنە خۆشەویستترین و ئازیزترین ڕۆڵەکانی میللەتەکەیان. بۆیە ئاساییە کە هەمووومان خۆشمان بوێن و سۆزمان بۆیان هەبێ و کارەکەیان بەرز بنرخێنین. بە واتایەکی دیکە ببنە موڵکی هەموو کەس نەک ئی تەنیا بنەماڵەکەیان.

لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا خاتوو کوێستان گوتی: با ڕێگای خەباتیان درێژە بدەین، ئامانجە بەرزەکانیان هەروا بەرز بنرخێنین و تێبکۆشین بۆ بە ئامانج گەیشتنی ئاواتەکانیان. ئەوە باشترین شێوەی وەفاداری و خۆشەویستی شەهیدانە. کەواتە ورە بەرزی و خۆراگری، بەدەوام بوون لە سەر ڕێگا و ڕێبازی ئەوان و ئەمەگناسی، باشترین پاداشتە بۆ شەهیدانی ڕێگای رزگاری نەتەوەیی شەهیدانی یەڵدا و خەرمانانی قەلای دێموکرات و هەموو شەهیدانی حیزبی دێموکرات.

لە بەشی دواتری بەرنامەکە دا خوشکە حەلیمە ئیسماعیلی، بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای دەست خۆشی کردن لە یەکێتی ژنان، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و لە توێی قسەکانی دا گوتی: "پێویستە بنەماڵەی شەهیدان شێلگیرتر لە جاران بەردەوام بن لە سەر ڕێبازی شەهیدان و ئەم ڕووداوانە بە چۆکیان دا نەهێنێ".

هەر لە درێژەی بەرنامەکانی ئەم شەوە کۆڕیادە بۆ شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، خاتوو فۆزیە گادانی و خاتوو نەمام زەرینفەم لە لایەن کۆمیتەی یەکێتی ژنانەوە چەند دیاریەکیان پێشکەشی بنەمالەی شەهیدان کرد.

لە دوایین بەشی ڕێوڕەسمەکە دا خاتوو "جەمیلە قادری" بە نوێنەرایەتی بنەمالەی شەهیدان، سوپاسی کۆمیتەی یەکێتی ژنان و بە گشتی خەڵکی کوردستانی کرد کە لەو ماوەیەدا هاوکات لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان شانیان وەبەر ئەو خەمە قورسە داوە. هەروەها گوتی: شەهیدان تا کاتێک شەهید نەبووبوون، موڵکی بنەماڵەکانیان بوون، بەڵام ئێستا شەهیدان ملکی گەلی کوردن. جەمیلە خانم لە دوا بەشی قسەکانیدا دووپاتی کردەوە کە ئێمە وەک بنەماڵەی شەهیدان سەربەرزین و زۆر بە ورەتر لە جاران لە خەبات بەردەوام دەبین.

بە گوتەی نوێنەری بنەماڵەی شەهیدان کۆتایی بە کۆڕیادی بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان هات.

٢٠١٨,١٢,٢٣

کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان/ نۆروێژ

# پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
# بە بۆنەی بەخشینی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بە کچە کوردی ئێزەدی، خاتوو نادیا موراد



بە خۆشحاڵییەوە ئەمڕۆ، ڕێکەوتی ٥ی ئۆکتۆبر، لە وڵاتی نۆرویژ، نادیا موراد، کچە کوردی ئێزەدی بە هاوبەشی لەگەڵ دوکتور دێنیس موکویگی خەڵکی کۆنگۆ، بوونە براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١٨ی زایینی. کومیتەی نۆبێل لە توێتێکدا نووسی: ئەم خەڵاتە لەبەر هەوڵەکانیان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی جنسیی دژ بە ژنان، بە نادیا موراد و دێنیس موکویگی بەخشرا. نادیا موراد چالاکی مافی ژنانی ئێزەدییە کە لە ساڵی ٢٠١٤ی زایینی لەلایەن داعشەوە ڕفێندرا و وەک کۆیلەی جنسی کەڵکی لێوەرگیرا. نادیا دوای هەڵاتنی لە دەستی داعش بوو بە دەنگی مەزلوومییەتی هەزاران ژنی ئێزەدی کە لەلایەن داعشەوە ڕفێندرابوون؛ بوو بە هاواری هەموو ئەو ژنانەی دەستدرێژی و توندوتیژیی جنسییان بەرامبەر دەکرێ؛ بوو بە نوێنەری هەموو ژنانی مافپێشێلکراو لە سەرانسەری جیهاندا؛ بۆیە وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لەلایەن ناوبراوەوە، ڕووداوێکی پیرۆز و جێی خۆشحاڵییە بۆ ژنانی ئێزەدی و کورد و بەگشتی هەموو خەباتکارانی ژنانی چەوساوەی جیهان.
نادیا موراد پێشتریش وەک پێزانینێک بۆ ئەو ئازار و نەهامەتییانەی بەسەری هاتوون و هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی بێوچانی لەدژی چەوسانەوە و توندوتیژیی جنسیی ژنان، خەڵاتی واتسلاو هاڤێلی پێبەخشراوە، هەروەها وەک باڵوێزی نیازپاکیی نەتەوەیەکگرتووەکان و، ساڵی ٢٠١٦ش وەک کاندیدی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دیاریکرابوو، کە بەخۆشیەوە ئەمساڵ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١٨ی وەرگرت.
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە خاتوو نادیا موراد دەکا و هیواخوازە کە ئەم خەڵاتە ببێتە گوڕوتینێکی زیاتر لە خەباتی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و هاندەرێک بێ بۆ بەربەرەکانیی دژی توندوتیژی و کۆیلەیی جنسیی ژنان.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ی زایینی**

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی چلەی ماتەمینی بۆ شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە لایەن کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دانمارک



دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی، کۆمیتەی دانمارکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاریی کۆمیتەی حیزب لەم وڵاتە، ڕێورەسمێکی ماتەمینی بە بۆنەی چلەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بەڕێوە برد. سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب بە هاوڕێیەتیی خاتوو رووبار دەستی پێ کرد و بۆ ڕێز گرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدان لە لایەن سەحەر بەرکەند بەڕێوەبەری ڕێورەسمەکە خولەکێک بێ دەنگی ڕاگەیەندرا. برگەی یەکەمی بەرنامەکان بۆ پەیامی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە دانمارک تەرخان کرابوو کە لە لایەن شاناز کاکەئازەر پێشکەش کرا. دوا بە دوای ئەوە پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کاک خالید ڕەواندووست بەرپرسی ئەم کۆمیتەیە خوێندرایەوە.. لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا دوو خاتوونی تێکۆشەری یەکیەتیی ژنان و حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێزان خەیاڵ قادری و ئەستی موتەفەقی ئەدیب، بە نیشانەی ڕێز و وەفا بۆ شەهیدانی ١٧ی خەرمانان کۆمەڵە مۆمێکیان داگیرساند و تاجە گوڵینەی سەروەریان لە بەر دەم وێنەی سەرکردە شەهیدەکانی یەکیەتیی ژنان دانا، پاشان خاتوو خەیاڵ قادری بە کورتە وتەیەک هەست و سۆزی خۆی دەربڕی و پێداگریی لە سەر بەردەوام بوونی ڕێبازی پیرۆزی شەهیدان کردەوە. چەند لایەنی کوردستانی بۆ ئەم بۆنەیە برووسکەی هاوخەمییان ناردبوو کە بریتی بوون لە: کۆمەڵەی کوردی سووری، ژنانی پارتی دێموکراتی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.
ناوئاخنی ڕێورەسمەکە بە کۆمەڵە شێعر و پەخشانێک ڕازێندرابۆوە کە لە لایەن ئەحمەد ڕەحمانی، خاتوو نیشتمان، سروە فەتاحی و ڕەشید قازی پێشکەش کران. هەروەها دوو هونەرمەندی خاوەن هەست کاک گۆران« کوڕی نەمر مامۆستا ئیبراهیم خەیات» و خاتوو رووبار بە پێشکەش کردنی دوو سروود«ئەی شەهیدان و هەڤاڵی پێشمەرگە» گوڕو تینێکی تایبەتیان بە کۆڕەکە بەخشی.

# ئێمە هەڵگری زامی قورسین

لە دوای کارەساتی ناخهەژێنی ١٧ی خەرمانان کەسانێک بوون کە پێشمەرگەئاسا و لەخۆبردوو شانبەشانی خوشک و برا پێشمەرگەکانیان هەستان بە چاککردنەوە و نوێژێنکردنەوەی قەڵا زامدارەکەیان، ئەوان بریتی بوون لە ئەندامانی حیزب، ژنان و لاوان کە چەند ڕۆژ دوای کارەساتەکە هەر یەکەی بەشێوەیەک لە پاککردنەوەی قەڵا لە ئاسەواری موشەک و مووشەکبارانەوە بگرە تا شۆردنی ڕاخەری ژوورەکانی قەڵا و... هتد لە هیچ کارێک سڵیان نەکرد و هەر دەم هاوکار بوون و سەلماندیان لە هەر کات و ساتێک پشت و پشتیوانی قەڵا و حیزبەکەیانن.

لە نێو ئەواندا دوو خۆشەویستی هونەرمەند "شۆڕش ئاهی و بەیان سوهرابی" بەدی دەکرێ کە لەخۆبردووانە و دەروەستانە لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە هاتنە قەڵا و بە هونەرەکەیان دەستیان کرد بە لە ناو بردنی ئاسەواری مووشەکباران، ئەوان بە کێشانی پەپوولە لە سەر دیواری قەڵا و برینپێچکردنی دارەکان و کەڵک وەرگرتن لە ئاسەواری مووشەک بە جێی کتێبخانە زامدارەکەی دێموکرات دەستیان بە کار کرد و ئەمجار دەستیان کرد بە کێشانی تابلۆی پێشمەرگە لە سەر دیوارەکانی قەڵا و یەک لەو کارانەیان کێشانی تابلۆیەک لە شەهیدان سۆهەیلا قادری و نەسرین حەداد وەک دوو ژنە پێشەنگ لە خەباتی حیزب و ژنان لە سەر یەک لەو دیوارانەی کە بە تیکەی مووشەک زامدار ببوو بوو. یەکی دیکە لە کارەکانیان درووست کردنی پەیکەرەتابلۆیەک لەو دوو خاتوونە واڵامەقامە واتە شەهیدان سۆهەیلا قادری و نەسرین حەداد بوو کە لە ڕۆژی چلەی شەهیدان بە دەستی کاک مستەفا حەکیمزادە خزمی نیزیکی مامۆستا نەسرین حەداد و کاک مەنسوور خوسرەوی هاوژینی خاتوو سوهەیلا قادری پەردەی لەسەر لادرا و کەوتە بەر دیدی ئامادەبوانی ڕێوڕەسمەکە.

## دوو تابلۆ لە شاکارەکانی شۆڕش ئاهی





## پاککردنەوەی ئاسەواری مووشەکباران لە قەڵا





## تابلۆیەک لە هونەرەکانی شۆڕش ئاهی و بەیا ن سوهرابی









# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan

No: 48 Date: January 2019



زامی ئێوە، ورە و باوەڕی هەستانەوەمانە

